IX

٩نیشانەکان بنیادنانی کڵێسای تەندروست

Am I Really a Christian



# ئایا بەڕاستی من باوەڕدارم بە مەسیح؟

پێداچوونەوەی کریک کامیرۆن

مایک ماکینلی

# ئایا بەڕاستی من باوەڕدارم بە مەسیح؟

مایک ماکینلی

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

Originally published in English under the title
Am I Really a Christian
by
Crossway
9Marks ISBN: 978-1-951474-57-7
Copyright 2011 by Mike McKinley

All rights reserved

- ناوی کتێب: ئایا بەڕاستی من باوەڕدارم بە مەسیح؟
- نووسەر: مایک ماکینلی
- وەرگێڕانی: ئەندازیار سروش eng.srush@gmail.com
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٠
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

«ئـەم پەرتووکـە گرنگییەکـی یەکجـار زۆری هەیـە بـۆ بـاوەڕداران، چونکـە وەڵامـی زۆربـەی ئـەو پرسـیارانە دەداتـەوە کـە بـاوەڕدار بـۆی دروسـت دەبێـت و پرسـیاری لەبـارەوە دەکات، زۆر سوپاسـی بەڕێـز (مکینلـی) دەکـەم کـە یارمەتییەکـی یەکجـار زۆری داوم و هاندەرێکـی باشـم بـووە بـۆ تەواوکردنـی کارەکـەم.»
ئەلبێرت مۆهلەر، بەڕێوەبەری زانکۆی لەئاوهەڵکێشانی باشوور

«بەسـادەیی، بـە ئاسـانی، ڕاسـتەوخۆ و ڕاسـتگۆیانە هەرکەسـێک پرسـیاری هەبـوو یـان گومانـی لـە باوەڕەکـەی هەبـوو ئـەوا داوای لـێ بکـە ئـەم پەرتووکـە بخوێنێتـەوە.»
دەیڤ هارڤی، چاودێر و خزمەتکاری کڵێسا و نووسەر.

«مایـک حـەزدەکات دەربـارەی ژیـان و هەسـت و سـۆز و خۆشەویسـتی گفتوگۆبـکات، ڕۆژانـە کاتێکـی زۆر تەرخـان دەکات بـۆ خوێندنـەوە و گـەڕان بـەدوای وەڵامەکانـی خۆیـدا، ئـەوەش سـوودی زۆری بـۆ مـن هەیـە تاکـو زیاتـر تێبگـەم و شـتەکان ڕوونـتر ببینـم.»
جاکسـن کـروم، سـەرۆکی دەسـتەی قەشـە و ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی کڵێسـا، (شـیکاگۆ، ئیلینیـۆ)

«چـی شـتێکی گرنگـتر هەیـە لـە دڵنیابوونـەوە لـە بـاوەڕی خۆمـان؟ هەرکەسـە و بـە جۆرێـک ئـەو پرسـیارە لـە خـۆی دەکات، هەرکەسـە و بـە جۆرێـک خـۆی پـێ بـاوەڕدارە و بـە جۆرێـک بیردەکاتـەوە. بۆیـە ڕێـگاکان زۆرن، بـەڵام دەبێـت بزانیـت کام ڕێگایـە ڕێـگا ڕاسـتەقینەکە. دەبێـت خۆمـان تاقیبکەینـەوە و دڵنیاببینـەوە، پشـت بـە کتێبـی پیـرۆز ببەسـتین و باوەڕمـان بـە عیسـای مەسـیح هەبێـت.»
گریج گلبێرت، قەشەی کڵێسای لەئاوهەڵکێشەری، (لوسیڤ لە کینتوکی)

«هیـچ پرسـیارێک لـەم پرسـیارە گرنگـتر نییـە کـە بڵێیـت (ئایا بەڕاسـتی مـن بـاوەڕم بـە مەسـیح هەیـە؟) هەروەهـا (مایـک مکینلـی) یارمەتـی دایـن لـە وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە، بـە نووسـینەکانی وا لـە خوێنـەر و بـاوەڕدارەکان دەکات کـە هەسـت

بە باوەڕی خۆیان بکەن و پرسیاریان لەلادروست بێت. ئەگەر لە باوەڕی خۆت دڵنیانیت یان کەسێک هەیە لە باوەڕەکەی خۆی دڵنیا نەبێت ئەوا ئەو پەرتووکە باشترین وەڵامی پێیە.»
تیم چێستەر، بەڕێوەبەری پەیمانگای (پۆرتێربووک) و نووسەری (دەتوانیت خۆت بگۆڕیت و لەگەڵ عیسا بخۆیت)

«هیچ شتێک لەوە گرنگتر نییە کە بزانی لەگەڵ خودایەکی ڕاستەقینە دایت یان ڕێگایەکی هەڵەت هەڵبژاردووە، دڵنیام هەموو کەسێک بەدوای ژیانێکی هەتاهەتاییدا دەگەڕێت، کەسانێک هەن ڕێگاکەی خۆیان پێ ڕاستە و کەسانێکیش دەیانەوێت لە ڕاستی ڕێگاکەیان دڵنیاببنەوە، بۆیە ئەم پەرتووکە باشترین پەرتووکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو وەڵامە و تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز.»
دۆنالد وتنی، شارەزای کتێبی پیرۆز و ڕاگری قوتابخانە و کۆلێژی یەزدانناسی لەئاوهەڵکێشانی باشوور و نوسەری (چۆن لە باوەڕی خۆم دڵنیابم؟)

**پێشکەشە بە چوار کەس**

ئەوانەی لە ڕێگای خۆیان دەرچوون

بۆ ئەوەی فێرم بکەن کە مەسیحیبوون چییە:

داریل ئۆینز

جاکسۆن کرۆم

مارک دایفەر

وە باوکم

# ناوەڕۆک


| | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی کریک کامیرۆن | ١ |
| پێشەکی: ئایا ئەم پەرتووکە ڕۆحییە؟ | ٣ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: تەنها لەبەر ئەوەی بەخۆت دەڵێیت کە وایت | ٩ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: ئەگەر لەدایک نەبوویبیتەوە | ٢١ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: تەنها لەبەر ئەوەی (مەسیح)ت خۆشدەوێت | ٣٥ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: ئەگەر چێژ لە گوناە وەربگری | ٥٥ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: ئەگەر هەتا کۆتایی بەرگە نەگریت | ٧٢ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: ئەگەر خەڵکی دیکەت خۆشنەوێت | ٩٠ |
| تۆ باوەڕدار نیت بە مەسیح: ئەگەر بەدوای ژیانی خۆت کەوتووی | ١٠٣ |
| ئەگەر من باوەڕدار بم بە مەسیح: خۆم دەتوانم هەستی پێ بکەم؟ | ١١٨ |
| یارمەتییەکی بچووک لە هاوڕێکانتەوە | ١٣٢ |
| سوپاسنامەیەکی تایبەت | ١٤٦ |
| تێبینییەکان | ١٤٧ |

# پێشەکی کریک کامیرۆن

زۆربەمان وابیردەکەینەوە کە کارێکی ئاقڵانەیە ئەگەر پشکنینێکی پزیشکی بکەین، لەڕاستیشدا شتێکی باشە لە تەندروستیمان دڵنیابین،.هەروەها گەر نەخۆشیەکیش هەبێت دەتوانین زوو دیاری بکەین و بە دوای چارەسەردا بگەڕێن و بی دۆزینەوە پێش ئەوەی نەخۆشیەکە لە دەست دەربچێت. هەرچۆنێک بێت، زۆرێک لە ئێمە کە لە سەردەمێکدا دەژین پێی دەگوترێت «مەسیحییە ئەمریکییە مۆدێرنەکان» (لە دوای ئەمانیشەوە) هەریەکێکیشمان بەدوای ئەو بیرۆکەیەوەین کە ژیانمان تاقی بکەینەوە بۆ بینینی کە ئاخۆ خودا تەندروستییەکی باشمان پێ دەدات. بەڵێ، ڕێک پۆڵس هەمان شتی بە کڵێسای کۆرنسۆس گوت:

> خۆتان تاقی بکەنەوە ئاخۆ ئێوە باوەڕدارن. لە خۆتان بکۆڵنەوە. ئایا نازانن کە عیسای مەسیح لە ئێوەدایە؟ مەگەر لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نەبوون. (دووەم کۆرنسۆس ١٣: ٥)

ڕاستییەکە ئەوەیە کە دۆزەخ پڕیەتی لەو کەسانەی کە هەرگیز خۆیان تاقی نەکردووەتەوە و بە درۆ خۆیان وەک باوەڕدارێک نیشان داوە (دووڕووەکان). ئەگەر پێمان وابێت تەنها بە لەخواترسیمان ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دێنین ئەوا زۆر هەڵەین.

> ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: «قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی سەرپێچیکاران» (مەتا ٧: ٢٣)!

لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی لەگەڵ خودا بووم، بۆم دەرکەوت کە باوەڕدارێکی ڕاستەقینەم.

ڕەنجی زۆریشم کێشا تاکو بزانم دەربارەی پەیوەندی لەنێوان باوەڕ و بەروبومی کاری باش چییە.

کێشەکە لێرەدایە کە وادەزانین ئەگەر بەرهەمی باشمان هەبێت ئەوا ئێمە باوەڕدارێکی تەواوین.

خاوەن ڕەزەکە پێت دەڵێت کە بەرهەمەکان چین و کام درەختەیان بەرهەمی سروشتی دەدات، ئەگەر درەختێک بەرهەمی خراپ و بۆگەن بدات ئەوا هەڵواسینی میوە و بەرهەمی پلاستیکی بە درەختەکەوە چارەسەر نییە.

«دکتـۆر» مایـک مکینلـی، کەسـە ڕاسـتەکەیە بـۆ یارمەتـی دانمـان لـە سـەرکەوتن لـە تاقـی کردنەوەکـەدا، شـوێنێکی تایبەتـی هەیـە کـە دەچیتـە سـەر جێگاکـە و ڕادەکشـێیت، ئەویـش گرنگـی بـە لایەنـی ڕۆحیـمان دەدات، داوامـان لـێ دەکات کـە تەماشـای ژیانـی باوەڕداریـمان بکەیـن و پرسـیار لـە خۆمـان بکەیـن « ئایـا بەڕاسـتی مـن مەسـیحیم؟»

**کریک کامیرۆن**

# پێشەکی: ئایا ئەم پەرتووکە ڕۆحییە؟

سـەرەتا زۆر سوپاسـت دەکـەم کـە لـە سـەرەتاوە تاکـو ئێـرە هاتوویـت و لەگەڵـمان بـەردەوام بوویـت، خـۆی وا بـاوە کـە لـە پێشـەکیدا هەندێـک باسـی خـۆم و پەرتووکەکەتـان بـۆ بکـەم، کەواتـە بـا دەسـت پـێ بکەیـن.

ئـەم پەرتووکـە لـەو بابەتـە ورد دەبێتـەوە کـە تـۆ لەوانەیـە مەسیحی نەبیت. دەمەوێت ئـەو پرسـیارە لـە خـۆت بکەیـت «ئایـە بەڕاسـتی مـن مەسـیحیم؟» چونکـە، بـاوەڕم وایـە کـە خەڵکانێکـی زۆر لـەم جیهانـەدا هـەن کـە وادەزانـن باوەڕدارێکـی مەسـیحی تـەواون، کەچـی وانیـن.

بـە خوێندنـەوەی ئـەوە زۆربەمـان ئـەو پرسـیارەمان بـۆ دروسـت دەبێـت «ئاخـۆ دەبێت چـی کەسـێکی خۆپەرسـت و گەمـژە پەرتووکێکـی لـەم شـێوەیە بنووسـێت کـە خۆشـی دەبینێـت لـە ڕیسـواکردن و وریاکردنـەوەی خەڵکـی؟» هـەر بـۆ دڵنیاییتـان منـم کەسـە گەمـژە و خـۆ بەگەورەزانەکـە، ئەگـەر باوەڕیـش ناکـەن بـڕۆن پرسـیار لـە هاوڕێکانـم بکـەن.

بـەڵام ئەگـەر بـاوەڕت بـە قسـەکانم هەیـە، ئـەوا پێتـی دەڵێـم ئـەم پەرتووکـەم بـۆ ئـەوە نووسـیوە تاکـو یارمەتیـت بـدەم. لـەو سـەردەمەی ئێسـتادا کێشـەی زۆرمـان بـۆ دروسـت دەبێـت کاتێـک دەمانەوێـت باوەڕداربوونـی خۆمـان ڕابگەیەنیـن، هەندێـک لـە ئێمـە لەنێـو ئـەو هەمـوو کێشـەیەی هەمانـە سـەرمان لـێ شـێواوە دەربـارەی ئـەو بابەتانـەی کـە گەورەتـرن لـە مـردن وژیـان، بـۆ نموونـە، هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە خۆیـان بـە مەسـیحی دانـاوە ئایـە مەسـیحین.

بـا ڕوونـی بکەمـەوە، زۆرێـک لـە گۆمەڵگـە و کەلتـوورەکان بڕیـار لەسـەر ژیانـی تاکـەکان دەدەن.

«کاتێک گەنج بووم، لەگەڵ کۆمەڵێکی ( پەنک ڕۆکەر) هاوڕێیەتیم دەکرد.

زۆرجـار کاتێـک دەچوینـە دەرەوە گفتوگۆمـان دەکـرد و یەکتریـمان تاقـی دەکـردەوە و دەمانگـوت بزانیـن کامـمان بەڕاسـتی پەنکیـن. گـەر وەڵامـە ڕاسـتەکانت نەدابایەتـەوە بـە دوڕوو داماندەنایـت وە ڕێگەمـان نـەدەدای چیـتر لـە باندەکەمـان بمێنێتـەوە، بـەڵام کـێ ئـەم شـتانەی بـەلاوە گرنگـە؟

هیچ کەسێک گرنگی بەو شتە بێمانایانە نەدەدا کە ئێمە دەمانکردن.

با نموونەیەکی دیکە بهێنمەوە، وەرە و چەند ڕۆژێک پێکەوە بەسەر دەبەین، لە دوای ماوەیەک دەزانیت کە هاندەرێکی سەرسەختی یانەی یانکی نیوێۆرکیم (یانەیەکی ئەمریکی وەرزشییە و زۆر بەناوبانگە) ، هەروەها لەگەڵ خێزانەکەم گەشت دەکەین تاکو تەماشای یارییەکانیان بکەین. بەڵام زۆربەی جار لە تەلەفزیۆنەوە تەماشا دەکەم، ناوی یاریزانەکان لە ئاژەڵەماڵیەکەم دەنێم، بەڵام کاتێک یانەکە دەیدۆڕێنێت زۆر دڵتەنگ دەبم (بە خۆشحاڵیەوە ئەمەش زۆر ڕوونادات).

ئێستا بابڵێین تۆش دەتەوێت ببیت بە هاندەرێکی ئەو یانەیە، وە تۆش ساڵانێکە تەماشای یاریت نەکردووە و نازانیت کامە یاریزان باشترینە، بەردەوام هەوڵ دەدیت شارەزای یاریەکە بیت و زۆر تەماشای دەکەیت، بەڵام لەلای من هێشتا نەبوویت بە هاندەرێکی یانەکە.

بەڵام کێ ئەو شتانەی بەلاوە گرنگە؟ هیچ کەس بە بوون بە هاندەرێکی یانەی (یانکی) نامرێت و ناژیێت، ئەم شتانە زۆر بێمان، هەرچۆنێک بێت گەر بابەتەکە بگۆڕین بۆ ئەوەی کە ئایە مەسیحیت یاخود نا ئەو کاتە زۆر دەچینە قوڵایی بابەتەکانەوە، وە تەنها ژیانی بە کۆتای ڕۆحت لە مەترسیا دەبێت.

عیسا جیهانی فێری ئەوە کرد کە خەڵکی بوونەتە دوو بەش . کە دوو داهاتووی زۆر جیاوازیان دەبێت لەم ژیانە و ژیانەکەی کەشدا.

> «ئینجا پاشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەفەرموێ: "وەرن ئەی ئەوانەی باوکم بەرەکەتی پێدان، ببنە میراتگری ئەو شانشینە کە لە دامەزراندنی جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە.» (مەتا ٢٥: ٣٤)

> دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ و تەواو. (مەتا ١٠: ١٠)

ئەوانەشی گوێڕایەڵی ناکەن تەنها کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن و گوناە و تاوان دەکەن، خوداش هەتاهەتایە لە دژیان دەبێت.

هاوڕێکەم، تۆ زۆرشتت لە مەترسیدایە لە زانینی کە ئایە بە ڕاستی مەسیحیت یاخود نا.

بیهێنە پێش چاوی خۆت، هەموومان لە پێشبڕکێیەکی ڕاکردن داین، گرنگ نییە

کامـان لـه پێشـترین، گرنـگ ئەوەیـە یاسـاکان پەیـڕەو بکەیـن و دەبێـت پێشـبرکێکە تـەواو بکەیـت. بـە تەواوکردنـی پێشـبڕکێیەکە نـەک تەنهـا نەمـر دەبیـن، بەڵکـو خۆشـییەکی نەمرانـەش وەردەگریـن، ئەگـەر نەتوانیـن پێشـبڕکێیەکە تـەواو بکەیـن جـا بەهـەر هۆیـەک بێـت ئـەوا هەتاهەتایـە ئـازار دەچێژیـن. کەواتـە ئـەو پێشـبڕکێیە گرنگـە، وایـە؟

ئێستا بیهێنە پێش چاوت، تەماشای مەیدانی پێشبڕکێ دەکەیت.

دەبینیـت هەندێکیـان جلوبـەرگ و گـۆرەوی تایبەتیـان لەبەردایـە بـۆ پێشـبڕکێیەکە، بەڵام لەلایەکـی یاریگاکـەوە دانیشـتوون، بـەڵام هەندێکـی دیکـە لەسـەر ئەژنۆکانیانـن و ئامـادەن بـۆ دەسـتپێکردن. بـەڵام هـەر لـە شـوێنی خۆیـان دەمێننـەوە و هەرگیـز دەسـت پێناکـەن، هەندێـک لـە خەڵکیـش بـە ڕێگایەکـی هەڵـە ڕادەکـەن و هەندێکیـش بـە دەوری یاریگاکەدا پیاسـە دەکـەن. بابەتەکـە لەسـەر ئـەوە نییـە کـە ڕادەکـەن یاخـود نـا، بەمزووانـە دەسـت بـە ڕاکردنەکـە دەکـەن و هیـوا دەخـوازن بـراوە بـن، بـۆ ئـەوەی خەڵاتەکـە ببەنـەوە. هەموویـان باسـی ژیانـی ڕابـردوو دەکـەن، کێشـەکە ئەوەیـە کـە ئەگـەر ڕێگەشـیان نیشـان بدەیـت ئـەوا دەسـت بـە پێشـبڕکێیەکە ناکـەن.

پێـم بڵـێ: چـی شـتێک هەیـە تاکـو بتوانیـن بیکەیـن؟ ئایـا خۆشەویسـتی وامـان لـێ دەکات ئـەو شـتانە پشـتگوێ بخەیـن؟ ئایـا خۆشەویسـتی وامـان لـێ دەکات بەڕێـز بیـن و هیـچ شـتێک نەڵێیـن؟ بەدڵنیاییـەوە نەخێـر، چونکـە خۆشەویسـتی هانمـان دەدات ئاگاداریـان بکەینـەوە و وایـان لـێ بکەیـن ڕاهێنانەکانیـان بکـەن.

ئـەوە ئـەو ڕۆحەیـە دەمەوێـت لـەم پەرتووکـەدا بـۆ ئێـوەی بخەمـە ڕوو، هیـوادارم بتوانـم یارمەتیـت بـدەم تاکـو پێشـبڕکێیەکەت بـە ئاڕاسـتەیەکی تـەواو دەسـت پـێ بکەیـت.

ئەوەت لەبیر بێت، چوارخاڵ هەیە دەبێت بیزانیت:

یەکـەم، هەرگیـز خـۆم پـێ لەتـۆ باشـتر نەبـووە، دڵنیابـە لەگەڵـت دەوەسـتم، تەنهـا دەمەوێـت مـن لـە ژیانـی خـۆم بکۆڵمـەوە و تـۆش لـە هـی خـۆت.

دووەم، ئـەم پەرتووکـە بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە بـاوەڕدارن یـان دەیانەوێـت بـبن بـە بـاوەڕدار، ئەگـەر باوەڕداریش نیـت (موسـوڵمانی یـان بێبـاوەڕی یـان هـەر شـتێکی دیکـە) ئـەوا بەخێربێیـت و سـوپاس بـۆ بەردەوامیـت لـە خوێندنـەوە، بـەڵام ڕەنگـە پەرتووکـی زۆر باشـتر هەبـن بـۆ وەڵامـی پرسـیارەکان و چارەسـەری کێشـەکانی تـۆ.

سێیەم، هەرگیز خۆم بە شارەزا لەو کێشانە نەزانیوە، پێویست ناکات هەرشتێک بڵێم تۆ باوەڕ بکەیت. زۆربەی کات کارەکانم بیر دەچێت بەڵام،ئامانجی من بریتییە لە گەیاندنی قسەی شارەزاکانی ئەم بوارە، وە دەمەوێت بڕوانمە کتێبی پیرۆزیش و بزانم ئاخۆ عیسا و نووسەرانی کتێبی پیرۆز لەسەر ئەم کێشانە چیان گوتووە.

دەزانم تۆ وەک باوەڕدارێک دەتەوێت گوێڕایەڵی هەموو فەرمایشتەکانی خودا بیت و ئەوەی داوای کردووە جێبەجێی بکەیت.

چوارەم، هەستم کردووە ئەوانەی لە بنەڕەتدا باوەڕدارن کێشەیان لەگەڵ دڵنیایدا هەیە. من وەک قەشەیەک، زۆرجار چاوم بەو خوشک و برایانە دەکەوێت کە هەستیارن و هەست دەکەن کەسانێکی شکست خواردوون، ئەگەر تۆش وا هەست دەکەیت، ئەوا لەوانەیە سوودێک لەم پەرتووکە ببینیت.

هەروەک لەم پەرتووکە دەیبینیت، هەوڵ بدە لەگەڵ هاوڕێکانت کۆ ببیتەوە و پێکەوە نوێژ بکەن، ئەگەر سەرکەوتوو نابیت ئەوا بڕوانە بەشی هەشتەم.

پێکهاتەی پەرتووکەکە بەم شێوەیە دەبێت: بەشی یەکەم، دەمەوێت تیشک بخەمە سەر ئەو شتانەی عیسا و پۆڵسی نێردراو لەسەر کێشەکان گوتوویانە، هەروەها تەنها بە گوتنی ئەوەی باوەڕداریت واتای ئەوە نییە کە ڕاست دەکەیت.

لە بەشی دووەم، لێکۆڵینەوە لە نوسراوەکانی کتێبی پیرۆز دەکەین کە لەسەر باوەڕدارە ڕەسەنەکان گوتراون.

لە بەشی سێیەم تاکو بەشی حەوتەم، تەماشای ئەو ڕێڕەوانە دەکەین کە کتێبی پیرۆز پێمانی دەدات و لەم ڕێگەیەوە دەزانین کە ئێمە باوەڕداری تەواو نین.

بەشی هەشتەم، لە دوای ئەو هەموو کاتە لە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە ئەو کێشانە ڕەچاو دەکەین و بۆمان دەردەکەوێت کە باوەڕدارێکی تەواوین و مەبەستی ئەم پەرتووکە چی بووە، شتێکی زۆر گرنگە کە کاتێکی باش بەسەر ببەیت و بۆت ڕوون ببێتەوە ئاخۆ باوەڕداریت یان نا.

بەشی نۆیەم، گرنگی کڵێساکان دەزانین لە یارمەتیدانی تۆ ئاخۆ باوەڕداریت!

هیوادارم لەگەڵ هاوڕێیەکت لە کڵێسا ئەم پەرتووکە بخوێنیتەوە، خودا یارمەتی داوین بۆ دروستکردنی کڵێساکان و بە دڵنیاییشەوە لە عیسای مەسیحدا خوشک و

برامـان هەیـە کـە دەتوانـن یارمەتیـمان بـدەن بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان.

بـوون بـە بـاوەڕدار واتـا تـۆ دان بـە گوناهەکانتـدا دەنێیـت، دان بـەوەدا دەنێیـت کـە تـۆ گوناهباریـت، خـودا عیسـای پێدایـن تاکـو ئـەوەی نایبینیـن بتوانیـن ببینیـن. لەوانەیـە بڵێیـت ئـەم پەرتووکـە بـۆ یـەک بـاوەڕدار نییـە، پەرتووکەکـە بـۆ باوەڕدارانـە ئەوانـەی لـە کڵێسـا کـۆ دەبنـەوە، ئـەو بـاوەڕدارەی کـە خـۆی تاقیدەکاتـەوە، دەمانەوێـت وەڵامـەکان وەربگریـن، سـەرەتایەکی خـراپ لەوانەیـە هەرگیـز وەڵامەکانـت بـۆ بەدەسـت نەخـات.

پێمواببێـت ئەوەنـدە بـۆ پێشـەکی بەسـە، زۆر سوپاسیشـت دەکـەم کـە تاکـو ئێـرە لەگەڵـمان بوویـت.

ئێستاش با بزانین عیسا لەسەر کێشەکان چی دەڵێت.

# ١

# تۆ مەسیحی نیت

## تەنها لەبەر ئەوەی بەخۆت دەڵێیت کە وایت

**ئیمێڵەکەم** کۆمەڵێک نامەم بۆ هاتووە کە دەرفەتی ئەوەی «ببە بە شتێک»یان بۆ ڕەخساندووم، تەنها ئەم مانگە، چەندین نامەم لە هاوڕێیان و خەڵکی لابەلاوە بۆ هاتووە، وەکو:

- هاوڕێیەتی کەسێک لە تۆڕی فەیسبووک
- دروستکردنی هەژماری نێتفلیکس
- بوون بە ئەندامی حیزبێکی دیموکراتی
- بوون بە بەشێک لە کۆمەڵەی تۆپی پێ
- دامەزراندنم وەک شارەزا لە ESPN.com
- بوون بە بەشێک لە ڕێکخراوێکی باوەڕمەند
- وەرگرتنی کارتێکی بانکی ناوەندی نەیجیری ئامێری ATM (کە ١٠ملیۆنی تێدایە)

لەوانەیە هەرگیز هیچکام لەو چانسانە قبوڵ نەکەم، چونکە خۆم ئەندامێکی شارەزام لە ESPN.com و کاتیشم نییە تاکو یاری تۆپی پێ بکەم (بەڵام کە بیری لێ دەکەمەوە بیرۆکەیەکی باشە کە دوای ١٠ ملیۆنەکە بکەوم).

هێشتا ئەوە لەبەرچاو دەگرم چی ڕوودەدات ئەگەر بێتو لەو ئۆفەرانەی پێم دراوە قازانج بکەم، پەیوەندیم لەگەڵ گروپەکان دووبارە دروست دەبێتەوە و دەتوانم تێیدا ببم بە ئەندام.

هیچ پێچوپەنای ناوێت، بوون بە ئەندام لەو گروپانە لەسەر دوو شت بەندە:

یان ئەوەتا دەبیتە ئەندام یانیش ناتەوێت.

## ئایا من باوەڕدارێکی ڕاستەقینەم؟

هەروەها لەسەر (نێتفلیکس)ەکەش دەتوانم بەسەر ئارەزووەکانمدا زاڵبم و هەرگیز بەکارم نەهێناوە.

بەڵام بزانن بوون بە شوێنکەوتەی مەسیح هەرگیز بەم شێوەیە نییە.

## خودا کەسەکانی خۆی دەناسێت

ڕاستییەکەی خودا لە هاوکێشەکان زۆر دانایە، ئەگەر ڕۆڵەکانی گوێڕایەڵی بن و بۆ لای بگەڕێنەوە یان نا ئەو هەرگیز سەری لێ ناشێوێت، هەموومان لە کتێبی پیرۆزدا ئەوەمان خوێندووەتەوە کە کێ بەهۆی مەسیحەوە ژیانی هەتاهەتایی وەردەگرێت. کاتێک ٧٢ نێردراوەکە گەڕانەوە بۆ لای عیسا لەو کارەی پێیان سپێردرابوو، عیسا پێی فەرموون:

> «بەڵام بەمە دڵخۆش مەبن کە ڕۆحە پیسەکان ملکەچتانن، بەڵکو دڵخۆش بن کە ناوتان لە ئاسماندا نووسراوە.» (لۆقا لۆقا ١٠: ٢٠)

لە شوێنێکی دیکە عیسا پێی فەرموون:

> «منم شوانە دڵسۆزەکە. مەڕی خۆم دەناسم و ئەوانیش من دەناسن.» (یۆحەنا ١٠: ١٤)

خودا خۆی باشتر دەزانێت کێ باوەڕداری ڕاستەقینەیە و دووڕووەکانیش کێن.

لەبەر ئەوەیە پۆڵس دەڵێت: «بەڵێ تۆش ئەی هاوڕێی دڵسۆزم، داوات لێ دەکەم یارمەتییان بدەیت، چونکە هەردووکیان لە ڕاگەیاندنی پەیامی ئینجیلدا شانبەشانی من تێکۆشاون، لەگەڵ کلیمنتۆس و هاوکارانی دیکەم کە ناویان لە پەڕتووکی ژیانە.» (فیلیپی ٤: ٣)

لە سیپارەی ئاشکراکردنی یۆحەنا، پێش کۆتا لێپرسینەوەی تەختە سپییە مەزنەکە ئاماژە بە «پەرتووکی ژیان» کراوە ناوی هەموو ئەوانەی تێدایە کە ڕۆڵەی خودان.

هەرکەسێک ناوی لەنێو ئەو پەرتووکەدا نەبێت ئەوا فڕێ دەدرێتە دەریاچەی ئاگر، هەرکەسێکیش ناوی خوێندرایەوە ئەوا دەچێتە ئۆرشەلیمی نوێ و دەژیت.

هەرکەسێک نـاوی لـە پەڕتووکـی ژیانـدا تۆمـار نەکرابـوو، فڕێدرایـە دەریاچــە ئاگرەکــە. (ئاشــکراکردن ٢٠: ١٥)

هیــچ شــتێکی گڵاو و هیــچ کەســێکی قێــزەون و درۆزن ناچنــە نــاوی، بەڵکـو تەنهـا ئەوانــەی کـە ناویـان لـە پەڕتووکـی ژیانـی بەرخەکـەدا نــووسراوە. (ئاشــکراکردن ٢٠: ٢٧)

کەواتـە خـودا خـۆی باشـتر دەزانێـت کـە کـێ شـایەنی ژیانـی هەتاهەتاییـە و کێـش خراپـەکارە.

## بەرگە ڕۆحیەکەت بە هەڵەوگێڕاوی لەبەر کردوە

بـەڵام، ناتوانرێـت هەمـان شـت بوترێـت دەربـارەی ئێمـە. ئێمـە وا بـە ڕونـی خۆمـان ناناسـین. زۆربـەی کات ئاگاداریـمان سـنوردارە.

هیـچ کاتێـک لـە کاتـی ڕۆیشـتن هەسـتت بـەوە کـردووە کـە کلێنکسـێکی تەوالێـت بـە پێڵاوەکەتـەوە نووسـاوە؟

یـان لـە پشـتەوەی جلـو بەرگەکـەت؟ یـان کەتچـەپ لەسـەر ڕوخسـارت بووبێـت؟ خـۆم هەسـتم پـێ کـردووە.

هەریـەک لەوانـە و لـە هەرکاتێکـدا بێـت، ئەگـەر کەسـێک دڵسـۆزی مـن بێـت و کەموکوڕیەکانـم پـێ بڵێـت: (”هێـی گەمژە، کراسـەکەت هەڵگەڕاوەیـە“) ئـەو کاتە هەسـت بـە شـەرمەزاری دەکـەم، بـۆ خـۆم پیاسـەم دەکـرد و پێموابـوو خەڵکـی پێـم دەڵێـن (قـۆز، جـوان و کەشـخە) کەچـی بـۆم دەرکـەوت هەمـوو ئـەو شـتانە پێچەوانـە بـوون. هەمـوو ئەوانـەی لـە دەورووبـەرم بـوون ڕاسـتییەکەیان دەبینـی و خۆشـم بـێ ئـاگا بـووم.

لەبیرمـە کـە خـودا فێـری جیـاوازی کـردم لەنێـوان پاراسـتنی خـۆم و ڕاسـتییەکان. ئێسـتاش بـووم بـە یاریـدەدەری قەشـە. هەلـی ئـەوەم بـۆ ڕەخسـا کـە لـە کڵێسـاکەماندا زیاتـر لـە ٢٠٠ کـەس فێـری کتێبـی پیـرۆز بکـەم، زۆر چێـژم وەرگـرت لـە ڕوونکردنـەوەی کتێبـی پیـرۆز و وەڵامدانـەوەی پرسـیاری فێرخـوازان.

ڕۆژێکیـان لـە ئۆفیسـی هاوڕێیەکـم دانیشـتبووم نـاوی (مات)بـوو، داوام لێـی کـرد کـە بیـروڕای خۆییـم پـێ بڵـێ لەسـەر ئـەو وانەیـەی دوێنـێ شـەو پێمگوتبـوو، ئەویـش

گوتـی کـە زۆر بـە باشـی کارەکەمـم کـردووە و زۆریـش سەرسـام بـووە بـەوەی کـە چـۆن بوومەتـە مامۆسـتایەکی بـاش بـۆ گروپـە فێرخوازیەکـە، ئینجـا هاوڕێکـەم گوتـی: (مایـک) نەمدەتوانـی بـاوەڕ بـەوە بکـەم کـە چـۆن پەیوەسـت ببـووی بـە کارەکەتـەوە و چەنـدە هاوڕێیانـە و بـە گەرموگـوڕی قسـەت دەکـرد، بـە شـێوەیەک بـووی وەک بڵێـی خەونێکـت هاتبێتـە دی، بەڕاسـتی سەرسـام بـووم پێـت.

مەبەسـتی (مـات) لـەو قسـانەی کـردی ستایشـکردن بـوو بـۆ مـن، بـەڵام مـن بـەو شـێوەیە لێکـم نەدایـەوە. بۆیـە پرسـیاری ئـەوەم لـێ کـرد کـە بۆچـی سەرسـام بـووە؟ خـۆم بـەردەوام کەسـێکی ڕووخـۆش و گەرموگـوڕ و تێکـەڵاوم، پێویسـتە ئـەو کەسـانەی کاری وەکـو مـن دەکـەن بـەم شـێوەیە گەرموگـوڕو تێکـەڵاوی خەڵکـی بـن.

پێشـتر (مـات) بـەم شـێوەیە منـی نەبینیبـوو، بۆیـە دەسـتیکرد بـە ڕوونکردنـەوە و هەوڵـی دا تێمبگەیەنێـت، کـە ئـەو بـەو شـێوەیە منـی نەدیـوە بەڵکـوو منـی بـە کەسـێکی داخـراو بینیـوە بۆیـە هەندێـک نموونـەی بـۆ هێنامـەوە و دەیویسـت ڕوونـی بکاتـەوە کـە چـۆن منـی بینیـوە کاتێـک بـەم شـێوەیە هەڵسـوکەوتم کـردووە.

لەوانەیـە هەسـتت کردبێـت کـە بـە قسـەکانی (مـات) هەسـتم بـە بێـزاری کـردووە، هەسـتام و ئۆفیسـەکەیم بەجێهێشـت، بـەردەوام قسـەکانی لـە نێـو مێشـکمدا دەخولانـەوە. لـە کۆتاییـدا گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـەی کـە (مـات) کەسـێکی شـێتە، لەوانەشـە شـێت نەبێ، بـەڵام قسـەکانی پـڕ لـە ڕەخنـە بـون.

هەرچەنـدە لەگـەڵ (مـات) دە سـاڵە هاوڕێیـن و کەسـێکە جێـگای باوەڕپێکردنـە، دواتـر ئـەوەم لـە مێشـکی خۆمـدا دانـا کـە بیروبۆچونەکانـی مـن ڕاسـتن و هـی ئەویـش هەڵـەن.

ئـەوڕۆژە خوانێکـی نیـوەڕۆم هەبـوو لەگـەڵ (سـتیڤ) کـە کەسـێک بـوو لەوانـەی سـەردانی کڵێسـایان دەکـرد، ئـەو کاتـە (سـتیڤ)م زۆر بـاش نەدەناسـی، بـەڵام ئـەو کاتـەی لـە کڵێسـا کۆرسـەکەمان دەگوتـەوە زۆر هەلـی هەبـووە بـۆ بینینـی مـن و کارەکانـم. لـە کاتـی نانخواردنـدا باسـی گفتوگۆکـەی خـۆم و (مـات)م بـۆی کـرد، لـە دوای ئـەوەی قسـەکانم تـەواو کـرد پرسـیارم لێـی کـرد و گوتـم "هەرگیـز کەسـێکی دوورەپەرێـز نەبـووم، وایـە؟" بـەڵام وەڵامەکـەی تووشـی سەرسـوڕمانی کـردم کـە بینیـم بـە تورەیـی و دەمـی پـڕ لـە خواردنـەوە سـەری دەلەقانـد و گوتـی: "بەڵـێ. کەسـێکی خـۆت لـە خەڵکـی بـەدوور دەگـری." خۆشـم هەسـتم پـێ کردبـوو، دوای ئـەوە هەمـوو شـتێکی بـۆ ڕوونکردمـەوە کـە

پێشـتر نەمدەزانـی، کات تێپـەڕی و نانـی نیوەڕۆمـان خـوارد، دواتـر دڵنیابـووم لـەوەی کـە (سـتیڤ) و (مـات) ڕاسـتیان دەکـرد لـەو قسـانەی کردیـان.

بەڕاسـتی هەسـتم دەکـرد کەسـێکی ڕووخـاوم، هەمـوو ئـەو شـتانەی دەربـارەی خـۆم بیـرم لێـی دەکـردەوە هەڵەبـووم، پێموابـوو کەسـێکی زۆر تێکـەڵ و کۆمەڵایەتیـم، بـەڵام شـتەکە بەپێچەوانـەوە بـوو، چـۆن دەبـێ ئـەو ڕاسـتییانەی خـودی خۆمـم نەزانیبێـت؟ ئایـا هیـچ کاتێـک تـۆ هەمـان شـتت بەسـەر هاتـووە؟

## تاکە ڕای گرنگ

لـە مەتـا ٢٥، عیسـا دەربـارەی ئـەو کەسـانە زۆر شـتمان بـۆ ئاشـکرا دەکات کـە ڕاسـتیان بـۆ دەرکەوتـوە بـەڵام لـە کاتێـکا کـە زۆر درەنگـە بـۆ چارەسـەر.هەروەها باسـی ڕۆژی لێپرسـینەوەمان بـۆ دەکات کـە چـۆن دەبێـت:

»کاتێـک کـوڕی مـرۆڤ بە شـکۆی خۆی دێتـەوە و هەموو فریشـتەکانیش لەگەڵیـدان، ئەوسـا لەسـەر تەختـی شـکۆی خـۆی دادەنیشـێت. هەمـوو نەتـەوەکان لەبەردەمـی کۆدەبنـەوە و ئەویـش لـە یەکتریـان جیـا دەکاتەوە، وەک شـوان مـەڕ لـە بـزن جیـا دەکاتـەوە. «(مەتـا ٢٥: ٣١-٣٢)

»ئینجـا پاشـا بەوانـەی لای ڕاسـتیەوەن دەفەرمـوێ: «وەرن ئـەی ئەوانـەی باوکـم بەرەکەتـی پێـدان، ببنـە میراتگـری ئـەو شانشـینە کـە لـە دامەزراندنـی جیهانـەوە بۆتـان ئامـادە کـراوە.» «(مەتـا ٣٤:٢٥)

ئەوەیە ئەو چارەنووسەی ئێمە دەمانەوێت:

«جـا مـەڕەکان لـەلای ڕاسـتی خـۆی ڕادەگرێـت، بـەڵام بزنـەکان لـەلای چـەپ.» (مەتـا ٣٣:٢٥)

گوێ بگرن لەوەی عیسا پێتان دەڵێت:

»دواتـر بەوانـەی لـەلای چەپیـەوەن دەفەرمـوێ: "لێـم دوور بکەونـەوە! ئـەی ئەوانـەی کـە نەفرەتتـان لێکـراوە بـەرەو ئاگری هەتاهەتایی، ئـەوەی بـۆ ئیبلیـس و فریشـتەکانی ئامـادە کراوە، چونکـە برسـی بـووم نانتـان نەدامـێ، تینـوو بـووم ئاوتـان نەدامێ، نامـۆ بـووم شـوێنتان نەکردمـەوە،

ڕووت بووم جلتان لەبەر نەکردم، نەخۆش و زیندانی بووم سەرتان لێ نەدام .”

ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە: “گەورەم، کەی تۆمان بە برسییێتی یان تینوو یان نامۆ یان ڕووت یان نەخۆش یان زیندانی بینیوە و خزمەتمان نەکردوویت؟”

ئەویش وەڵامیان دەداتەوە: “ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەرچییەکتان بۆ یەکێک لەم بچووکانە نەکردووە، بۆ منتان نەکردووە.”

ئەوانە بۆ سزای هەتاهەتایی دەچن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی هەتاهەتایی. «(مەتا ٢٥: ٤١-٤٦)

زۆر شت هەیە دەتوانین باسی بکەین، بۆیە دەچینەوە بۆ بەشی شەشەمی ئەم پەرتووکە، بەڵام لە ئێستادا تەنها دوو شت زۆر گرنگن تاکو سەرنجیان بدەین.

یەکەم، هەریەک لە ئێمە ڕۆژێک لەبەردەم تەختی خودا ئامادە دەبین، جا ئەگەر باوەڕداربین یان بەلایەنی کەم خۆمان بە مەسیحی دانابێت، کاتێک عیسا لەبەرامبەر بزنەکە دەوەستێت تاکو سزایان بدات کەس دەستی هەڵنابڕێت و بڵێت: «تۆ مەسیحەکەیت، من هەڵەبووم، هیچ کاتێک باوەڕم بە بوونی تۆ نەبووە، هەرگیز باوەڕم پێ نەدەکردی، هەرگیز نەدەبووا تۆم ڕەتبکردبایەوە.»

کەسیان ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دژی عیسا نەوەستاونەتەوە بەڵام کاتێک کاتی حوکومدانی عیسا دێت وادەزانن هەڵەیان ئەنجام داوە ، پاشان هەموویان کۆبوونەوە و چاوەڕێی ئەوە بوون لەلایەن عیساوە خەڵات بکرێن، بەڵام زۆر هەڵەبوون، ئەوەی دەیانکرد تەنها هەڵخەڵەتاندنی خۆیان بوو، چاوەکانیان کوێر ببوو و هیچیان نەدەبینی.

دووەم، لەڕاستیدا عیسا خۆی لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات، هەر ئەویش بڕیاردەدات ئاخۆ کێ ژیانی هەتا هەتایی پێ دەبەخشرێت و کێش ژیانی تاریکی. نەتەوەکان لەبەرامبەری کۆدەبنەوە و چاوەڕێی بڕیارەکانی ئەو دەکەن، هەروەها هیچیشیان لەدەسەڵاتدا نییە بۆ ئەوەی بڕیارەکانی عیسا بگۆڕن، تاکە شتێک کە لەو ڕۆژەدا گرنگە ئەوەیە کە عیسا پێت بڵێت ئاخۆ یەکێکی لەوانەی ژیانی هەتاهەتایی وەردەگرن یان تاریکی.

کاتێـک لـە بەرامبـەر عیسـادا دەوەسـتیت هـەر دەسـەڵات و پلەیەکـت هەبوویێـت گرنـگ نییـە، لەوانەیـە باسـی ئـەو هەمـوو کاتـە بکەیـت کـە لـە نوێژکردنـدا بەسـەرت بـردوە «نوێـژی گوناهـکاران» یـان چەنـد جـار لەئـاو هەڵکێشراویت و لـە ژیانـی گەنجیتـدا چەنـدت خزمـەت کـردووە. بـەڵام ئەگـەر لـە کۆتـا خولەکـدا عیسـا پێـت نەڵێـت: «تـۆ یەکێکیـت لـە مەڕەکانـم» یـان «بەشـێکیت لـە مـن» ئـەوا هیـچ یـەک لـەو شـتانە گرنگییـان نییـە، ناتوانیـت قسـە لەسـەر بڕیـاری عیسـادا بکەیـت، هـەروەک چـۆن عیسـا لەسـەر چیایەکـە گوتـی:

> نـەک هەرکەسـێک پێـم بڵێـت: "گـەورەم، گـەورەم!" دەچێتـە نـاو شانشـینی ئاسـمان، بەڵکـو ئـەوەی بـە خواسـتی باوکـم دەکات کـە لـە ئاسـمانە. لـەو ڕۆژەدا، زۆر کـەس پێـم دەڵێـن: "گـەورەم، گـەورەم! ئایـا بـە نـاوی تـۆوە پەیامـی خودامـان ڕانەگەیانـد، بـە نـاوی تـۆوە ڕۆحـی پیسـمان دەرنەکـرد، بـە نـاوی تـۆوە پەرجـووی زۆرمـان نەکـرد؟" ئینجـا منیـش پێیـان ڕادەگەیەنـم: "قـەت ئێـوەم نەناسـیوە. لێـم دوور بکەونـەوە، ئـەی سـەرپێچیکاران!" (مەتـا ٧: ٢١-٢٣)

دەزانیـت عیسـا چـی دەڵێـت؟ شـتێکی ئاسـاییە ئەگـەر بـاوەڕ بـەوە بکـەی کـە کەسـێکیت شـوێنی مەسـیح کەوتوویـت، بـەڵام نـەک ببیـت بـە یەکێکیـان، ئاساییە ئەگـەر بـە مەسـیح بڵێیـت: «گـەورەم، گـەورەم» بـەڵام هەرگیـز بەهەشـت نەبینیـت، تەنهـا خـۆت وا هەسـتبکەیت کـە باوەڕداریـت واتـای ئـەوە نییـە کـە باوەڕدارێکـی ڕاسـتەقینەیت.

لـەم ماوەیـەدا ماڵپەڕێـک دامـەزرا کـە خەڵکـی دەیانتوانـی نـاوی خۆیـان تۆمـار بکـەن و بابـەت بڵاوبکەنـەوە، وەکـو: «دەمانەوێـت ئـەوەی باوەڕمـان پێیەتـی ڕایبگەیەنیـن، بـە نـاوی عیسـای مەسـیحی پـەروەردگار». بـەلای منـەوە ئەمـە شـتێکی ئاسـاییە، بـەڵام لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا خـودا ئامـاژە بـۆ ئـەو چالاکیانـەت نـاکات کـە لەسـەر ماڵپـەڕەکان ئەنجامـت داون، لـە کۆتاییـدا تەنهـا هەڵسـەنگاندنی ئـەو دەمێنێتـەوە و بڕیـارت لەسـەر دەدات نـەوەک خـۆت.

هـەروەک عیسـا فەرمـووی، تەنهـا ئـەوەی بـە خواسـتی باوکـم دەکات دەچێتـە نێـو شانشـینی ئاسـمان.

## سوپرایزێکی ناخۆش

هەست دەکەم ئەوەی من دەیڵێم جیاوازە لەوەی کڵێساکان فێری خەڵکی دەکەن، ئەو شتەی ئەوان حەز دەکەن بە خەڵکی بڵێن ئەوەیە کە مەسیح زیندووە و لەگەڵتانە، زۆربەی کڵێساکان لە خۆیانەوە بڕیاری ئەوە دەدەن کە چۆن خزمەت بکەن، خۆیان بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن و پێت دەڵێن: «دەبێت بڵێیت کە دەتەوێت ببیتە باوەڕدار. لە نوێژدا ئەم وشانە بەکاربهێنە. ئەم کاغەزانەمان بۆ ئیمزا بکە. بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکە. پیرۆزە، ئێستا بوویت بە باوەڕدار. بەخێربێیت بۆ بەهەشت!»

ڕاستە دەبێت سەرەتا بڕیار بدەین ئاخۆ بەدوای عیسا دەکەوین، بەڵام بە دووبارەکردنەوەی قسە و کارەکان هیچ بەدەست نایەت، عیسا نایەوێت تەنها بە ڕواڵەت خۆتی بۆ دەربخەیت. ئەو شتی زۆر زیاتری هەیە کە دەبێت بکرێت بۆ ئەوەی شوێنی مەسیح بکەویت. ترسی من لەوەیە کە زۆربەی کڵێساکان وایان لە خەڵکی گەیاندووە کە ڕۆژێک دێت عیسا پێیان دەڵێت: «پیرۆزە خزمەتکار.» بەڵام لە ڕاستیدا عیسا پێیان دەڵێت: «لێم دووربکەونەوە.» ئەم کەسانە کاتێک ڕاستییەکانیان بۆ دەردەکەوێت ئەوا کاتەکە درەنگ بووە.

ئایا لەلات ئاساییە کە ببیت بە یەکێک لەم خەڵکانە؟ دەکرێت تۆ باوەڕدارێکی ڕاستەقینە نەبیت؟ چۆن دڵنیادەبیتەوە؟

## مەسیح (وڵی وۆنکە) نییە

هەر لە ئێستاوە، ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزە. وە زۆر ڕێگە هەیە کە بە شێوەیەکی هەڵە بیر بکەینەوە. پێویستە بە هەڵەدا نەچین وە کەسایەتی ڕاستەقینەی مەسیح بپارێزین/

ئایا فیلمی (وڵی وۆنکە)ت بینیوە کە لە ساڵی ١٩٧١ دەرچووە و باسی کارگەیەکی شیرینی دەکات؟

(باسی فیلمە ڕەسەنەکە دەکەم ئەوەی (جینی وڵدەر) ڕۆڵی تێدا دەبینێت نەوەک ئەوەی (جۆنی دیپ).)

لە دوای ئەوەی پاڵەوانی فیلمەکە (چاڕلی) و باپیرە (جۆی) توانیان لە هەموو تاقیکردنەوەکان دەربچن، ئینجا چوونە لای خاوەن کارگەکە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەیان.

بەڵام کۆتاییەکی سەرسوڕهێنەر بوو، خەڵاتی (ولی وۆنکە) شتێک بوو کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد، دیمەنەکەش بەم شێوەیە بوو.

باپیرە (جۆی): بەڕێز (وۆنکە)؟

(ولی وۆنکە): زۆر سەرقاڵم، بەڕێزم.

باپیرە (جۆی): تەنها دەمەوێت بزانم کەی خەڵاتی شیرینی هەتاهەتایی دەدەیت بە (چارلی)، خەڵاتەکەی وەردەگرێت؟

(ولی وۆنکە): خەڵاتەکەی وەرناگرێت.

باپیرە (جۆی): لەبەرچی؟

(ولی وۆنکە): چونکە یاساکانی شکاندووە.

باپیرە (جۆی): چی یاسایەک؟ هیچ یاسایەک لە ئارادا نەبوو، ئەی وانییە (چارلی)؟

(ولی وۆنکە): نەخێر گەورەم، هەڵەیت، لە بەشی $B$٣٧ ی ڕێکەوتنەکەدا واژۆی ئەوی لێیە و یاسایەکە دەڵێت هەر خەڵاتێک کە دەدرێت دەکرێ پاشگەزببمەوە، ئەگەر حەزدەکەیت دەتوانیت خۆت بیخوێنیتەوە، دەتوانم داوای قەرەبوشتان لێ بکەمەوە لە هەر زیانێک کە پێم گەیشتووە، تاوانەکانیش بریتیبوون لە دزینی خواردنەوەکان و شێواندن و پیسکردنی سەقفەکەم کە دەبێت خۆم پاکی بکەمەوە، لەبەر ئەوەیە هیچ خەڵاتێکتان پێ نادرێت، نەتانتوانی سەرکەوتووبن، بۆیە خواتان لەگەڵ.

باپیرە (جۆی): تۆ پیاوێکی قۆڵبڕی، فێڵت لە هەموومان کرد، چۆن دەتوانی هیوا بە کوڕێکی ئاوا بچووک بدەیت و پاشانیش هیواکانی لەناو ببەیت؟ ئەتۆ دڕندەی دڕندە.

(ولی وۆنکە): پێمگوتی خوات لەگەڵ، گەورەم.

ئەوەیە دەبێت ئاگادارییین و بەهەڵە تێنەگەین، عیسا (ولی وۆنکە) نییە، خودای

ئێمە خودایەک نییە بەڵێنی بە باقوبریقت پێ بدات و لە کۆتاییشدا هیچی نەباتە سەر یان خۆی لێ بدزێتەوە.

خودا دەیەوێت خەڵکی ڕزگاربکات.

مەسیح دەفەرموێت:

> چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە بەدوای لەناوچواندا بگەڕێت و ڕزگاریان بکات. (لۆقا ١٩: ١٠)

لەبەر ئەوەیە عیسا هاتە جیهان، بۆ ئەوەی ئێمە لە گوناهەکانمان ڕزگاربکات، ئەگەر مەبەستی ڕزگارکردنی ئێمە نەبووایە ئەوا هەر لە سەرەتاوە نەدەهات، عیسا فێڵمان لێ ناکات و کەسێکی دڕندە و فێڵباز نییە و بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر.

جگە لەوە، عیسا پڕە لە بەزەیی و ڕێگاکانمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە و دەبێتە ڕێنیشاندەرمان بۆ گەیشتن بە ڕووناکی، هەروەک چۆن پێشتریش باسمان کرد.

> کەواتە بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە. (مەتا ٧: ٢٠)

عیسا نموونەیەکی لەسەر پیاوێکی دانا و پیاوێکی گێل هێنایەوە:

> لەبەر ئەوە هەرکەسێک گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد دروستکردبێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد دروستکرابوو. هەرکەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەک پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم دروستکردبێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو. (مەتا ٧: ٢٤-٢٧)

چیتر شتی شاراوە بوونی نییە، زۆر بە ئاسانی دەتوانیت عیسا بدۆزیتەوە.

> نەک هەرکەسێک پێم بڵێت: "گەورەم، گەورەم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی بە خواستی باوکم دەکات کە لە ئاسمانە. (مەتا ٢١:٧)

## خۆت تاقی بکەرەوە

ڕاستیی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە مەسیح دەیەوێت ئاگادارمان بکاتەوە لەو مەترسییانەی کە هەیە، ئەوەش خۆشەویستی و میهرەبانی ئەومان بۆ دەسەلمێنێت، ئاگاداری کردووینەتەوە تاکو وریابین و هەتا دوایین ڕۆژ دووربین لە کێشە و ناخۆشی، دەبێت وشەکانی ببن بە بەشێک لە ڕۆحمان.

لەبەر ئەو هۆکارەش بوو پۆڵسی نێردراو کڵێسایەکی لە (کۆرنیس) بنیادنا.

> خۆتان تاقی بکەنەوە ئاخۆ ئێوە باوەڕدارن. لە خۆتان بکۆڵنەوە. ئایا نازانن کە عیسای مەسیح لە ئێوەدایە؟ مەگەر لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نەبوون. (دووەم کۆرنسۆس ١٣: ٥)

> ئەو پێغەمبەرانەی کە پێشبینییان کرد لەسەر ئەو نیعمەتەی کە خودا بۆ ئێوەی ئامادە کردبوو، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە بابەتی ئەو ڕزگاربوونە کرد و بەدوایدا گەڕان، ڕۆحی مەسیح کە تێیاندابوو، ئاگاداری دەکردنەوە سەبارەت بە ئازارەکانی مەسیح و ئەو شکۆداربوونەی لەدوای ئازارەکانەوە دێت، هەوڵیان دەدا کە بزانن ڕۆحی پیرۆز ئاماژە بە چی دەکات لەبارەی کاتی ڕوودانەکەی یان بارودۆخی جیهان لە کاتی ڕوودانەکەی. (یەکەم پەترۆس ١: ١٠-١١)

پەترۆس و پۆڵس ئەو کەسانەیان خۆشدەویست کە گوێیان بۆ ڕادەگرتن و باوەڕیان دەهێنا، وە خەڵکەکەیان ئاگادار دەکردەوە کە وریابن بەر لەوەی درەنگ بێت.

ئەمە ئەو شتانە بوون دەمویست لەم پەرتووکە دا بیکەم، دەمەوێت کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە، بە تایبەتی ئەو بەشانەی کە مەسیح پێمان دەڵێت کە چۆن خۆمان تاقیبکەینەوە بۆ ئەوەی ئاخۆ بەڕاستی باوەڕدارین. پێویستە ئەو شتانە لەنێو کڵێسادا ئەنجام بدرێن، چونکە ئێمە باشترین بڕیاردەر و دادوەر نین بۆ ژیانی خۆمان، بەڕاستی زۆر گرنگە باوەڕداری دیکە هەبن و ئەو کەموکوڕیانەمان پێ بڵێن کە خۆمان نایبینین.

کەواتە ئەگەر لە کڵێسابوویت کەسێک بۆ خۆت بدۆزەوە، ئەگەرنا بڕۆ بۆ کڵێسا و لەگەڵ باوەڕدارێک گفتوگۆبکەن لەسەر ئەو شتانەی گوتمان.

بەڵام یەک شتی دیکە ماوە بیکەین.

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟
## ڕەنگدانەوە

ئایـا ئاگادارکردنەوەکـەی عیسـا لـە (مەتـا ٧: ٢١-٢٣) وات لـێ دەکات هەسـت بـە نائارامـی بکەیـت؟ بۆچـی؟

پێتوایە تەنها ئەوەندە بەس نییە کە بڵێی من باوەڕدارم؟

هەتـا ئێسـتا خـۆت تاقیکردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی بزانیـت ئاخـۆ باوەڕدارێکـی ڕاستەقینەیت؟ ئەگـەر وەڵامەکـەت نەخێـرە، بۆچـی؟ ئەگەریـش وەڵامەکـەت بەڵێیـە، چـی پێوانەیەکـت بەکارهێنـاوە و چیـت بـۆ دەرکەوتـووە؟

## تۆبەکردن:

داوا لە خودا بکە بۆ هەر هەڵەیەک کە ئەنجامت داوە لێت خۆشبێت.

بیـر لـەو هۆکارانـە بکـەوە کـە وایـان لێکـردووی تەنهـا بیروبۆچونـی خۆتـت پـێ ڕاسـت بووبێت.

## لەبیرت بێت:

ڕامان بکە لە (دووەم کۆرنسۆس ٥:٢١) کە دەڵێت:

> ئـەوەی گوناهـی نەدەناسـی خـودا لـە پێنـاوی ئێمـە کردییـە گونـاە، تاکو بـە یەکبـوون لەگـەڵ ئـەو ببیـن بـە ڕاستودروسـتی خـودا.

ئێمـە هەرگیـز ڕاسـتگۆ نابیـن، بـەڵام سـوپاس بـۆ خـودا کاتێـک بـە بـاوەڕەوە دێیـن و ڕاستودروسـتی مەسـیح وەردەگریـن.

## ڕاپۆرت:

قسـە لەگـەڵ هاوڕێکانـت بکـە ئەوانـەی لـە کڵێسـا لەگەڵـتن، تاکـو کەموکوڕیەکانـی ژیانـی ڕۆحیـت بزانیـت.

# ٢

# تۆ مەسیحی نیت

## ئەگەر لەدایک نەبویتەتەوە

ئەگەر قسەکانم وات لێبکات کە هەستبکەی باوەڕدار نیت، ئەوا دەبێت بزانی وشەی باوەڕدار واتای چییە، واتای وشەی باوەڕدار بریتییە لە «شوێنکەوتنی مەسیح» ئەگەر بڕوانینە (کرداری نێردراوان ١١)، یەکەم نیشانە کە بەکارهات لە شاری (ئەنتیۆک) باسی ژن و پیاوێک دەکات کە بەشداری گروپێکی بچووکی خزمەتی شوێنکەوتووانی مەسیحیان دەکرد، ئەوانەی لە کڵێسابوون دەهاتن و بۆ خەڵکەکەیان ڕووندەکردەوە کە واتای وشەکە چییە، لەبەر ئەوەش بوو پۆڵسی نێردراو لەنێو نامەکانیدا وشەی «باوەڕدار»ی بەکارهێنا تاکو ئەوانەی باوەڕداری ڕاستەقینەن تێبگەن، هەروەها لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت:

> بەڵام ئەگەر وەک قوتابی مەسیح ئازار بدرێن، شەرم مەکەن، بەڵکو ستایشی خودا بکەن کە ناوی مەسیحتان هەڵگرتووە. (یەکەم پۆڵس ١٦:٤)

با ڕوونتر پێناسەی بکەین، باوەڕدار ئەو کەسەیە کە گوێبیست و خوێنەری پەیمانی نوێ بوویێت و باوەڕی بە مەسیح هێنابێت و ژیانی بۆ خودا تەرخانکردبێت، بە کورتییەکەی باوەڕدار باوەڕی بەم شتانە هەیە:

١. ئێمە هەموومان گوناهبارین و شایەنی سزادانین لەلایەن خودای هەرە بەتوانا کە ڕقی لە هەموو گوناهێک دەبێتەوە.
٢. خودا، عیسای وەک مرۆڤێک ناردە سەر زەوی و ئەویش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بوو، بۆیە دەبێت ئێمەش بە هەمان شێوە بژین.
٣. ژیانی خۆی لەپێناوی گوناهەکانی ئێمە بەخت کرد و لەخاچ درا و پاشان بە شکۆوە لە مردن هەستایەوە، هەروەک چۆن خودا بەڵێنی پێدابوو.
٤. هەرکەسێک تۆبە بکات و باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێت، ئەوا خودا دەیگرێتە خۆی.

بەداخـەوە، پێش ئـەوەی مەرەکەبـی سـەر کاغەزەکانـی پۆڵـس وشـک ببێتـەوە وشـەی بـاوەڕدار وەک شـتێکی بـێ بەهـا تەماشـا کـراوە، بەدرێژایـی پەیمانـی نـوێ نێـردراوەکان بـەردەوام هەوڵیـان دەدا لـە ڕێگـەی نامەکانیانـەوە چاودێـر و شـوانەکانیان ئاگاردارکردۆتەوە وریابـن لـە فێرکردنـی ئەوانـەی سـەردانی کڵێسـا دەکـەن و گومڕایـان نەکـەن، تاکـو بەبـێ گومانکـردن خۆیـان بـە بـاوەڕدار بزانـن.

لـە سـەردەمی ئێسـتادا ئـەم زاراوەیـە بـۆ زۆر شـتی نێـو ژیانمـان بـەکار دەهێنیـن، بـۆ نموونـە کەسـانێک ڕیکلام بـۆ خۆیـان دەکـەن و دێـن هەندێـک کەلوپـەل بەکاردێنـن لەنێـو ئۆتۆمبێـل یـان هەندێـک جلوبـەرگ لەبەردەکـەن و جانتـای دەسـتی لەدەسـت دەگـرن، تەنهـا بـۆ ئـەوەی وا دەربخـەن کـە بـاوەڕدارن، پەیوەنـدی نێـوان قسـەکانی پۆڵـس لەسـەر وشـەی باوەڕدارییەتـی و کەلوپەلـی جوانـکاری لەنێـو ئۆتۆمبێـل بـۆ دەرخسـتنی ئـەوەی کـە بـاوەڕدارە شـتێکە کـە سـەری لـێ دەرناکـەم، بـەڵام بازرگانـی هـەر بازرگانییـە.

هەروەهـا ئـەم زاراوەیـە بـۆ ئـەو کەسـانە بەکاردێنیـن کـە موسـوڵمانن یـان جولەکـەن، یـان بـۆ ناوزڕاندنـی کەسـە بەناوبانگـەکان بەکاردەهێنرێـت، ئەوانـەش ئـەو کەسـانەن کـە لەکڵێسـاکان گۆرانـی دەڵێـن (بریتنـی سـپێرز، جێسـیکا سیمپسـۆن و کلـەی ئەیکـن).

دواتـر کـە پانتۆڵەکانیـان کورتـتر دەبێتـەوە ئەوکاتـە ژیانیـان ناخـۆش دەبێـت ئابڕوویـان دەچێـت، کاتێـک ئـەو شـتانە دەبینیـن ئەوکاتـە دەکەوینـە گومانـەوە، دەڵێیـن لەوانەیـە ئەوانـە هەرگیـز بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە نەبووبـن، دەکرێـت تەنهـا کەسـانێکی ئاسـایی خەڵکـی باشـووری ئەمریـکا بـن، هەندێـک جـار دۆزینـەوەی جیاوازییـەکان زۆر زەحمەتـە، ئـەی کەوایـە واتـای باوەڕدارییێتـی چییـە؟

## پێناسە کاریگەرەکە

دەتوانیـن بـە چەندیـن شـێواز ڕوونـی بکەینـەوە، بـەڵام بـە شـێوازی خـۆم دەمەوێـت ئـەو پێناسـەیەتان پـێ ئاشـنا بکـەم:

بـاوەڕدار ئـەو کەسـەیە کـە دیارییەکـی لـە خـوداوە پێـدراوە ئەویـش دووبـارە لەدایکبوونەوەیـە.

دەتوانیـن شـتی زیاتـر بڵێیـن، دەکرێـت وشـە و دەسـتەواژەی جیـاواز و زیاتـر بەکاربهێنیـن یـان بـە شـێوەیەکی دیکـە پێناسـەی بکەیـن و بڵێیـن : «بـاوەڕدار منداڵـی خودایـە». یـان

«بـاوەڕدار ئـەو کەسـەیە کـە ڕێگایـە ڕاسـتەکەی دۆزیوەتـەوە». بـەڵام خـۆم دەمەوێـت بـە شێوەیەکی نوێگەرانـە بابەتەکەتـان بـۆ بـاس بکـەم، لەبـەر ئەوەیـە دێمە سـەر باسـی «دووبارە لەدایکبوونـەوە» و «لەدایکبوونـەوەی نـوێ». دەمەوێـت دەسـتەواژەی جیـاواز بەکاربهێنـم و لـە ڕێگـەی پێنـج پرسـیارەوە زیاتـر تێبگەیـن لـە واتـای بـوون بـە کەسـێکی بـاوەڕدار.

## لەدایک بوونەوەی نوێ واتا چی؟

مەسـیح یەکـەم کـەس بـوو باسـی دووبـارە لەدایـک بوونـەوەی کـرد، لـە (یۆحەنـا ٣:٣) کـە باشـترین دەسـتپێکە بـۆ ئێمـە

> «ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـک لەدایـک نەبێتـەوە ناتوانێـت شانشـینی خـودا ببینێـت.»
>
> پیاوێـک لـە فەریسـییەکان هەبـوو بـە نـاوی نیقۆدیمـۆس، یەکێک بوو لە ڕابەرانـی جولەکـە بـە شـەو هاتـە لای عیسـا و پێـی گـوت: «ڕابـی، دەزانیـن تـۆ مامۆسـتایەکی لـەلای خـوداوە هاتوویـت، چونکـە کـەس ناتوانێـت ئـەو پەرجووانـە بـکات کـە تـۆ دەیکەیـت، ئەگـەر خـودای لەگـەڵ نەبێـت. «
>
> عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـک لەدایـک نەبێتەوەناتوانێـت شانشـینی خـودا ببینێـت. «
>
> نیقۆدیمـۆس پێـی گـوت: «مـرۆڤ کـە پیر بێـت چـۆن دەتوانێـت لەدایک بێـت؟ خـۆ دیسـان ناتوانێـت بچێتەوە سـکی دایکـی و لەدایـک بێتەوە؟«
>
> عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـک لـە ئـاو و لـە ڕۆحـی پیـرۆز لەدایـک نەبێـت، ناتوانێـت بچێتـە نـاو شانشـینی خـودا. ئـەوەی لـە جەسـتە لەدایـک بـووە جەسـتەیە، ئـەوەش لـە ڕۆحـی خـودا لەدایـک بـووە ڕۆحـە. سەرسـام مەبـە کـە پێـم گوتـی: "دەبـێ لەدایـک ببنـەوە." بـا بـۆ کـوێ بیەوێـت هەڵـدەکات و گوێـت لـە دەنگەکـەی دەبێـت، بـەڵام نازانیـت لەکوێـوە دێـت و بـۆ کـوێ دەچێـت. هەرکەسـێکیش لـە ڕۆحـی پیـرۆز لەدایـک بـووە ئاوایـە.» (یۆحەنـا ٣ ١:٨)

نیقۆدیمـۆس چاوەڕێـی ئـەوە نەبـوو عیسـا بـەم شـێوەیە وەڵامـی بداتـەوە، دەیزانـی کـە

مەسیح کەسێکی جیاوازە و کلیلی شانشینی خودای پێیە، بەڵام هەرگیز نەیدەزانی بەم شێوەیەیە.

نیقۆدیمۆس مامۆستاییێکی ئیسرائیل بوو، بەڵام وەک مەسیح ناودار نەبوو، بەردەوام لەگەڵ پیاوانی ئایینی لە کۆبوونەوەدا بوو، بۆیە بڕیاری دا بچێتە لای مەسیح تاکو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە و پێی بگاتە بنج و بنەوانی بابەتەکە.

بەڵام قسەکانی عیسا وەک ئامۆژگاریەک وابوو بۆی، وەک بڵێی کە بتەوێت چێشتخانەکەت سەرلەنوێ نۆژەن بکەیتەوە، نەک وەک ئامۆژگاریەکانی دکتۆر (فلیپ) کە هەمووجارێک دەڵێت : «پێنج ئامۆژگاری بۆ ئەوەی ببی بە کەسێکی باشتر.» نەخێر وا نەبوو. بەڵکو عیسا بە (نیقۆدیمۆس)ی گوت کە پێویستە سەرلەنوێ لەدایک ببێتەوە، هەرچەندە نیقۆدیمۆس پیاوێکی ئایینی باڵا بوو، بەڵام پێویستی بە ژیانێکی نوێ و لەدایکبوونێکی نوێ هەبوو. لەوانەیە بتوانی بیهێنیتە پێش چاوت کە نیقۆدیمۆس چەندە سەرلێشێواو و پەشیمان بوو لە هاتنی بۆ لای عیسا.

عیسا کاتێک لە پەرستگاکە هەموو مێزەکانی بازاڕەکەی وەرگێڕا، ئەو شوێنەی کە بۆ پەرستنی خودا دروستکرابوو کرابوو بە شوێنی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن، لە دوای ئەم شتانە جولەکەکان بە عیسان گوت: «چ پەرجوویێکمان نیشان دەدەیت تاکو دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەموو ئەم کارانەت بسەلمێنێ» عیساش وەڵامی دانەوە و گوتی : «ئەم پەرستگایە بڕووخێنن، بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە.» (یۆحەنا ٢: ١٨-١٩)

عیسا لەو قسانەی لە بەرامبەر خەڵکی دەیکرد نەدەترسا، تەنانەت ئەگەر قسەکانی بۆ خەڵکەکە هیچ واتایەکیشی نەبووایە، بەڵام ئێستا هاتووە و بە نیقۆدیمۆس دەڵێت بۆ ئەوەی بچێتە شانشینی ئاسمان ئەوا پێویستە سەرلەنوێ لەدایک ببێتەوە.

ئەو پیاوە بەستەزمانە هیچ تێنەگەیشت، هەر بۆیە پرسیارێکی دیکەی کرد و گوتی: «عیسا، خۆت باش دەزانیت ئەوە شتێکی مەحاڵە، وایە؟ ئەو کەسانەی بەتەمەنن جارێکی دیکە لەدایک نابنەوە، ئەمە شتێکە تەنها یەک جار ڕوودەدات.»

بۆیە مەسیح بۆی ڕوونکردەوە کە مەبەستی لەوە نییە دووبارە لە دایکی خۆی بێتە دونیاوە، بەڵکو مەبەستی ژیانی ڕۆحی بووە، نیقۆدیمۆس پێویستی بە ژیانێکی نوێی ڕۆحی هەبوو، هەمان ئەو شتەی پیاوانی ئایینی باسی دەکەن «نوێبوونەوە» دووبارە لەدایکبوون و کۆتایی هێنان بە ژیانە کۆنەکەی.

ئەگـەر نیقۆدیمـۆس پێویسـتی بـە دووبـارە لەدایكبوونـەوە هەبێـت تەنانەت لـەو كاتەی كـە مەسـیح لەسـەر زەوی بـوو، ئـەوا دەبێـت مـن تـۆ دەبێـت چەنـدە پێویسـتیمان بـەوە بێـت كـە دووبـارە لەدایـك ببینـەوە تاكـو پادشـایەتی ئاسـمان ببینیـن، ئـەو پادشـایەتییەی كـە مەسـیح بۆمانـی هێنـاوە.

لەبیرت بێت كە دەمانویست پێناسەی وشەی باوەڕدار بكەین:

بـاوەڕدار ئـەو كەسـەیە كـە دیارییەكـی لـە خـوداوە پـێ دراوە، ئەویـش دووبـارە لەدایكبوونەوەیــە.

ئەمـە ئـەو شـتەیە بـاوەڕدار لـە جیهـان جیادەكاتەوە.بـاوەڕدار ژیانێكـی ڕۆحـی لەلایـەن خـوداوە پێـدراوە.

## بۆچی لەدایكبوونەوە پێویستە؟

لەلایەكـی دیكەشـەوە مەسـیح بـە ڕوونـی قسـەی بـۆ نیقۆدیمـۆس دەكـرد دەربـارەی دەسـتپێكردنی ژیانێكـی نـوێ و لەدایكبوونـەوە، بـەڵام پێـی نەگـوت لەبەرچـی پێویسـتی بـە ژیانێكـی نـوێ هەیـە.

ئەمـەش شـتێكی نامۆیـە، پێشـنیارەكە خـۆی ئەوەیـە كـە پیاوانـی ئایینـی پێویسـتیان بەوەیـە كـە ژیانێكـی ڕۆحیـان هەبێـت، بـەڵام بۆچـی لەدایكبوونـەوە پێویسـتە؟

مەسیح بەڵگەیەكی بە نیقۆدیمۆس دا،

نیقۆدیمـۆس پرسـیاری ئـەوەی كـرد كـە چـۆن دەكـرێ ئـەو شـتانە ڕووبـدەن، (مەسـیح)یش وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: «تـۆ مامۆسـتایەكی ئیسرائیلـی و ئەمانـەش نازانیـت؟» (یۆحەنـا ٣:١٠)

عیسـا وایدەزانـی كـە نیقۆدیمـۆس زۆر شـارەزایە لـە پەیمانـی كـۆن و هەمـوو شـتێك دەزانێـت، هـەر قسـەیەكیش بـكات ئـەوا نیقۆدیمـۆس لێـی تێـدەگات، ئـەوەی لـە پەیمانـی كـۆن هاتـووە، ئـەو پەیمانـەی كـە نیقۆدیمـۆس لێـی زۆر شـارەزایە پـڕە لـەو نیشـانانەی دەریدەخـەن كـە پیاوانـی ئایینـی چەنـدە پێویسـتیان بـە گـۆڕان هەیـە.

دوو شت هەبوون كە نیقۆدیمۆس دەبوایە بیزانیبوایە،

یەكـەم، پەیمانـی كـۆن باسـی تـەواوی ژیـان و ڕۆحـی خراپـی مرۆڤـەكان دەكات، ئەمــەش چەنـد نموونەیەكـە:

- داودی پادشا دوژمنانی خودامان نیشان دەدات و دەڵێت: «چونکە لەسەر زمانی ئەوان قسەی ڕاست نییە، ناوەڕۆکیان لەناوچوونە، قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە، زمانیان فێڵی لێ دەڕژێت» (زەبوورەکان ٩:٥).
- دوژمنانی خودا تەنها چەند کەسانێک نین، هەموو مرۆڤەکان بەجۆرێک لە دژی خودان، داود زیاتر درێژەی بە نووسینەکەی داوە و دەڵێت : «یەزدان لە ئاسمانەوە تەماشای ئادەمیزاد دەکات، هەتا بزانێت کەس هەیە تێگەیشتوو بێت، کەس هەیە بەدوای خودا بگەڕێت. هەموو ڕوویان وەرگێڕا، هەموو گەندەڵ بوون، کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە» (زەبوورەکان ١٤: ٢-٣).
- خودا دەڵێت: «دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ» (حزقیێل ٣٦:٢٦). دڵڕەقی سوودی نییە، ئەو کەسانەی دڵیان ڕەقە وەک مردوو وان.

کاتێک هەموو شتەکان پێکەوە دەبەستیتەوە ئەوا بێهیوا دەبیت.

ڕۆحی مرۆڤەکانیش بریندار نابن بەڵکو دەمرن، هۆکارەکەشی ئەوە نییە کە داوا لە خودا ناکەن، بەڵکو توانای ئەوەیان نییە داوای لێ بکەن، نیقۆدیمۆس نامەکانی پۆڵسی نەخوێندبووەوە، ئەوەشی بەلای هەموومانەوە زۆر ڕوونە ئەوەیە کە پۆڵس پشتی بە پەیمانی کۆن بەستووە بۆ قسەکانی:

> لە یەک شوێن نووسراوەکانی وەرگرتووە: «بایەخی سروشتی دنیایی دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا، چونکە ملکەچی تەوراتی خودا نابێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت. جا ئەوانەی لەژێر کاریگەری سروشتی دنیایین ناتوانن خودا ڕازی بکەن» (ڕۆما ٨: ٧-٨).
>
> هەروەها دەڵێت: «ئێوەش بەهۆی خراپە و گوناهەکانتانەوە مردبوون کە پێشتر تێیدا دەژیان کاتێک پەیڕەوی ڕێبازی ئەم جیهانە و سەرۆکی دەسەڵاتی هەواتان دەکرد، ئەو ڕۆحەی ئێستا لە یاخیبووانندا کار دەکات» (ئەفەسۆس ٢: ١-٢).

## بەرەوپێشبردنی خودی خۆت چارەسەری کێشەکانت نییە

لـە جیاوازیـی نێـوان ئـەو دوو چارەسـەرییە تیگەیشـتم، بـە تایبەتـی لەوکاتـەی کـە لەگـەڵ خێزانەکـەم خانووێکـمان لـە بەرزاییەکانـی باکـووری ڤێرجینیـا کـڕی، دراوسـێیەکمان هەبـوو کـە لـە وەزارەتێکـی حوکومـی کاری دەکـرد، خانووەکـەی ئـەو زۆر گەورەتـر و فراوانـتر بـوو لەچـاو ئـەوەی ئێمـە، لـە دوای چەنـد سـاڵێک بڕیـارم دا خانووەکـەم نـۆژەن بکەمـەوە، دەسـتمکرد بـە پاکردنـەوەی گەراجەکـە و بنمیچـەکان و چاکردنـەوەی دەرگاکان و بۆیەکردنـی دیـوارەکان، هەروەهـا ئـاوەڕۆ ڕزیوەکانیشـم چاکـردەوە.

بەیانییـەک سـەگەکەمان (جیتـەر) خەریکـی کونکردنـی دیـواری خانووەکـە بـوو، لـەو کاتـە هاوسـەرەکەم چـووە شـوێنی خۆگۆڕیـن و بینـی سـەگەکە وا تەماشـای دەکات، لـەو کونـەوە هاتووەتـە ژوورەوە کـە خـۆی دروسـتی کـردووە. خـۆم زۆر لـە سـەگەکە تـوڕە بـووم، دەمویسـت گولەیـەک بنێـم بـە سـەریەوە، بـەڵام هاوڕێیەکـم هـات و یارمەتـی دام لـە چاکردنـەوەی دیوارەکـە، هـەر بورغوویـەک یـان هـەر پێکهاتەیەکـی خانووەکـەت ببینـی بووایـە دەتزانـی کـە چەنـدە خانووێکـی کۆنـە، وایـەرەکان کەڵکـی کارپێکردنیـان نەمابـوو، هیـچ شـتێک وەک سـەرەتای دروسـتکردنی خانووەکـە نەمابوویـەوە.

هەرچۆنێـک بێـت خانووەکەمـان چاککـردەوە. ژووری جلوبەرگـەکان وەک نموونەیەکـی ڕۆحـی ئێمـە بـوو، گوناهەکانمـان زیانمـان پـێ ناگەیەنـن، بەڵکـو لەناومـان دەبـەن، ڕۆحـی ئێمـە وەکـو تەختەدارێـک نییـە بـە دوو بزمـار چاکببێتـەوە، بەڵکـو وەک ژووری جلوبەرگەکانـە دەبێـت هەمـوو پارچەیەکـمان بگۆڕدرێـت.

نیقۆدیمـۆس دەبووایـە لـە ڕێـگای پەیمانـی کـۆن چیرۆکـی تـەواوی ئیسرائیلـی خوێندبووایـەوە. ودا تەنهـا نەگبەتـی و کەموکوڕیەکانمـان بـۆ دەستنیشـان نـاکات، بەڵکـو بەڵێنـی ڕزگارکردنمـان پێـدەدات، هـەروەک ئـەوەی بـە حزقیێلـی گوتـووە: «دڵێکـی نوێتـان دەدەمـێ و ڕۆحێکـی نـوێ دەخەمـە ناوتانـەوە، ئـەو دڵـە بەردینەتـان لـێ دەکەمـەوە و دڵێکـی گۆشـتینتان دەدەمـێ. ڕۆحـی خـۆم دەخەمـە ناوتانـەوە، واتـان لـێ دەکـەم کـە ڕێـگای فەرزەکانـم پەیـڕەو بکـەن و حوکمەکانـم بەجێبهێنـن و کاریـان پـێ بکـەن» (حزقیێـل ٣٦: ٢٦-٢٧). خـودا ڕۆحـی خۆیـمان پێـدەدات تاکـو لـە ژیـان بـەردەوام بیـن.

بۆیـە کاتێـک عیسـا بـە نیقۆدیمۆسـی گـوت کـە دەبـێ ژیانێکـی نـوێ دەسـت پێبـکات و پڕبـێ لـە ڕۆحـی پیـرۆز، ئـەوا دەبووایـە ئەویـش بیگوتبـا: «ئـەوە ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە

چاوەڕێمان دەکرد و ئەوەی کە پێویستمان پێیەتی.»

## چۆن دووبارە لەدایک ببینەوە؟

بەڵام نیقۆدیمۆس بەم شێوەیە بیری نەدەکردەوە، بەڵکو دەیویست یەکسەر شتەکان ڕووبدەن، بەڵام مەسیح داوای لێکرد کە دڵی خۆی بگۆڕێت تاکو ژیانێکی نوێ دەست پێبکات. دەبووا مەسیح پێی بگوتبا: «سەرسام مەبە». لەوانەیە سەرسامبیت بەو بەزەییەی ئەو.

نیقۆدیمۆس دەیزانی ناتوانێت بە تەنها جارێکی دیکە بە لەدایک ببێتەوە، بۆیە عیسا هەستی کرد بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە ئەو قسانەی کرد بەم شێوەیە کاریگەری هەبوو، وەک بایەک کە هەر کوێیەکی بوێت بۆی دەچێت.

کەواتە دەبێت نیقۆدیمۆس چی بکات؟ چۆن بتوانێت جارێکی دیکە بە ڕۆحێکی دیکە لەدایک ببێتەوە؟

هەواڵە ناخۆشەکە کە نیقۆدیمۆس خۆشی دەیزانی ئەوەبوو کە کەسەکان ناتوانن خۆیان وابکەن دووبارە لەدایکببنەوە، شتێکی مەحاڵە، بەڵام هەواڵێکی خۆشیش هەیە، ئەویش بریتیبوو لەو هەموو کاتەی کە عیسا قسەی دەکرد و بۆی باسدەکردن کە ئەو هاتووە تاکو شتە مەحاڵەکان ڕووبدەن.

لەو ماوەیەی عیسا هات، مزگێنی و پەیمانی زیندووبونەوە و ژیانی هەتاهەتایی پێماندا.

> «ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی گەورەمان! بەگوێرەی بەزەییە فراوانەکەی لەدایکبوونەوەی پێ بەخشین مەبەست لە خوداوە لەدایک بووین، (بڕوانە یۆحەنا ٣: ٣-٨). بۆ هیوایەکی زیندوو بە هەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان، بۆ میراتێک کە نافەوتێت و گڵاو نابێت و کاڵ نابێتەوە، بۆ ئێوە لە ئاسمان پارێزراوە (یەکەم پەترۆس ١: ٣-٤).

خودا تەنها سەر لە نوێ نامان هێنێتە دنیاوە، بەڵکو بەزەییمان بەسەردا دەبارێنێت، وامان لێ دەکات بژین، ئەوانە هەموو وەک دیاری وان.

## ئەنجامی دوبارە لە دایک بونەوە چیە؟

هەرکاتێک کە کەسێک دوورەبارە لەدایک دەبێتەوە ئەوا ئەنجامێک لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت،

هەروەک لە کرداری نێردراواندا هاتووە: «یەک لەوان کە گوێی دەگرت ژنێکی خواپەرست بوو بە ناوی لیدیا، خەڵکی شاری سیاتیرا و بازرگانی کوتاڵی گرانبەها بوو. مەسیحی خاوەن شکۆ دڵی کردەوە تاکو سەرنج بداتە قسەکانی پۆڵس. کاتێک خۆی و خاووخێزانی لە ئاو هەڵکێشران، پاڕایەوە: «ئەگەر بەڕاستی باوەڕتان وایە کە من باوەڕم بە مەسیحی خاوەن شکۆ هێناوە، ئەوا وەرنە ماڵەکەم و بمێننەوە.» ئیتر ناچاری کردین.» (کرداری نێردراوان ١٤:١٦).

خودا دڵی لیدیای گۆڕی، وایکرد کە دووبارە لەدایک ببێتەوە.

کتێبی پیرۆز بە «گۆڕین» ناوی هێناوە، دووبارە لەدایکبوونەوە دیارییەکە لەلایەن خوداوە و کاریگەری لەسەر ژیانمان دەبێت، دەمانگۆڕێت و دەمانکات بە کەسێکی دیکە، ژیانمان لە شێوەیەکەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی دیکە، خودا نامانهێنێتە دونیاوە و بەتەنها بەجێمان بهێڵێت، باوەڕ و خۆشەویستیمان پێدەدات، ژیانێک بە ڕۆحی پیرۆزەوە بگۆڕیین و لە کەسێکی گوناهبارەوە بمانکات بە کەسێکی پڕ لە باوەڕ لەژێر ناوی عیسای مەسیح.

ئەو گۆڕانکارییە وەک گۆڕینی کەلوپەلێکی ناو ماڵەکەت نییە، بەڵکو گۆڕانی ژیان و ڕۆحە.

پەترۆس پێمان دەڵێت: «کەواتە ئەگەر هەرکەسێک لەگەڵ مەسیحدا ببێتە یەک، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ. شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هاتووە! ئەمەش هەمووی لە خوداوەیە، کە لەگەڵ خۆی لە ڕێگەی مەسیحەوە ئاشتی کردینەوە و خزمەتی ئەم ئاشتبوونەوەی پێدای» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧-١٨).

ئەگەر باوەڕت بە مەسیح هێناوە و دووبارە لەدایک بوویتەوە ئەوا تۆ کەسێکی نوێیت.

ئێستا دەبێت ئاگاری شتێک بین و بەهەڵە تێنەگەین. لەوانەیە هەموو ئەو شتانە ببێتە هۆی گۆڕانی ناخ و ڕەفتار و هەڵسوکەوتمان، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە هەموو

تاوانەکانمان لێ دوورناخەنەوە ئینجیل ڕاستەقینەیە. ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە پێویستە لێی تێبگەیت. پۆڵسی نێردارو کاتێک باوەڕی هێنا و ژیانی بەجۆرێک گۆڕدرا بەڵام دوور نەبوو لە تاوان.

«ئیتر نازانم چی دەکەم، چونکە ئەوەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەوەی ڕقم لێیەتی ئەوە دەکەم.» (ڕۆما ٧: ١٥)

بەڵام هەر چۆنێک بێت ڕۆحی پیرۆز ژیانێکی نوێمان پێدەدات، لەوانەیە گۆڕانکارییەکان کەمێک هێواش بن، بەڵام ئەوە ڕێک ئەو شتەیە دەبێت لێی تێبگەیت، چونکە ئەوە گواستنەوەی ژیانی خۆتە لە شانشینی تاریکییەوە بۆ ژیانێکی پڕ لە ڕووناکی.

«بەڵام ئێوە گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینیێتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان تاکو چاکیەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی.» (یەکەم پەترۆس ٢:٩)

پەترۆس دەڵێت ڕۆحی پیرۆز میوە بەرهەم دێنێت لە باوەڕداران، ئەوانیش کردار و ڕەفتارن.

«بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، ٢٣دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. شەریعەت نییە لە دژی ئەمانە بێت. ٢٤بەڵام ئەوانەی هی عیسای مەسیحن سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیان لە خاچ داوە.» (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٤)

## چۆن دەزانین کە دووبارە لەدایک بووینەتەوە؟

پرسیارە گەورەکە لێرەیە، چۆن دەزانین دووبارە لەدایک بوینەتەوە؟ نوێبوونەوە یان لەدایکبوونەوە شتێک نییە بدرەوشێتەوە یان جلوبەرگێک نییە لەبەری بکەیت و لە دوورەوە دیار بێت، وە لەنێو مێشکیشت هاوار ناکات و پێت بڵێت کە نوێ بوویتەوە، هێزێکی سەرووی سروشتی نییە تاکو پێی بتوانی هەموو شتێکی پێ ئەنجام بدەیت.

ڕوونتر بڵێین شتێکی ئاسان نییە و نازانین کە کێ لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە ئەو دیارییەی وەرگرتووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە هیچ ڕێگایەک نیە کە خۆتی پێ تاقی کەیتەوە. خۆت دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوەیە بکەیت و ببینیت، تەماشای خۆت بکە و بزانە ئەم میوەیە بەرهەم دەهێنیت؟ لەوانەیە هەست بەو گۆڕانکارییە نەکەی، بەڵام بەردەوام کاریگەری لەسەر ژیانت دەبێت. تەنها خودا بە تەواوی دەزانێت کە کێیە بەرهەمی خۆی دەدات و کاریگەری دەبێت.

ئەوە کردارێکی هەندە ئاسان نییە، زیاتر دەبێت لە کڵێساکان ئەنجام بدرێت، پێویستیت بە هەندێک لە باوەڕداری دیکەیە کە ماوەیەکی باشە دەتناسن و ئەوکاتە دەزانیت کە هەتاچەند کاریگەری لەسەرت هەبووە، ئەگەر کەسێکی بێهیوا و نائومێد بیت ئەوکاتە لەوانەیە بتوانن کەمێک هیوات هەبێت، ئەگەر وەکو من بیت و کەسێکی ڕقهەڵگر و پڕ بیت ئەوا دەتوانن یارمەتیت بدەن و کەمێک لەو ڕقەت کەم بکەنەوە.

## پێنج لەو شتانەی کە هەموو مەسیحەکان هەیانە

ئەو بەڵگانە چین کە گۆڕانکاریەکانمان بۆ دەردەخەن؟ لە بەشەکانی داهاتوودا باس لەو پێنج شتانە دەکەین کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە و هاوکارن بۆ گۆڕانکارییەکان لە ژیانمان دا، لەوانەیە هەتا ئێستا لەژیانی خۆتدا هەستت بەو گۆڕانکارییانە کردبێت، ئەگەر ئەو شتانە لەتۆدا نییە ئەوا دەبێت بیرێکی لێ بکەیتەوە.

بیروباوەڕ و بنەما، تەنها لەبەر ئەوەی مەسیحت خۆشدەوێت واتای ئەوە نییە کە باوەڕداریت.

ڕق بوونەوە لە تاوان، نابیتە کەسێکی باوەڕدار ئەگەر بە ئەنجامدانی تاوان دڵخۆش بیت، هەروەها باوەڕیت تەنها ماوەیەک بێت.

خۆشەویستیت بۆ خەڵکی دیکە، نابیتە باوەڕدار ئەگەر خۆشەویستی و گرنگی پێدانت بۆ خەڵکی نەبێت.

ئازادی لە خۆشەویستی، نابیتە باوەڕدار ئەگەر دەستکەوتەکانی ژیانت لەخودا زیاتر خۆشتربوێت.

لە ڕۆژی دواییدا هیچ شتێک گرنگی بۆ تۆ نییە ئەگەر دووبارە لەدایک نەبیتەوە، ناچیتە شانشینی ئاسمان لەبەر ئەوەی تۆ لە خێزانێکی باوەڕدار لەدایک بوویت یان لە کڵێسا گەورەبوو بیت، وەک یەحیای لەئاوهەڵکێش کە فەریسیەکانی لە ئاو هەڵدەکێشا.

> «با بەرهەمێکتان هەبێت لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. پێتان وا نەبێت دەتوانن بەخۆتان بڵێن: "ئیبراهیم باوکمانە." پێتان دەڵێم، خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ ئیبراهیم دروستبکات. ئەوەتا تەور خراوەتە سەر ڕەگی دار، هەر دارێک بەرهەمی باش نەدات، دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەوە.» (مەتا ٣: ٨-١٠)

نامانەوێت وەک فەریسییەکان لووتبەرز بین، پێویستە بە بەردەوامی لە باشی بەرهەمەکانمان دڵنیا ببینەوە، پێویستە خۆمان و هەریەکەمان بەو کارە هەڵبستین، لەگەڵ ئەو کەسانەی باوەڕمان پێیان هەیە، هەتا ئێستا باسی ژیانی خۆت بۆ خوشک و براکانت کردووە لە کڵێسا؟

## ڕاوەستە، شتێک ماوە!

هێشتا شتێک ماوە باسی بکەین، کاتێک کە دەتەوێت بزانیت ئاخۆ باوەڕدارێکی ڕاستەقینەیت یان نا دەبێت ئاگاداری ئەو شتانەبین کە کاریگەری بەسەرمانەوە هەیە ئەگەر نا گومڕا دەبین.

لەبیرت بێت کە خودا ڕزگارکەرمانە و هیچ گومانێک لەوە دا نییە، ئەگەر وادەزانی تەنها بە ئەنجامدانی کاری باش دەتوانیت خۆت ڕزگاربکەیت ئەوا هەڵەیت، لەبیرت بێت کەسمان ناتوانین لەدوای مردن خۆمان زیندوو بکەینەوە.

بە وردی سەرنج لەم نووسینەی پۆڵس بدە:

> «بەڵام خودا کە دەوڵەمەندە لە بەزەیی، لەبەر ئەو خۆشەویستییە مەزنەی بۆ ئێمەی دەربڕیوە، ٥ئێمە کە بەهۆی گوناهەکان مردبووین، لەگەڵ مەسیح زیندووی کردینەوە. بە نیعمەت ڕزگارتان بووە. خودا ئێمەی لەگەڵ عیسای مەسیحدا هەستاندەوە و بە هۆی یەکبوون لەگەڵ ئەودا لە شوێنەکانی ئاسمان داینانین، تاکو لە دنیای داهاتوو

دەوڵەمەندی نیعمەتی بێ هاوتای خۆی لە ڕێگەی میهرەبانییەکەیەوە بۆ ئێمە دەربخات کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکین. لەبەر ئەوەی بە نیعمەت ڕزگارتان بوو لە ڕێگەی باوەڕەوە، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، بە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات، چونکە ئێمە دروستکراوی دەستی خوداین، لە ڕێگەی یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیح دەبینە بەدیهێنراوێک بۆ کاری چاکە، کە خودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنین.» (ئەفەسۆس ٢: ٤-١٠)

ئێستا تێگەیشتیت؟ کاتێک لە ژیاندا نەبووین خودا ژیانی وەک دیارییەک پێداین، لەڕاستیدا خودا بە ئەنقەست ژیانی پێداین تاوەکو لەخۆبایی نەبین و وابزانین خۆمان ژیانی خۆمان ڕزگارکردووە وەک ئەوەی لە (ڕۆما ٣: ٢٧) هاتووە: «بۆیە لەخۆباییبوون لەکوێیە؟ نەماوە. بەپێی چ بنەمایەک؟ ئایا بەپێی بنەمای کردار؟ نەخێر، بەڵکو بەپێی بنەمای باوەڕ» خودا ڕزگارمان دەکات، واتا ئەو کارە باشانەی کە دەیکەین یان دەمانەوێت ئەنجامی بدەین هەرگیز ناتوانن ڕزگارمان بکەن.

لەجیاتی ئەمانە خودا خۆشەویستی و بەزەیی دەبێت لەگەڵمان، تاوەکو بەرهەمی باشمان هەبێت، خودا ئامادەکاری بۆ هەموو شتێک کردووە، بۆیە ئێمەش دەتوانین هەوڵی ڕزگارکردنی خۆمان بدەین.

مەبەستی ئێمە لەو پەرتووکە ئەوە نییە بزانین داخوا بە کارە باشەکانمان چەندە خۆشەویستی و بەزەیی خودامان بەدەست هێناوە، بەڵکو دەمانەوێت بزانین چۆن خودا لە ژیانی هەر یەکێکمان ئەم کارانەی ئەنجام داوە. کەواتە با دەست پێ بکەین.

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟

## ڕەنگدانەوە:

پێش ئەوەی دەست بکەی بە خوێندنەوەی ئەم بەشە ئەو پرسیارە لە خۆت بکە، واتای وشەی (باوەڕدار) چییە لەلای تۆ؟

ئایا لەوەتەی ئەم پەرتووکە دەخوێنیتەوە بیرکردنەوەت دەربارەی گۆڕاوە؟

دەبێت چی ڕاستییەک هەیە بیزانین تاوەکو بتوانین دووبارە لەدایک ببینەوە؟

پێتوایە چی شتێک کاریگەری هەیە لە نوێبوونەوەمان و گومڕامان دەکات؟

## تۆبەکردن:

لەبەرامبەر خودا دان بە گوناهباری خۆتدا بنێ و بڵێ شایەنی سزام.

ئەگەر هەتا ئێستا لەدایک نەبوویتەوە، ئەوا داوا لە خودا بکە ژیانێکی نوێت پێ ببەخشێت.

## لەبیرت بێت:

بیر بکەوە لە (مەتا ١١: ٢٨-٣٠): «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە. ٢٩نیری من بخەنە سەر خۆتان و لە منەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و بێفیزم، حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە. ٣٠نیرەکەم گونجاوە و بارم سووکە.“

هەر یەک لە ئێمە بارێکی زۆری لە خەم هەڵگرتووە، بەڵام مەسیح بانگی هەموومان دەکات و پێمان دەڵێت گرنگ نییە چیمان ئەنجام داوە و گوناهمان چییە، بەڵێنی حەسانەوە و ئارامی بەوانە دەدات کە بە باوەڕەوە دەچنە لای.

## ڕاپۆرت:

داوا لە ڕابەر یان هاوڕێیەکی کڵێسات بکە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە لەدایک بوونەوە.

# ٣

## تۆ مەسیحی نیت

## تەنها لەبەر ئەوەی (مەسیح)ت خۆشدەوێت

(جۆن لینن) لە ساڵی ١٩٦٦ گروپێکی دروستکرد بۆ مۆسیقا و گۆرانی، گروپەکە لە مەسیح بەناوبانگتربوون، چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگیان سازدا و سەردانی چەندین ولایەتیان کرد، ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی ئەو گروپە میوزیکییە بوو، بەڵام پاشان لینن کۆچی دوایی کرد و گروپەکەش بە تەواوەتی کۆتاییان پێهات.

لەگەڵ تێپەڕینی هەر ساڵێک مەسیح زیاتر و زیاتر بەناوبانگ دەبێت، ماوەی دوو هەزار ساڵە خەڵک گفتوگۆی لەسەر دەکەن، هەفتانە لە کەناڵەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان، هەروەها دەرهێنەری فیلمەکان لە کاتەکانی جەژنی سەری ساڵ و سوپاسگوزاری داهاتیان زیاتر دەبێت، بەکارهێنانی ناوی مەسیح وەک بازرگانییەک زۆر زیادی کردووە لەوەتەی پارەی زیاتریان دەستدەکەوێت.

هەندێک لەو بابەتانە ئەمانەن:

١. بەرنامەیەکی خۆ لاوازکردن لەسەر هەمان سیستەمی خۆراکی مەسیح «عیسا چی دەخوارد؟» نرخی تەنها ١٤.٩٩$. پێموابێت عیسا هەر هەمان شتی دەخوارد کە خەڵکی فەلەستین لەو کات دەیانخوارد، وەکو: هەنجیر، ماسی، نان و زەیتوون.
٢. بەکارهێنانی ئەو وشانەی وەک «عیسا تۆی خۆشدەوێت» وەک کارێکی بازرگانی لێهاتووە، تۆش دەتوانیت بیرۆکە و کارەکانت لەنێو ئەمدا بشاریتەوە چونکە خەڵکی لە بیابانەکان و کەنار دەریاکاندا بەدوای شتە شاراوەکاندا دەگەڕێن.
٣. بەکارهێنانی ناوی مەسیح لەسەر جلوبەرگ، تەنانەت لەسەر جلوبەرگی سەگەکان نوسراوە «عیسا منی خۆشدەوێت» یان یەکێکی دیکە نوسراوە «عیسا جامی سەگەکەم بۆپڕدەکات» بەڕاستی نازانم واتای ئەو شتانە چییە.

عیسا لەنێو ئەو کەسانەی کە باوەڕداریش نین ناسراوە، لەنێو بیروباوەڕ و ئایینەکان ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگیرێت، (دەلالی لاما)ی چواردەمین، یەکێکە لە ڕێبەرانی ئایینی

بـودای لـە تبـت، عیسـا وەک «مـژدە هێنـەر» دادەنێـت و وەک مامۆسـتایەک تەماشـای دەکات.

دامەزرێنـەری هیندسـتان (مەهتامـا غانـدی) بابەتێکـی لەسـەر مەسـیح نووسـیوە و دەڵێـت : «مەسـیح کەسێکی خۆڕاگـر و خۆشەویسـت و پـڕە لـە بەزەیـی، خەڵکەکـەی خـۆی فێرکـردوە کـە ئەگـەر کەسێک زلەیەکـی لێدایـت نەکـەی تۆڵـەی خـۆت بکەیتـەوە، بەڵکـو لایەکـەی دیکەشـی بـۆ ڕابگـرە، ئەمـەش جوانتریـن نموونەیـە.»

ڕۆژێکیـان زانـای بەناوبانـگ (ئەلبێـرت ئەنشـتاین) گوتـی: «خـۆم کەسێکی جولەکـەم، بـەڵام هیـچ کەسێک ناتوانێـت بەبـێ ئـەوەی هەسـت بـە مەسـیح بـکات کتێبـی پیـرۆز بخوێنێتـەوە، کەسـایەتییەکی مەزنـە و هیـچ ناڕاسـتیەکی تێـدا نابینـم.»

تەنانەت قورئانیش ئاماژە بە مەسیح دەدات وەک پێغەمبەر و نێردراوی خودا.

کەواتـە چیـمان پـێ دەکرێـت بـۆ ئـەم بەناوبانگییـە؟ شـتێکی زەحمـەت نییـە نەتوانیـت تێبەگەیـت لـەوەی کـە تەنهـا بـە خۆشویسـتنی مەسـیح نابیتـە مەسـیحی، هەروەهـا ئەگـەر کەسێک مەسـیحی خۆشـنەوێت ئـەوا مەسـیحی نییـە، بـەڵام ئایـا دەتوانیـن بڵێیـن خۆشەویسـتییەکە بەسـە بـۆ ئـەوەی خـۆت بـە مەسـیحی بزانیـت؟ ئەگـەر بـوودا و هینـدی و موسـوڵمانەکان تەنانـەت ئەوانـەی باوەڕیـان بـە هیـچ شـتێک نییـە مەسـیح وەک کەسێکی بـاش و مـەزن و خـاوەن پایـە بزانـن، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە ئەمـە نابێتـە پێـوەر.

لـە کتێبـی پیـرۆزدا هاتـووە کـە عیسـا ڕێـزی لـەو کەسـانە گرتـووە کـە خۆشیویسـتوون و پێـی گوتـوون کـە بـاوەڕ بـەو شـتە دەکـەن کـە ئـەو دەیڵێـت، بـەڵام عیسـا تەماشـای کـردوون و پێـی گوتـوون "ئێـوە لـە مـن نیـن."

> «بـە ڕێـگادا دەڕۆیشـتن، یەکێـک پێـی گـوت: «بـۆ کـوێ بڕۆیـت دوات دەکـەوم.» عیسـاش پێـی فەرمـوو: «ڕێوی کونـی هەیە و باڵندەی ئاسـمانیش هێلانـە، بـەڵام کـوڕی مـرۆڤ جێیەکـی نییـە سـەری لـێ دابنێـت.» بـە یەکێکـی دیکـەی فەرمـوو: «دوام بکـەوە.» ئەمەیـان گوتـی: «گـەورەم، ڕێـگام بـدە یەکـەم جـار بچـم باوکـم بنێـژم.» عیسـاش پێـی فەرمـوو: «واز لـە مـردووان بهێنـە بـا مردووەکانـی خۆیـان بنێـژن، بـەڵام تـۆ بـڕۆ مزگێنـی پاشـایەتی خـودا بـدە.» یەکێکـی دیکـە گوتـی: «گـەورەم، دوات دەکـەوم، بـەڵام جـارێ لێمگـەڕێ بـا ماڵئاوایـی لـە خانەوادەکـەم بکـەم.» عیسـاش

پێـی فەرمـوو: «هەرکەسـێک دەسـت لەسـەر گاسـن دابنێـت و ئـاوڕ لـە دواوە بداتـەوە، بەکەڵکـی شانشـینی خـودا نایـەت.» (لۆقـا ٩: ٥٩-٦٢)

«کابرایەکـی دەسـەڵاتدار پرسـیاری لێکـرد: «مامۆسـتای بـاش، چـی بکـەم تاکو ژیانـی هەتاهەتایـی بـە میـرات وەربگـرم؟» عیسـا پێـی فەرمـوو: «بۆچی بـە بـاش نـاوم دەبەیـت؟ بێجگـە لـە خـودا کـەس بـاش نییـە. ڕاسـپاردەکان دەزانیـت: [داوێنپیسـی مەکـە، مەکـوژە، مـەدزە، شـایەتی درۆ مـەدە، ڕێـزی دایـک و باوکـت بگـرە.]» (١٨:٢٠ دەرچـوون ١٢:٢٠ و دواوتـار ١٦:٥-٢٠)

ئەویـش گوتـی: «هەمـوو ئەمانـەم لـە منداڵییـەوە پاراسـتووە.» عیسـاش گوێـی لەمـە بـوو، پێـی فەرمـوو: «هێشـتا شـتێکت کەمـە. چیـت هەیـە هەمـووی بفرۆشـە و بەسـەر هـەژاران دابەشـی بکـە، لـە ئاسـماندا گەنجینەیەکـت دەبێـت. ئینجـا وەرە دوام بکـەوە.» (لۆقـا ١٨: ١٨-٢٢)

## پێویستە باوەڕبکەیت

بـە تەنهـا خۆشویسـتنی مەسـیح ئـەوە ناگەیەنێـت کـە تـۆ باوەڕدارێکـی تەواویـت، بەڵکـو دەبێـت بـاوەڕت پێـی هەبێـت، بـاوەڕت بـەوە بێـت کـە پێـت ڕاگەیانـدراوە.

نامەوێـت قسـەکانی مـن وەک خـۆی وەربگریـت، بـەڵام بـە گرنگیشـی بزانـە، زیاتـر پشـت بـە کتێبـی پیـرۆز ببەسـتە، ئەوانـەش چەنـد بەڵگەیەکـن لەسـەر باوەڕهێنـان:

«لەبـەر ئـەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانـی خۆشویسـت، تەنانـەت کـوڕە تاقانەکـەی بەختکـرد، تاکـو هەرکەسـێک بـاوەڕی پـێ بهێنێـت لەنـاو نەچێـت، بەڵکـو ژیانـی هەتاهەتایـی هەبێت، چونکـە خـودا کوڕەکـەی نەنـاردە جیهـان تاکو جیهـان حوکـم بـدات، بەڵکـو تاکـو جیهـان بـەوەوە ڕزگاری ببێـت. ئـەوەی بـاوەڕی پـێ بهێنێـت حوکـم نادرێـت، بـەڵام ئـەوەی بـاوەڕ ناهێنێـت ئـەوا حوکـم دراوە، چونکـە بـاوەڕی بـە نـاوی کـوڕە تاقانەکـەی خـودا نەهێنـاوە.» (یۆحەنـا ٣: ١٦-١٨)

«ئـەوەی بـاوەڕ بـە کوڕەکـە بهێنێـت ژیانـی هەتاهەتایـی هەیـە. بـەڵام ئـەوەی گوێڕایەڵـی کوڕەکـە نییـە ژیـان نابینێـت، بەڵکـو تووڕەیـی خـودای لەسـەر دەمێنێـت.» (یۆحەنـا ٣: ٣٦)

«لەبـەر ئـەوە لێیـان پرسـی: «چـی بکەیـن تاکـو کارەکانـی خـودا بکەیـن؟» عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «کاری خـودا ئەمەیـە: بـاوەڕ بهێنـن بـەوەی ناردوویەتـی.» (یۆحەنـا ٦: ٢٨-٢٩)

«بـەڵام ئێسـتا بەبـێ شـەریعەت بێتاوانکـردن لەلایـەن خـوداوە ئاشـکرا کـرا، تـەورات و پێغەمبەرانیـش شـایەتی بـۆ دەدەن. ئـەم بێتاوانکردنـە لـە خوداوەیـە لـە ڕێگـەی بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح، بـۆ هەمـوو ئەوانەیـە کـە بـاوەڕ دەهێنـن، بەبـێ جیاوازی، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو گوناهیـان کـرد و لە شـکۆی خـودا کەوتـن و بەخۆڕایـی بـە نیعمەتـی ئـەو بێتـاوان کـران، بـەو کڕینەوەیەی کـە لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە هەیـە. خـودا مەسـیحی وەک کەفـارەت پێشـکەش کـرد، ئەگـەر بـاوەڕ بـە خوێنـی ئـەو بهێنیـن. ئەمـەی بـۆ دەرخسـتنی دادپەروەرییەکـەی خـۆی کـرد، بـۆ چاوپۆشـی کـردن لـە گوناهەکانـی ڕابـردوو، بـە پشـوودرێژیی خـودا.» (ڕۆمـا ٣: ٢١-٢٥)

«بەبـێ بـاوەڕ مەحاڵـە ڕەزامەنـدی خـودا بەدەسـتبهێنرێت، چونکـە ئـەوەی لـەو نزیـک بێتـەوە، دەبـێ بـاوەڕی بـە بوونـی ئـەو هەبێـت و پاداشـتی ئەوانـەش دەداتـەوە کـە بـە پەرۆشـەوە ڕوویـان لـەو دەکـەن.» (عیبرانییـەکان ١١: ٦)

شـتەکە زۆر ڕوون و ئاشـکرایە کـە ئەمـە ڕێگایەکـە بـۆ بـوون بـە باوەڕدارێکـی ڕاسـتەقینەیە، عیسـا دەڵێـت کـە ژیانـی هەتاهەتایـی لـە بـاوەڕەوە دێـت، پۆڵـس دەڵێـت بەهـۆی بـاوەڕەوە گرنگـی قوربانیدانەکـەی مەسـیح دەزانیـن. هەروەهـا یەکێـک لـە نووسـەرانی جولەکـە دەڵێـت، هەموومـان بەهـۆی بـاوەڕەوە دڵخـۆش دەبیـن.

بەهـۆی بـاوەڕەوە منداڵەکانـی خـودا جیادەکرێنـەوە لـەو کەسـانەی تەنهـا ڕێـز لـە مەسـیح دەگـرن، ئەگـەر بـاوەڕت هەبێـت ئـەوا تـۆ باوەڕداریـت، ئـەو جـۆرە قسـەکردن و لێدوانانـە پێویسـتی بـە ڕوونکردنەوەیەکـی زۆر هەیـە.

وشـەی بـاوەڕ واتـای چییـە بـە پێـی کتێبـی پیـرۆز؟ وشـەی بـاوەڕ بـۆ زۆر شـت بـەکار دەهێنیـن بـۆ نمونـە بـۆ وەسـفکردنی سیسـتەمە ئایینییـەکان، هەروەهـا لـە لایەن موسـوڵمان و مەسـیحییەکان شـوێنکەوتووانی خۆیـان بـە خەڵکـی بـاوەڕدار وەسـف دەکـەن، یـان لەنێـو زۆر بوارەکانـی دیکـە بەکاردەهێندرێـت وەک تیمێکـی تۆپـی پـێ کاتێـک یاریزانێکیـان زۆر

بەتوانایە لە یارییەکە و دەڵێن زۆر باوەڕمان هەیە بەو یاریزانە و دڵنیاین لەوەی کاتێک ئەومان لەگەڵە براوە دەبین.

هەندێک جار خەڵکی لەسەر وشەی باوەڕ گفتوگۆ دەکەن و دەیانەوێت بزانن ئاخۆ باوەڕ تەنها شتێکە و بۆ خۆمان دروستمان کردوە یان شتێکە بەڕاستی هەیە، یاخود لە دژی یەکتری بەکاری دەهێنین، بۆ نمونە وەک هەوادارێکی یانەی ئیگڵی فلیدافیا، هەموو جارێک کە یارییەک دەکەن هەوڵدەدەم باوەڕم بەوە هەبێت کە ئەمجارە لە یاریەکە براوە دەبن و خەڵاتی سوپەر بۆڵ دەبەنەوە، بەڵام هەرگیز ئەو شتە ڕوونادات.

بەڵام باوەڕ لەلای باوەڕداری ڕاستەقینە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو بریتییە لە باوەڕهێنان بەوەی عیسا دەیڵێت لەسەر ژیانی هەتاهەتایی و تاریکی. ئەوانیش بەم شێوەیە لێکدەدرێنەوە: ناوەڕۆکی بابەت و دڵنیایی و دڵسۆزی.

## ناوەڕۆکی بابەت

بۆ ئەوەی باوەڕدار بین دەبێت شتی زۆر بزانین سەبارەت بە خۆمان و مەسیح، مەسیح ئەو کەسە بوو کە کاری زۆری بۆ ئێمە ئەنجام دا، بۆیە پۆڵس لێمان دەپرسێت و دەڵێت: «ئیتر چۆن لە یەکێک دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان پێی نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێک دەهێنن ئەگەر نەیانبیستبێت؟ چۆنیش دەیبیستن بێ ئەوەی یەکێک پێیان ڕابگەیەنێت؟» (ڕۆما ١٠: ١٤).

ئەگەر زانیاریت لەسەر شتێک نەبوو دەتوانیت باوەڕی پێ نەکەیت، کاتێک باسی باوەڕێک دەکرێت دەبێت ناوەڕۆکێک هەبێت، ناتوانیت یەکسەر باوەڕبکەیت، بە تەواوی باسی باوەڕ و ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز کراوە، پۆڵس بۆمانی نوسیوە و پێمان دەڵێت ڕزگاربوونمان بەهۆی: «باوەڕمان بە ڕاستییەکان» بووە: «بەڵام ئەی خوشک و برایانی خۆشەویستی مەسیحی خاوەن شکۆ، ئێمە دەبێت هەردەم لەبەر ئێوە سوپاسی خودا بکەین، چونکە خودا ئێوەی بە یەکەمین بەرهەم هەڵبژاردووە بۆ ڕزگاری بە پیرۆزکردنتان لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە و باوەڕکردنی ڕاستی» (دووەم سالۆنیکی ٢: ١٣). ئەگەر دەتەوێت ببیتە باوەڕدارێکی مەسیحی ڕاستەقینە دەبێت ئەم ڕاستییانە بزانیت:

### ١/ تۆ گوناهباریت

یەکەم شت دەبێت باوەڕت پێی هەبێت ئەوەیە کە دان بە گوناهەکانتدا بنێیت و

خۆت بە گوناهبار بزانیت، عیسا تەنها ئەو کەسانەی قبوڵە کە دان بە گوناهەکانیاندا دەنێن، دەتوانین بە ڕوونی ئەو شتە ببینین لەوەی کاتێک خەڵک دەهاتنە لای عیسا و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، زۆربەی جار بە دوو شێواز وەڵامی دەدانەوە، هەندێکیان کاتێک دەهاتنە لای بەخێرهاتنی گەرمی لێ دەکردن و هەندێکی دیکەش بە قسەی توند وەڵامی دەدانەوە. دەبێت بۆچی ئەو جیاوازییە هەبێت؟

بڕوانە (لۆقا ٥) و بزانە عیسا چۆن بە باجگرێک دەڵێت کە ناوی (لێڤی)یە، «وەرە و بەدوام بکەوە» بۆ ئەوەی بیکاتە یەکێک لە قوتابییەکانی. «لەدوای ئەمانە عیسا ئەوێی بەجێهێشت، باجگرێکی بینی ناوی لێڤی بوو، لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، پێی فەرموو: «دوام بکەوە.» ئەویش هەموو شتێکی بەجێهێشت، هەستا و دوای کەوت» (لۆقا ٥: ٢٧-٢٨).

لێڤی زۆر سەرسام ببو، بۆیە عیسای بانگێشت کردە ماڵەکەی خۆی بۆ خوانێک و هەموو هاوڕێ باجگرەکانی یاوەری خۆی بانگێشت کرد.

لەوانەیە بەلای تۆوە شتێکی زۆر گرنگ نەبێت، بەڵام بیری لێبکەوە ئەوانەی باجیان لە خەڵکی دەسەند خراپترین و تاوانبارترین کەسەکان بوون و یارمەتی حکومەتی داگیرکەری ڕۆمایان دەدا، پارەیان بۆ کۆدەکردنەوە و ناپاکییان لە خەڵکی خۆیان دەکرد، باخەڵی خەڵکەکەی خۆیان دادەتاشی و بڕێکی زۆر زیاتر لە پێویستییان بۆ حکومەتەکە دەنارد. بۆیە وەک دز وابوون و لەسەر باخەڵی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان خۆیان دەوڵەمەند دەکرد.

لە وەڵامی ئەو کارەی لێڤی و بانگێشتکردنی عیسا هاتن و گوتیان : «بەڵام فەریسی و مامۆستایانی تەورات کە فەریسی بوون بۆڵەبۆڵیان بەسەر قوتابییەکانیدا کرد و گوتیان: «بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران دەخۆن و دەخۆنەوە؟»» (لۆقا ٥:٣٠).

شتێکی ئاساییە ئەگەر بەم شێوەیە قسە بکەن، فەریسییەکان پیاوانی ئایینی بوون و خۆیان بە کەسانی باش و پارێزەری یاسا دەزانی، زۆریان لەلا سەیر بوو کە عیسا لەگەڵ کەسانی گوناهبار دادەنیشێت و نانیان لەگەڵ دەخوات، بەڵام «عیساش وەڵامی دانەوە: «لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن» (لۆقا ٥: ٣١-٣٢).

بەڕاستی وەڵامەکەی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، ئەی وانییە؟ لە شوێنێکی دیکە عیسا

دەڵێت من بۆ کەسانی ون بوو هاتووم: «چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە بەدوایلەناوچواندا بگەڕێت و ڕزگاریان بکات» (لۆقا ١٩:١٠).

هەردەم وامان زانیوە خودا لەگەڵ کەسە باشەکان باش و بە بەزەیی دەبێت و لەگەڵ خراپکارانیش تووڕە دەبێت و سزایان دەدات. بەڵام ئەوەتا عیسا دەڵێت کە تەنها بۆ گوناهباران هاتووە تاکو ڕزگاریان بکات.

بۆیە ئەگەر دەتەوێت ببیت بە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە دەبێت بە خۆت و گوناهەکانتەوە بێیتە بەردەمی تاکو ببەخشرێیت، دەبێت لە ڕۆحەوە هەژاربین. «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە ڕۆح هەژارن، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە» (مەتا ٥:٣).

دەبێت هەرچی پیاو و ئافرەت و منداڵی سەر زەوی هەیە لەگەڵ باجگرەکە بگریێن و هاواربکەن. «بەڵام باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیگوت: "ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە."» (لۆقا ١٨:١٣).

شتێکی دڵخۆشکەرە کاتێک دەبینین عیسا دەڵێت بۆ کەسانی گوناهبار هاتووم، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کەسێک بیەوێت تۆبە بکات و بگەڕێتەوە ئەوا عیسا دەرگای کراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا عیسا ئەو کەسانە ڕەت دەکاتەوە کە بەبێ ئەوەی دان بە گوناهەکانیاندا بنێن و تۆبە بکەن دێنە لای، هەرکەسێک خۆی پێ تەواو و بێ کێشە بێت ئەوا ڕزگاری نابێت.

## ٢/ عیسا دەسەڵاتی خودا و ژیانێکی مرۆڤانە

زانیمان کە بۆ ئەوەی ببیت بە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە دەبێت دان بە گوناهەکانتدا بنێیت و داوای لێخۆشبوون بکەیت، هەروەها هەندێک شت هەیە دەبێت دەربارەی مەسیح بیزانیت. بۆ ئەوەی تێبگەیت دەبێ باوەڕت بەوە هەبێت کە عیسا دەسەڵاتی خودایە و مرۆڤێکە لەسەر زەوی.

با یەکەمجار لەسەر عیسا دەسەڵاتی خودا دەست پێ بکەین، لە (ڕۆما ١٠) پۆڵسی نێردراو پێمان دەڵێت : «ئەگەر بە دەمت دانت پێدا نا کە عیسا پەروەردگارە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت. لەبەر

ئـەوەی بـە دڵ باوەڕهێنـان ئەنجامەکـەی بێتاوانبوونـە، بـە دەم دانپێدانـان ئەنجامەکـەی ڕزگارییـە» (ڕۆمـا ١٠: ٩-١٠).

بـۆ ئـەوەی ڕزگارت بێـت ئـەوا دەبێـت بـە دەم دان بـەوەدا بنێیـت کـە عیسـا کـوڕی خودایـە، مەبەسـتی پۆڵـس لـە دانپێدانـان بـە دەم ئەوەیـە کـە ئێمـە باوەڕمـان هەبێـت و بـەدڵ باوەڕبکەیـن و دانـی پێـدا بنێیـن کـە عیسـا کـوڕی خودایـە.

ئێسـتا دێمـە سـەر باسـی شـتی زۆر زیاتـر لەسـەر پادشـایەتی عیسـا، بـەڵام تێبینییـەک هەیـە لەسـەر دان پێدانـان بـە عیسـا وەک کـوڕی خـودا، تۆمـاس یەکێـک بـوو لـە دوازدە قوتابییەکـە و گومانـی هەبـوو لـە هەسـتانەوەی مەسـیح، دوای بینینـی عیسـا گوتـی: «تۆمـاس وەڵامـی دایـەوە: «ئـەی خـاوەن شـکۆ و خـودای مـن» (یۆحەنـا ٢٠: ٢٨).

ئەوکاتـە قوتابییـەکان زانییـان کـە مەسـیح خودایـە. هەروەهـا پۆڵـس خـۆی ئامـاژە بـۆ خودایەتـی مەسـیح دەکات و ڕوونـی دەکاتـەوە. (هـاری هرتـادۆ) ڕاڤـەکاری پەیمانـی نـوێ پێشـنیارێک دەکات و دەڵێـت: «بەکارهێنانـی وشـەی خـودا زیاتـر وەک دەربڕینێکـە بـۆ پەرسـتنی یەهـواه»٤ بـەردەوام نێـردراوەکان هەسـتیان دەکـرد ئـەوەی لـە کتێبـی پیـرۆزدا هاتـووە هەمـان شـتە لەگـەڵ ئـەوەی عیسـا دەیڵێـت و دەکات، دەسـەڵاتی مەسـیح دەتوانێـت گوناهەکانمـان لابـدات و لێمان خۆشـبێت و ئەوانەشـی تۆبـە ناکـەن سـزایان بـدات، ئەگـەر عیسـا خـودا نەبێـت ئەوکاتـە ناتوانێـت ڕزگارمـان بـکات.

بـەڵام دەبێـت ئەوەشـمان لەبیربێـت کـە عیسـا مرۆڤیـش بـوو، زۆرێـک لـە خەڵکـی لـە کڵێسـاکان موشـتومڕی ئەوەیـان بـوو کـە ئاخـۆ عیسـا خودایـە یـان مـرۆڤ، باوەڕیـان وابـوو کـە خـودا وەک مرۆڤێـک هاتـووە، نەیاندەتوانـی وا بهێنـە پێـش چاویـان کـە خـودا دەتوانێـت لـە شـێوەی مرۆڤێـک بێـت و وەک مـرۆڤ بژیێـت و وەک مـرۆڤ ئـازار و مـردن بچێژێـت. شـتێکی زەحمەتـە باوەڕبکەیـت، ئاخـر چـۆن دەبێـت خـودا بـەم شـێوەیە خـۆی نـزم بکاتـەوە؟

یۆحەنـای نێـردراو نامەیەکـی بـۆ کڵێسـایەک نوسـیوە و دەڵێـت: «ڕۆحـی خـودا بەمـە دەناسـنەوە: هـەر ڕۆحێـک دان بـەوەدا بنێـت کـە عیسـای مەسـیح لـە جەسـتەدا هاتـووە، ئـەوا ئـەو ڕۆحـە لـە خوداوەیە، بـەڵام هـەر ڕۆحێکیـش دان بـە عیسـادا نەنێـت، ئـەوا ئـەو ڕۆحـە لـە خـوداوە نییـە. ئـەو ڕۆحـە دژە مەسـیحە کـە بیسـتووتانە دێـت و ئێسـتا وا لـە جیهاندایـە.» (یەکـەم یۆحەنـا ٤: ٢-٣)

aیەهوا: لە زمانی عیبری بۆ ناوی خودا بەکاردێت. وەرگێڕ.

هـەروەک چـۆن عیسـا دەتوانێـت بـە دەسـەڵاتەکەیەوە ڕزگارمـان بـکات، ئـاواش دەتوانێـت وەک مرۆڤیـش بێـت ڕزگارمـان بـکات، چونکـە تەنهـا مـرۆڤ دەتوانێـت لـە جێـگای مـرۆڤ بوەسـتێت و ئـەو سـزایەمان بـدات کـە شـایەنین. تەنهـا مـرۆڤ دەتوانێـت خـۆی لـەو نەفرەتییـە ڕزگاربـکات کـە ئـادەم بەسـەرمانی هێنـا.

لەبـەر ئەمـە، چـۆن لـە ڕێگـەی مرۆڤێکـەوە گونـاە هاتـە جیهـان، لـە ڕێگـەی گوناهیشـەوە مـردن، بـەم شـێوەیە مـردن هەمـوو خەڵکـی گرتـەوە، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو گوناهیـان کـرد.

بێگومـان، پێـش هاتنـی تـەورات گونـاە لـە جیهانـدا بـوو، بـەڵام کـە شـەریعەتی تـەورات نەبێـت گونـاە ناژمێردرێـت. کەچـی مـردن لـە ئادەمـەوە هەتـا موسـا حوکمڕانـی دەکـرد، تەنانـەت بەسـەر ئەوانەشـەوە کـە لـە شـێوەی یاخیبوونەکـەی ئـادەم گوناهیـان نەکردبـوو، کـە نموونـەی ئـەو کەسـەیە کـە دێـت.

بـەڵام دیـاری وەکـو گونـاە نییـە. ئەگـەر زۆر کـەس بـە گوناهـی کەسـێک مـردن، جـا چەنـد زیاتـر نیعمەتـی خـودا و دیارییەکـە بەهـۆی نیعمەتـی مرۆڤێکـەوە کـە عیسـای مەسـیحە، بەسـەر زۆر کـەس ڕژا. هەروەهـا ئـەو دیارییـە وەک ئەنجامـی گوناهـی مرۆڤێـک نییـە: چونکـە حوکمـدان لـە یـەک گوناهـەوە تاوانبارکردنـی هێنایـە کایـەوە، بـەڵام دیـاری لـە گوناهـی زۆرەوە بێتاوانیـی هێنایـە کایـەوە. ئەگـەر بـە گوناهـی کەسـێک، مـردن لـە ڕێگـەی ئـەو کەسـەوە حوکمڕانـی کـرد، ئیـتر چەنـد زیاتـر ئەوانـەی پڕیـی نیعمـەت و دیـاری ڕاستودروسـتی وەردەگـرن، لـە ژیانـدا حوکمڕانـی دەکەن بـە کەسـێک کـە عیسـای مەسـیحە.

کەواتـە وەک چـۆن بـە یـەک گونـاە تاوانبارکـردن بـۆ هەمـوو مـرۆڤ هاتـە کایـەوە، بـە هەمـان شـێوە بـە کارێکـی ڕاستودروسـت بێتاوانکـردن هاتـە کایـەوە کـە ژیـان بـۆ هەمـوو مـرۆڤ دەهێنێـت. لەبـەر ئـەوەی وەک چـۆن بـە یاخیبوونـی کەسـێک زۆر کـەس گوناهبـار کـران، بـە هەمـان شـێوە بـە گوێڕایەڵـی کەسـێک زۆر کـەس بێتـاوان دەکرێـن.

تـەورات هـات تاکـو گونـاە زۆر بێـت. بـەڵام لەکـوێ گونـاە زۆر

بـوو، نیعمـەت زۆر زیاتـر بـوو، تاکـو چـۆن گونـاه بـە مـردن حوکمڕانـی کـرد، ئـاواش بـە ڕاستودروسـتی نیعمـەت حوکمڕانـی دەکات بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی بـە عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان. (ڕۆمـا ٥: ١٢-٢١)

لەبـەر ئـەوەی ئـەو سـەرۆکی کاهینانـە پایەبەرزەمـان هەیـە کـە بـە ئاسـماندا تێپـەڕی، عیسـای کـوڕی خـودا، بـا دەسـتبگرین بـەو بـاوەڕەی کـە دانمـان پێـدا نـاوە، چونکـە سـەرۆک کاهینێکـمان نییـە کـە نەتوانێـت هاوخەمـی لاوازییەکانمـان بێـت، بەڵکـو سـەرۆک کاهینێکـمان هەیـە کـە وەکـو ئێمـە لـە هەمـوو شـتێک تاقـی کراوەتـەوە، بـەڵام بـێ گونـاه دەرچـوو. بۆیـە بـا بـە متمانـەوە لـە تەختـی نیعمەت بچینـە پێـش، بـۆ ئـەوەی بەزەیـی وەربگریـن و نیعمـەت بدۆزینـەوە تاکـو لـە کاتی پێویسـتدا یارمەتیـمان بـدات. (عیبرانیـەکان ٤: ١٤-١٦)

کەواتە باوەڕدار دەبێت دان بنێت بە دەسەڵاتی عیسا وەکو مرۆڤ و وەکو خودا.

## ٣/ عیسای خودا، لە ڕێگەی مردنیەوە ئێمەی ڕزگارکرد

بـۆ ئـەوەی ببـی بـە مەسـیحییەکی ڕاسـتەقینە دەبێـت بـاوەڕت بـەوە هەبێـت کـە عیسـا کـێ بـوو و چـی کـرد، دەبێـت بـاوەڕت بـەوە هەبێـت کـە عیسـا کـوڕی خـودا و مرۆڤـە، هـات بـۆ ئـەوەی لـە خـاچ بدرێـت و ئەوانـەی ون بـوون بیاندۆزێتـەوە و لـە تاریکـی ڕزگاریـان بـکات، ئـەوەش دەمانـکات بـە باوەڕدارێکـی تـەواو، کاتێـک عیسـا لەپێنـاو گوناهەکانـی ئێمـە لەخـاچ درا تامـی مردنـی چێـژت.

«مەسـیح ئێمـەی لـە نەفرەتـی شـەریعەت کڕییـەوە، بـەوەی لەپێناومانـدا بووەنەفـرەت، چونکـە نـووسراوە : (هەرکەسـێک لەسـەر دار هەڵبواسرێـت نەفـرەت لێکـراوە.)» (گەلاتیـا ٣:١٣). وە توڕەیەکانـی خـودای لەسـەر ئێمـە لابـرد «بەخۆڕایـی بەنیعمەتـی ئـەو بێتـاوان کـران، بـەو کڕینەوەیـەی کەلەڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە هەیـە. خـودا مەسـیحی وەک کەفارەت پێشکەشـی کـرد، ئەگـەر بـاوەڕ بـە خوێنـی ئـەو بهێنیـن. ئەمـەی بـۆ دەرخسـتنی دادپەروەرییەکـەی خـۆی کـرد، بـۆ چاوپۆشـی کـردن لەگوناهەکانـی ڕابـردوو، بەپشـوودرێژیی خـودا.» (ڕۆمـا ٣: ٢٤-٢٥).

عیسـا بەهـۆی قوربانیدانەکەیـەوە هەمـوو لۆمـە و گوناهەکانـی ئێمـەی لابـرد بـۆ ئـەوەی ئێمـە ئـازاد بیـن.

«کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن.» (ڕۆما ٨: ١)

«ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لەپێناوی ئێمە کردییەگوناه، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بەڕاستودروستی خودا.» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)

کاتێک کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە ئەوە دەبینین کە قوتابییەکانی عیسا لەخاچدانەکەیان وەک بەشێک لە پەیامەکەی بە خەڵکەکە ڕادەگەیان. بۆ نموونە:

«ئەم بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی پێشووی خودا داتانەدەست، بەدەستی گوناهباران لەخاچتان دا و کوشتتان.» (کرداری نێردراوان ٢: ٢٣)

«سەرۆکی ژیانتان کوشت، بەڵام خودا لەنێو مردووان هەڵیستاندەوەو ئێمەشایەتین بۆ ئەمە.» (کرداری نێردراوان ٣: ١٥)

«با لەلای هەمووتان و هەموو گەلی ئیسرائیل زانراو بێت، بەناوی عیسای مەسیحی ناسیرەیی، ئەم ئیفلیجەکەبەو تەندروستییەلەبەردەمتان ڕاوەستاوەچاک بووەوە، بەناوی ئەو عیسایەی کەئێوەلەخاچتان دا و خوداش لەناو مردووان هەڵیستاندەوە.» (کرداری نێردراوان ٤: ١٠)

«بەڵام لەخوداوەیارمەتیم دەستکەوت و تاکو ئەمڕۆ وەستاوم، شایەتی بۆ گەورەو بچووک دەدەم. هیچ ناڵێم جگەلەوەی کەپێغەمبەران و موسا لەبارەی ئەوەی خەریکەڕوودەدات گوتوویانە کەمەسیحەکەئازار بچێژێت، یەکەمی هەستانەوەی مردووان بێت، خەریکە ڕووناکی بۆ گەلەکەی و نەتەوەکان ڕابگەیەنێت.» (کرداری نێردراوان ٢٦: ٢٢-٢٣)

لەبەر ئەوەیە پۆڵس دەڵێت : «پەیامی خاچ بۆ لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە.» (یەکەم کۆرنسۆس ١: ١٨)

ئەمەش ڕاستییە، عیسا خۆی کردە قوربانی تاوەکو ئێمە لەگوناهەکانمان ڕزگارمان بێت، «من لەگەڵ مەسیح لەخاچ درام، ئیتر من نیم ئەوەی دەژیێت، بەڵکو مەسیحەلەمندا دەژیێت. ئێستاش کەوا بەجەستەدەژیم، ئەوا بەباوەڕ بەکوڕی خودا

دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردەقوربانی بۆ من.» (گەلاتیا ٢:٢٠).

لیۆن مۆریس دەڵێت: با بە ئاشکرا پێتان بڵێم ئەگەر مەسیح لە گوناهەکانم خۆش نەبوو‌بێت، ئەگەر گوناهەکانمی هەڵنەگرتبێت، ئەوا دەبێت خۆم باجی گوناهەکانم بدەم، ئەگەر سزاکەم سوتان نەبێت لەنێو ئاگر، ئەوا من هەر باوەڕ بە عیسا دەکەم، دەبێت هەموو کەسێک باوەڕی بە قوربانیدانەکەی مەسیح هەبێت کە لە پێناو لێخۆشبوون لە گوناهەکانی ئێمەدا بوو.

## ٤/ مەسیح بە جەستە لە مردن هەستایەوە

ئەوەندەی خەڵکی سەرنجیان لەسەر لە خاچدانی عیسا هەیە ئەوەندە گرنگی بە زیندووبونەوەی نادەن، هەندێک کات باوەڕداران وەک کۆتاییەکی دڵخۆشکەرانە تەماشای دەکەن، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە وەک باوەڕدارێک دەبێت باوەڕی تەواوت بە زیندووبونەوە هەبێت، قسەکانی (پۆڵس)تان لەبیربێت: «ئەگەر بەدەمت دانت پێدا نا کەعیسا پەروەردگارەو بەدڵ باوەڕت کرد کەخودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت.» (ڕۆما ١٠: ٩).

هەستانەوەی مەسیح لەنێو مردووان ڕووداوێکی مەزن بوو بۆ ئێمە و چارەنووسمان: «بەناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ، ئێوەو ڕۆحی من لەگەڵ هێزی مەسیح کۆدەبنەوە» (یەکەم کۆرنسۆس ٤:٥).

بۆچی گرنگە؟ سام ئەلبێری، گرنگی هەستانەوەی (مەسیح)مان لەنێو مردووان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چۆن چارەسەری کێشەکانمان دەکات. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان کارمەندێکی کۆمپانیای فیدێکس (FedEx) کە کەلوپەل دەگوازێتەوە هاتبێت و لە دەرگایماڵەکەتی دابێت، داوای لێ کردبیت کە واژۆ لەسەر ئەو کاغەزە بکەیت کە شتومەکەکانتی پێ هاتووە.

واژۆکردنت ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کەلوپەلەکەت بەدەست گەیشتووە، هەمان شتیش هەیە بۆ خودا، ڕەزامەندبووە بۆ ئەوەی تاکە کوڕەکەی بکاتە قوربانی و پاشانیش لەنێو مردووان هەڵیبستێنێتەوە.

«پیاوانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیرەیی پیاوێکە بۆتان سەلمێنرا، بە پەرجوو و کاری مەزن و نیشانە لەلایەن خوداوە

لایەنگری کراوە، کە خودا لە ڕێگەی ئەوەوە لەنێوتان ئەنجامی دا، وەک خۆتان دەزانن. ئەم بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی پێشووی خودا داتانە دەست، بە دەستی گوناهباران لە خاچتان دا و کوشتتان. بەڵام خودا هەڵیستاندەوە و لە ئازاری مردن ئازادی کرد، لەبەر ئەوەی نەدەکرا لە چنگیدا بمێنێتەوە. سەبارەت بە ئەو داود گوتوویەتی:

«[هەمیشە یەزدانم لەبەردەمم دەبینی،

لەبەر ئەوەی لەلای دەستەڕاستمەوەیە، ناهەژێم.

بۆیە دڵشادم و زارم خۆشی دەردەبڕێت،

تەنانەت جەستەم لە هیوادا نیشتەجێ دەبێت،

چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردوواندا بەجێناهێڵیت،

هەروەها ڕێگا نادەیت دڵسۆزەکەی تۆ لەناو گۆڕ بۆگەن بێت.

ڕێگاکانی ژیانت پێ ناساندم،

تێربوون لە شادی لە ئامادەبوونتدایە.]

«برایان، با بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم کە داودی باوکمان مرد و نێژرا، گۆڕەکەشی تاکو ئەمڕۆ لەلامانە. ئەویش کە پێغەمبەر بوو، دەیزانی خودا سوێندی خواردووە و بەڵێنی پێداوە کە لە بەری پشتی ئەو لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت. پێشبینیی کرد و باسی هەستانەوەی مەسیحەکەی کرد، کە نە لە جیهانی مردوواندا بەجێهێڵرا و نە جەستەشی بۆگەن بوو. ئەم عیسایە خودا هەڵیستاندەوە، ئێمەش هەموومان شایەتین بۆی. ئینجا بۆ لای دەستەڕاستی خودا بەرزکرایەوە کە بەڵێنی ڕۆحی پیرۆزی لە باوکەوە وەرگرت، ئەمەی ڕژاند کە ئێوە دەیبینن و دەیبیستن. داود بۆ ئاسمان بەرز نەکرایەوە، بەڵکو خۆی دەڵێت:

«یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:

“لە دەستەڕاستم دابنیشە

هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت.»

«بۆیە با هەموو ماڵی ئیسرائیل بە دڵنیاییەوە بزانن کە ئەم عیسایەی ئێوە لە خاچتان دا، خودا کردی بە مەسیحی خاوەن شکۆ.» (کرداری نێردراوان ٢: ٢٢-٣٦)

زیندووبونەوەی مەسیح ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو هاتووە تاکو ڕزگارمان بکات و بمانپارێزێت، ئەگەر زیندووبونەوەی مەسیح نەبووایە ئەوا هەتا ئێستا هەر لە گۆڕدا دەمایەوە و نەیدەتوانی یارمەتیمان بدات و ڕزگارمان بکات.

هەروەک ئەوەی پۆڵس پێمان دەڵێت: ئەوەی گرنگە من پێتی دەگەیەنم ئەوەیە مەسیح لەپێناو گوناهەکانی ئێمە لەخاچ درا و خرایە گۆڕەوە و لە سێیەم ڕۆژ هەستایەوە وەک ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە. «ئینجا چەند زمانێکی دابەشبوو وەک ئاگر بۆیان دەرکەوت و لەسەر هەریەکەیان نیشتەوە، جا هەموویان پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز و دەستیان پێکرد بە زمانەکانی دیکە بدوێن، وەک ڕۆح پێی بەخشین.» (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٤).

ئەگەر لە دڵەوە باوەڕ بکەی کە خودا عیسای لەنێو مردووان زیندوو کردەوە ئەوا ڕزگارت دەبێت.

## ٥/ عیسا خودایە

شتێکی دیکەش هەیە کە دەبێت باوەڕت پێی هەبێت تاکو ببیت بە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت باوەڕت بە عیسا هەبێت کە پادشایە، چونکە دامەزرێنەر و دروستکەری تۆیە وە هەر خۆی ڕاستەقینەیە، خاوەن هێز و دەسەڵاتە و تۆی هێناوەتە بوون و هەڵیبژاردووی.

«عیسا لێیان نزیک بووەوە و قسەی بۆ کردن: هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ.» (مەتا ١٨:٢٨)

«هـەروەک نـووسراوە پیـرۆزەکان دەڵێـن: (هەمـوو شـتێکت خسـتووەتە ژێـر پێـی ئـەو).» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٢٧:١٥)

باوک ڕێگادەدات کوڕەکەی لەخاچ بدرێت:

«بەڵام لەبارەی کوڕەکە:

(ئەی خودایە، تەختی تۆ بۆ هەتاهەتاییە،

گۆچانی شانشینیت گۆچانی دادپەروەرییە.

تۆ حەزت لە ڕاستودروستییە و ڕقت لەخراپە بووەوە،

بۆیە خودا، خودای خۆت لە سەرووی هاوەڵەکانتەوە دایناى،

بە ڕۆنی شادی دەستنیشانی کردیت)» (عیبرانییەکان ١: ٨-٩)

«بۆیـە بـا هەمـوو ماڵـی ئیسرائیـل بـە دڵنیایـی بزانـن، ئـەم عیسـایەی ئێـوە لـە خاچتـان دا، خـودا کـردی بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ.» (کـرداری نێـردراوان ٣٦:٢)

پۆڵس بەم شێوەیە باسی پادشای پادشایان و هێز و دەسەڵاتەکەی دەکات کە هات تاوەکو لە خاچ بدرێت.

«کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا،

خۆی نزم کردەوە و

تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ

لەبەر ئەوە خودا زۆر بەرزی کردەوە

ئەو ناوەی داپێ کە لەسەرووی هەموو ناوێکەوەیە،

تاکو بە ڕاگەیاندنی ناوی عیسا هەموو ئەژنۆیەک چۆک دابدەن،

لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش،

هەروەهـا هەمـوو زمانێـک دان بنێـت بـەوەدا کـە عیسـای مەسـیح خـاوەن شـکۆیە،

بۆ شکۆی خودای باوک.» (فیلیپی ٢: ٨-١١)

عیسـا دەسـەڵاتی بەسـەرمانەوە هەیـە و ئەگـەر بمانەوێـت بـە (گـەورەم، گـەورەم) بانگـی بکەیـن ئـەوا دەبێـت ئـەو شـتە بکەیـن کـە ئـەو داوامـان لـێ دەکات (لۆقـا ٦: ٤٦). ئـەو سـەری کڵێسـایە (ئەفەسـۆس ٥: ٢٢-٢٤) وە ڕۆژێـک دێـت دەگەڕێتـەوە و خـۆی خودایەتـی و فەرمانڕەوایەتـی جیهـان دەکات.

پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا بـاوەڕت بـەو پێنـج بابەتـەی سـەرەوە هەیـە کـە نووسـیومە؟ ئەگـەر بـاوەڕ ناکەیـت ئـەوا کتێبـی پیرۆز ڕاسـتییە و تۆش بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە نیـت. وەک نووسـەرێک دەڵێـم، «ئەوانـەی هەمـوو ئـەو نووسراوانـە ڕەت دەکەنـەوە ئـەوا باوەڕیـان بـە مەسـیح نەهێنـاوە و ڕزگاریـان نابێـت لـە تاریکـی، گرنگـی بـەوە نـادەم چەندە لـە قسـەکانم تـوڕە دەبـن، تەنهـا بـوون بـە کەسـێکی بـاش بـەس نییـە، دەبێـت بـاوەڕ بـە ڕێـگا ڕاسـتەکە بکەیـن، ئـەو ڕێگایـەی لـە تاریکـی دەربازمـان دەکات.»[٨]

## ئەی چی سەبارەت بە گومانەکان؟

ئایـا بـاوەڕداری مەسـیحی هەرگیـز گومـان نـاکات؟ بـوون بـە باوەڕدارێکـی مەسـیحی هەرگیـز واتـای ئـەوە ناگەیەنێـت کـە نابێـت گومـان بکەیـت، ئایا دەتوانیـن گومـان بکەین؟ بەڵـێ، زۆرکـەس گومانیـان کـرد و زۆری دیکـەش دەیکـەن.

- ئیبراهیـم بـاوەڕی بـە بەڵێنەکـەی خـودا کـرد، کـە بەڵێنـی منداڵێکـی پـێ دابـوو (پەیدابـوون ١٥: ٦) بـەڵام پاشـان گومانـی کـرد: (پەیدابـوون ١٧:١٧).
- گدعـۆن وەک قارەمانـی بـاوەڕ ڕادەگەیەنرێـت (عیبرانییـەکان ١١: ٣٢)، بەڵام کاتێک خـودا بەڵێنـی پێـدا لـە ڕێـگای ئـەوەوە ئیسرائیـل ڕزگار دەکات، بـۆ دڵنیابوونـەوە بـەر لـەوەی بـاوەڕ بهێنێـت نـەک یـەک بەڵکـو داوای دوو پەرجـوی کـرد.
- یەحیـای لەئاوهەڵکێـش دەیزانـی کـە عیسـا مەسـیحی خودایـە (یۆحەنـا ١:٢٩) بـەڵام کەوتـە گومانـەوە لـەوەی ڕەنگـە هەڵـە بێـت لـەو کاتـەی ئـەم لـە بەندیخانـەدا بـوو و عیسـا خراپەکارانـی لەناونەدەبـرد (لۆقـا ٧: ١٨-٢٠).

- کاتێک عیسا بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆیشت پەترۆس داوای لێکرد فەرمانی پێبدات بۆ ئەوەی بچێتە لای، بەڵام لەو کاتەدا ڕەشەبایەکە بەهێزتر بوو. گومانەکانی خەریک بوو باوەڕی بە هێزی مەسیح لاواز بکات کە دەتوانێت لەسەر ئاوەکە بیهێڵێتەوە (مەتا ١٤: ٢٨-٣١).

تەنانەت کەسانی دیکەش جگە لەوانەی لە کتێبی پیرۆزدا باسیان کراوە گومانیان کردووە، وەک (مارتن لوسەر، ولیام کوپەر) و ملیۆنان لە باوەڕدارانی دیکە لە کات و شوێنی جیاوازدا گومانیان کردووە، با بە ڕاشکاوی قسە بکەین، هەندێک جار شتەکان بەرپەچی قسەکانی خودا دەدەنەوە و ئێمە لاواز دەبین.

کاتێک بینینمان بۆ شتەکان تاریک دەبێت باشترە لەگەڵ خوشک و براکانمان لە کڵێساکان کۆ ببینەوە، پێویستیمان بە یارمەتی کەسانی دیکەیە تاکو ئەو گومانانە لە مێشکی خۆمان دەربکەین، باوەڕداری مەسیحی ڕاستەقینە نابێت بەهۆی گومانێکەوە باوەڕی خۆی لەدەست بدات، لەجیاتی ئەوە دەبێت یەکتری هان بدەین و باوەڕ بە شانشینەکەی خودا بکەین و هەر وەک ئەو پیاوە هاوار بکەین کە هاواری بۆ عیسا کرد: «باوەڕم هەیە، یارمەتی بێباوەڕیم بدە!» (مەرقۆس ٩: ٢٤).

گومان تاقیکردنەوەیەکی هاوبەشی باوەڕدارانی ڕاستەقینەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بمانەوێت دڵسۆز بین بۆ فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز، پێویستە پێداگری بکەین لەسەر ئەوەی کۆمەڵێک بیروباوەڕی بابەتی هەیە کە پێویستە هەر کەسێکی مەسیحیی ڕاستەقینە باوەڕی پێی هەبێت. ئەمە ئەو شوێنەیە کە لەگەڵ هاوڕێیانمان لە ئاینەکانی دیکەدا تێیدا هاوبەشین، یان لەگەڵ بیروباوەڕە خودکارییەکان یان ئەوانەی هەرگیز باوەڕیان بە هیچ شتێک نییە، تەنانەت ئەگەر وەک پێغەمبەرێک یان مامۆستایەکی مەزن ڕێز لە عیسا بگرن. زۆر کەس گوێ لە فێرکردنەکانی مەسیح دەگرن لە بابەتی خۆزگەخواستنەکان. بەڵام ئەوەی زیاتر مایەی باوەڕە ئەوەیە ئەگەر پێیان وابێت ئەم پیاوەی ئەم بنەمایانە فێردەکات لە ڕاستیدا خودایە لە جەستەدا و پاشان لە پێناوی گوناهەکانی گەلەکەیدا دەمرێت و لە مردن هەڵدەستێتەوە و دەبێتە پەروەردگاریان.

## متمانە لە دڵەوە

بەشی هەرەزۆری ئەم بەشەم بۆ گفتوگۆی ئەمە تەرخان کرد کە مەسیحی ڕاستەقینە پێویستە باوەڕی هەبێت بەو ڕاستییەی کە بۆ گریمانەکان هەیە. بەڵام

پێویستە ڕوونیش بم لەوەی کە بیروباوەڕ بەگوێرەی کتێبی پیرۆز یان باوەڕ زیاترە لەوەی تەنها ڕەزامەندییەکی بێت لە هزردا لەسەر کۆمەڵک گریمانەی ڕاستەقینە. بیروباوەڕ بەگوێرەی کتێبی پیرۆز یان باوەڕ متمانەیەکی کەسییە و لە دڵی کەسەکەدایە.

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە باوەڕە بینینی زەحمەت نییە. ڕەزامەندی هزری هاوشێوەی سەر لەقاندنێکە بۆ کەسێک لەو کاتەی بە ڕێگایەکدا دەڕۆیت. لەگەڵ ئەوەشدا، متمانەی کەسیی لە دڵەوە واتا گۆڕینی ئەو ئاراستەیەی پێیدا دەڕۆیت. کەسێک داوای لێکردی کە خۆشت دەوێت و متمانەی پێدەگەیت بۆ ئەوەی شوێنی بکەویت، ئەمەش دەکەیت. متمانە لە دڵەوە گوێڕایەلی خۆشحاڵانە دەبەخشێت.

سیپارەی یاقوب ئەم جیاوازییە زۆر ڕوون دەکاتەوە. یاقوب دەنووسێت: «تۆ باوەڕت هەیەکەیەک خودا هەیە، چاک دەکەیت. تەنانەت ڕۆحەپیسەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن!» (یاقوب ٢:١٩). تەنانەت شەیتانەکانیش ئەوەیان هەیە کە شارەزایانی یەزدانناسی پێی دەڵێن «باوەڕی مێژوویی». ئەوان دەزانن کە عیسا کوڕی خودایە (هاتووە بۆ ئەوەی لەناویان ببات؛ بڕوانە مەرقۆس ١: ٢٤ و لۆقا ٤: ٤١). بەڵام ڕقیان لەم ڕاستییانە دەبێتەوە. ئەوان دژایەتی دەکەن و هەرچی بتوانن دەیکەن بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییانە بشێوێنن. بە شێوەیەکی دیکە، کەسێک بە باوەڕێکی ڕاستەقینەوە، بە کردارەکانی باوەڕەکەی پیشان دەدات (یاقوب ٢: ٢٢-٢٣).

بێگومان تەنها شەیتانەکان نین ئەم جۆرە باوەڕە بە کەموکوڕییەیان هەیە. خەڵکیش هەن. لە ئینجیلی یۆحەنا، یۆحەنا باسی ئەو خەڵکە زۆرە دەکات کە پەرجووەکانی عیسایان بینی و باوەڕیان بە ناوی ئەو هێنا. بەڵام لەدوای ئەوەی پێمان دەڵێت «بەڵام عیسا لەلای خۆیەوە متمانەی پێ نەکردن، چونکە هەموو خەڵکی دەناسی. ئەو پێویستی بە کەس نەبوو دەربارەی مرۆڤ شایەتی بۆ بدات، چونکە خۆی دەیزانی دڵی مرۆڤ چی تێدایە.“ (یۆحەنا ٢: ٢٤-٢٥). بەڵام ئەوان پێویستیان بە پەیوەستبوون و متمانەیەکی قووڵتر هەبوو بە عیسا. عیسا، باری ڕاستەقینەی دڵەکانیانی دەزانی، متمانەی پێ نەکردن.

تەنها تەنها لەبەر ئەوەی عیسات خۆشدەوێت مەسیحی نیت. پێویستە باوەڕت بە عیسا هەبێت، هەروەک (یۆحەنا ٣: ١٦) دەڵێت. ئەوەندە بەس نییە سەبارەت بە عیسا تەنها باوەڕ بە شتەکان بکەیت. پێویستە باوەڕت هەبێت کە تۆ پێویستت بە ڕزگارکەرە، وە ئەو ئەم ڕزگارکەرەیە. پێویستە تۆ باوەڕت هەبێت بەوەی پێویستت بە

پـەروەردگارە، ئـەو ئـەم پەروەردگارەیـە.

نابێـت تەنهـا متمانەمـان بـەو شـتانەبێت کـە ڕوویانـداوە، بەڵکـو باوەڕمـان بـەو کەسـە هەبێـت کـە ئەنجامـی داوە. کاتێـک بـە بـاوەڕەوە دێینـە لای عیسـا و داوای لـێ خۆشـبوون دەکەیـن و داوا دەکەیـن چاکـمان بکاتـەوە کـە زۆر پێویسـتمانە، دەبینیـن ئەویـش ئامادەیـە و دەتوانێـت یارمەتیـمان بـدات.

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟

## ڕەنگدانەوە:

چـۆن وەڵامـی کەسـێک دەدەیتـەوە کـە چەلەحانێـی ئـەوە دەکات کـە مەسـیحیبوونی ڕاسـتەقینە کۆمەڵـیـک بیروبـاوەڕی ئایینـی نییـە کـە پێویسـتە دووپاتـی بکەینـەوە، بەڵکـو بانگهێشـتێکە بـۆ ئـەوەی وەکـو عیسـا نەرمونیـان و خۆشەویسـت و دڵفـراوان بیـن؟

ئایـا هاوڕایـت سـەبارەت بـە ڕاسـتی مێژوویـی هـەر یەکێـک لـەم پێنـج خاڵـەی کـە لـەم بەشـەدا باسـم کـرد؟ ئەگـەر هاوڕانیـت، ئـەی بیـرو بۆچونـی تـۆ چییـە بـۆ ئـەوەی ببیـن بـە مەسـیحییەکی ڕاستەقینە؟

ئایـا باوەڕهێنانـت بـە ڕزگاری و لێخۆشـبوونی مەسـیح شـتێکی قورسـە؟ متمانـەت بـە چ ”خوداوەندێکـی“ درۆییـن هەیـە؟

لـە (یۆحەنـا ٦: ٤٠) عیسـا دەڵێـت: «خواسـتی باوکـم ئەمەیـە: هەرکەسـێک تەماشـای کوڕەکەبـکات و بـاوەڕی پـێ بهێنێـت ژیانـی هەتاهەتایـی دەبێـت، منیـش لەڕۆژی دواییـدا زینـدووی دەکەمـەوە.» چـۆن بیـر لـە واتـای ئەمـە دەکەیتـەوە؟ بەتایبەتـی کـە نوسـراوە «تەماشـای کوڕەکـە بـکات و بـاوەڕی پـێ بهێنێـت»؟

## تۆبەکردن:

داوا لـە خـودا بکـە بـۆ ئـەوەی لێـت خۆشـبێت لـەوەی کـە بـاوەڕت نەهێنـاوە و خـودای دیکەت پەرسـتووە.

بیـر لـەو ڕێگایەکـی دیاریکـراو بکـەوە کـە بتوانیـت بیگریتـە بـەر بـۆ ئـەوەی بـاوەڕ و متمانـەی خـۆت تەنهـا بـە عیسـا پێـی بەهێـز بکەیـت.

## لەبیرت بێت:

بیر لەم نووسراوەی کتێبی پیرۆز بکەوە: «ئەگەر دانمان بە گوناهە کانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە.“ (یەکەم یۆحەنا ۱:۹).

هەرچەند هەوڵبدەی، ناتوانیت ئەوە بکەیت کە لە بەرامبەری نیعمەتی خودا بەدەستبێنیت. بەڵام هەواڵی خۆش ئەوەیە کە عیسا هەموو شتێکی لەجیاتی ئێمە کردووە. سوپاس بۆ خودا کە ئەو سەرڕاستە بۆ ئەوەی لە هەر کەسێک خۆشبێت کە بە باوەڕ بە مەسیح دێتە لای، سەرباری ئەوەی هەرچییەکی کردبێت.

## ڕاپۆرت:

داوای یارمەتی لە ڕابەر و هاوڕێکانی کڵێسا بکە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لە گەشەکردن لە تێگەیشتنت و متمانەکردنت بە عیسا.

# ٤

# تۆ مەسیحی نیت

## ئەگەر چێژ لە گوناه وەربگری

(ریگل وایت) یاریزانێکی یاری تۆپی پێ بوو لە یانەی زانکۆیەک لە ولایەتی تێنسی، لە قوتابخانەکەی زۆرترین ریکۆردی شکاندبوو لە یاری کردن، دواتر بوو بە یەکەم لەسەر ئاستی وەرزی یاریەکە، تەنانەت دوای ٣٠ساڵ هیچ کەس نەیتوانی بوو بەم شێوەیە ئەم ریکۆردانە بشکێنێت، دوو وەرزی بەسەر برد لەگەڵ یانەی USFL و دواتر چوە نێو یانەی Philadelphia Eagles لە ساڵی ١٩٨٥.

دوای ٨ساڵ توانی ١٢٤ ڕیکۆردی دیکە بشکێنێت، بوبوە باشترین یاریزانی یانەی Eagles لە مێژوو دا، هەروەها خۆشم هاندەرێکی زۆری ئەو یاریزانەم.

بەڵام دواتر شتەکان گۆڕدران، لەساڵی ١٩٣٣ کۆمەڵەی تۆپی پێی نێودەوڵەتی هەڵسە بە پێدانی مۆڵەت بە وایت و دەسەڵاتی پێ دا کە بتوانێت ڕێککەوتن لەگەڵ هەر یانەیەک بکات کە خۆی بیەوێت، لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ هاندەرانی یانەکە لە یاریگای سەرەکی خۆنیشاندانیان کرد بۆ ئەوەی گرێبەستەکە لەگەڵ وایت نوێ بکرێتەوە بەڵام لەکۆتایی دا وایت واژۆی لەسەر ڕێکەوتنێک کرد لەگەڵ یانەی (گرین بەی پیکر) بە بڕە پارەیەکی زۆر.

لەڕاستی دا بڕیارەکەی وایت بڕیارێکی ژیرانە بوو چونکە توانی براوە بێت هەم بڕە پارەیەکی باشیش بەدەست بێنێت کە ئەوە هەرگیز ڕووینەدەدا ئەگەر لەگەڵ یانە فلیدافیەکە مابایەوە.

بەڕاستی شتێکی زۆر بە ئازاربوو کاتیک دەمبینی کە وایت جلە زەرد و قێزەونەکەی تیمی بەرامبەری پۆشیوە و یاری دەکات، خۆی دەبوو جلی Eagles بپۆشێت کە جلێکی سەوز و جوانە، بەڵام ئەو کارەی زۆر بێ هیوای کردم و هیچ حەزێکم نەما لە سەیرکردنی یاری تۆپی پێ.

دوای تێپەڕینی ٢٠ساڵ خەمەکانم کەمبوونەوە بەڵام هێشتا جلوبەرگی Eagles دەپۆشم تەنانەت ئێستا کە ئەو پەرتووکە دەنووسم، دەزانم ئێستا دەپرسن ئاخۆ لەبەرکردنی ئەو

جلوبەرگانە چی پەیوەندیەکی بە بابەتەکەمان و فێرکردنەکانی مەسیحەوە هەیە؟ دەبێت واز لەو گروپە بێنیت کە لەگەڵیان دایت بۆ ئەوەی ببیت بە باوەڕدار، هەوەها جلوبەرگی تازە بپۆشیت تاکو دڵسۆزیت بسەلمێنیت، بەڵام چۆن بیر لەو کەسانە دەکەیتەوە کە جلوبەرگی نوێ دەپۆشن بەڵام لەژێرەوە هەر لەگەڵ تیمە کۆنەکەی کاردەکات؟ ئەوەش هەمان شتە کاتێک تاوان ئەنجام دەدەین و خۆمان بە باوەڕدار دەزانین،

ڕاستە جلوبەرگی نوێمان لەبەر کردوە بەڵام هێشتا بۆ تیمە کۆنەکە کاردەکەین، ڕوونتر بڵێم ئەوەی تاوان دەکات بە قسە باوەڕدارە بەڵام بە کرداری لای شەیتانە.

بەهەڵە تێمەگەن، هەموو باوەڕدارێک تاوان ئەنجام دەدات، بەڵام کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت، ئەگەر لەژیان بەردەوام تاوان ئەنجام دەدەیت و هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت ئەوا پێویستە بیرێک لەخۆت بکەیتەوە و بزانی تۆ کێی.

دەبێت بزانی چی جلوبەرگێک لەبەر دەکەیت، وە یاری بۆ کام تیم دەکەیت؟

با بەشێوەیەکی دیکە بڵێین: ئەگەر حەزت بە ئەنجام دانی تاوان بێت ئەوا تۆ باوەڕدار نیت،

لەم بەشە لەسەر ئەم بابەتە دەڕۆین.

## کۆیلەی شەیتان و ڕۆڵەی ڕزگارکەر

لە هیچ شوێنێک ئەو ڕاستیەمان بەجوانی بۆ ڕوون ناکاتەوە جگە لە یەکەم یۆحەنا بەشی ٣ نەبێت، چیرۆکەکەی یۆحەنا وەکو جلوبەرگەکە نەبوو بەڵکو خێزان بوو، هەندێک کەس ڕۆڵەی خودان،

خودا باوکیانە و ئەوانیش بەشێکن لە خێزانەکەی، هەندێک خەڵکیش هەن لە خێزانی شەیتانن، بنەچەیان شەیتانە، یەک ڕێگا هەیە تاکو بزانین ئێمە لەکام خێزانین، دەمەوێت زۆر بە وردی ئەم نووسراوەی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە:

«تەماشا بکەن باوک چ خۆشەویستییەکی پێداوین، تاکو پێمان بگوترێت ڕۆڵەی خودا! ئێمەش ئاواین! بۆیە جیهان نامانناسێت، چونکە ئەوی نەناسیوە.

خۆشەویستان، ئێستا ڕۆڵەی خوداین و هێشتا دەرنەکەوتووە دەبینە چی. بەڵام دەزانین کاتێک ئەو دەردەکەوێت ئێمە وەک ئەو دەبین، چونکە وەک خۆی دەیبینین.

هەرکەسێک ئـەم هیوایـەی بـەو هەبێـت، خـۆی پـاک دەکاتـەوە، هــەروەک چـۆن ئـەو پاکـە.

هەرکەسێک گوناه بکات سەرپێچی دەکات، چونکە گوناه سەرپێچییە.

دەزانــن ئـەو دەرکـەوت تاکـو گوناهــەکان لاببـات. ئـەو خـۆی بـێ گوناهــە.

هەرکەسـێک بـە یەکگرتوویـی لەگـەڵ مەسیح بژییـت لـە گوناهکـردن بـەردەوام نابێـت. هەرکەسـێک بـە بەردەوامـی گونـاه بـکات نـە ئـەوی بینیـوە و نـە ئەویشـی ناسـیوە.

ڕۆڵە خۆشەویستەکان، با کەس چەواشەتان نەکات. ئەوەی ڕاستودروستی پەیڕەو بکات ڕاستودروستە، وەک ئەویش ڕاستودروستە.

ئـەوەی گونـاه بـکات لـە ئیبلیسـە، چونکـە ئیبلیس هـەر لـە سـەرەتاوە گوناهـی کـردووە. کـوڕی خـودا بـۆ ئەمـە دەرکـەوت، تاکـو کارەکانـی ئیبلیـس تێکبـدات.

هەرکەسـێک لـە خـوداوە لەدایـک بوویێـت بـەردەوام نابێـت لـە گوناهکـردن، چونکـە تـۆوی خـودای تێـدا دەچەسپێت. ناتوانێـت بـەردەوام بێـت لـە گونـاه کـردن، لەبـەر ئـەوەی لـە خـوداوە لەدایـک بـووە.

ڕۆڵــەی خــودا و ڕۆڵــەی ئیبلیــس بەمــە دەردەکــەون: هەرکەسـێک ڕاستودروسـتی پەیـڕەو نـەکات لـە خـوداوە نییـە، هـەروەک ئـەوەی خوشـکی یـان بـرای خـۆی خۆشـنەویێت،» (یەکـەم یۆحەنـا ٣: ١-١٠)

ئەنجـام دانـی تـاوان تایبەتمەنـدی ڕۆحـی پیسـە، دوژمنـی خودایـە، لـە سـەردەمی (باخچـەی عـەدەن)ەوە، شـەیتان خەریکـی بـڵاو کردنـەوەی تـاوان بـوو لەسـەر ئـەو جیهانـەی خـودا دروسـتی کردبـوو، توانـی (ئـادەم و حـەوا) بخەڵەتێنێـت و لـە دژی خـودا بوەسـتنەوە، ئـەو تاوانـە گوازرایـەوە بـۆ نەوەکانـی دوای خۆیـان و هەتـا وای لێهـات قایـن هـات و هابیلـی بـرای کوشـت، کات لـە دوای کات تـا وایلێهـات "خـودا، یـەزدان بینـی کـە خراپـەکاری مـرۆڤ لەسـەر زەوی زۆر بـووە، هەروەهـا هەمـوو بیروبۆچوونـە کانـی دڵیشـی

بەدرێژایـی ڕۆژ تەنها لـەای خراپەیـە.» (پەیدابـوون ٦:٥)

کاتێـک پەیدابـوون دەخوێنیتـەوە دەزانیـت کـە خـودا مرۆڤـی دروسـت کـرد و هـەر خۆشـی دەیویسـت لەناویـان ببـات، "خـودا بینـی هەمـوو ئـەوەی کـە دروسـتی کردبـوو زۆر بـاش بـوو. جـا ئێوارەبـوو، بـووە بەیانـی، ئەمـە ڕۆژی شەشـەم بـوو.» (پەیدابـوون ١:٣١)

"ئیـتر یـەزدان فەرمـووی: «مـرۆڤ دەسـڕمەوە، ئـەوەی لەسـەر ڕووی زەوی دروسـتم کـرد، مـرۆڤ و ئـاژەڵ و بوونـەوەری خشـۆک و باڵنـدەی ئاسـمان، چونکـە خەفـەت دەخـۆم لەوانـەی کـە دروسـتم کـردوون.» (پەیدابـوون ٦:٧)

ئەوەیـە بەرهەمەکانـی شـەیتان، لـە سـەرەتاوە تاکـو ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە لـە خراپـە.

هاتنـی عیسـای مەسـیح گەورەتریـن ڕووداو بـوو بـۆ ناحەزانـی، "ئـەوەی گونـاه بـکات لـە ئیبلیسـە، چونکـە ئیبلیـس هـەر لـە سـەرەتاوە گوناهـی کـردووە. کـوڕی خـودا بـۆ ئەمـە دەرکـەوت، تاکـو کارەکانـی ئیبلیـس تێکبـدات. (یەکـەم یۆحەنـا ٣:٨)

"دهزانـن ئـەو دەرکـەوت تاکـو گوناهـەکان لاببـات. ئـەو خـۆی بـێ گوناهـە.» (یەکـەم یۆحەنـا ٣:٥)

هەروەهـا کتێبـی پیـرۆز پێمان دەڵێـت کە عیسـا سـەرکەوت بەسـەر شـەیتان، بـە مردنی و هەسـتانەوەی لەنێـو مـردووان لەکاتێکـدا هیـچ تاوانێکـی نەبـوو تاکـو لەپێناویـدا بمرێـت، بـەڵام هـات و تاوانـی هەمـوو جیهانـی هەڵگـرت و هەموومانـی ڕزگارکـرد، ئەوانـەی لـە مەسـیحدان کـەس ناتوانێـت تاوانباریـات بـکات، چونکـە مەسـیح لەجیاتـی ئێمـە تاوانبـار کـرا، " کەواتـە ئێسـتا تاوانبارکـردن بـۆ ئەوانـە نییـە کـە لەگـەڵ عیسـای مەسـیحدا یەکـن،» (ڕۆمـا ٨:١)

شەیتان چیتر ناتوانێت لە خشتەمان ببات چونکە لەگەڵ مەسیح داین.

« بـەڵام ئەگـەر بـە ڕووناکیـدا بڕۆیـن، هـەروەک چـۆن خـودا لـە ڕووناکیدایـە، ئـەوا لەگـەڵ یەکـتری پێکـەوە دەژیـن و خوێنـی عیسـای کـوڕی لـە هەمـوو گوناهێـک پاکـمان دەکاتـەوە.» (یەکـەم یۆحەنـا ١:٧)

" جا گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو لە ئاسماندا دەیفەرموو:
«ئێستا ڕزگاری و هێز و شانشینی خودامان و

دەسەڵاتی مەسیحەکەی هاتووە،
چونکە ئەو سکاڵاکارەی لە خوشک و براکانمان،
کە شەو و ڕۆژ لەبەردەم خوداماندا سکاڵای لێیان دەکرد،
فڕێدرایە خوارەوە.» (ئاشکراکردن ١٢:١٠)

لەوکاتـەوەی گوناهەکانمـان لەسـەر لابـراوە چیـتر بەشـێک نیـن لـە خێزانـی شـەیتان، ئێسـتا بەشـێکین لـە خێزانێکـی نوێـم.

یۆحەنـا سەرسـامی خـۆی دەردەبڕێـت لـە بەزەیـی خـودا «تەماشـا بکـەن بـاوک چ خۆشەویسـتییەکی پێداویـن، تاکـو پێمان بگوترێـت ڕۆڵـەی خـودا! ئێمـەش ئاوایـن! بۆیـە جیهـان ناماننناسـێت، چونکـە ئـەوی نەناسـیوە.» (یەکـەم یۆحەنـا ٣:١)

چیـتر بەشـێک نیـن لـە ڕۆحـی پیـس، ئێسـتا بەشـێکین لـە خـودا، چیتر لـە تاریکـی ناژین، هەمووومـان بانگکراویـن بـۆ ڕووناکـی. ” بـەڵام ئێـوە گەلێکـی هەڵبژێـردراون، کاهینێتـی شـاهانە، نەتەوەیەکـی پیـرۆز، گەلـی تایبەتـی خـودان، تاکـو چاکییەکانـی ئـەوە ڕابگەیەنـن کـە بانگـی کـردوون لـە تاریکییـەوە بـۆ ڕووناکییـە سـەیرەکەی.» (یەکـەم پەتـرۆس ٢:٩)

«خـودای بـاوک لـە دەسـەڵاتی تاریکـی دەربـازی کردیـن و ئێمـەی بـۆ شانشـینی کـوڕە خۆشەویسـتەکەی گواسـتەوە،

بـە هـۆی ئەویشـەوە کڕدراینـەوە، واتـە لێخۆشـبوونی گوناهـمان وەرگـرت.» (کۆلۆسـی ١: ١٣-١٤)

## ئەوەی لەسەرتە ئەنجامی بدە

دان بـەوە دادەنێـم کـە بەشـی پێـش ئێـرەت بەجوانـی نەخوێنـدەوە، وایـە؟ ئاسـاییە دەتوانیـت ڕاسـتیەکە بڵێیـت، جگـە لەمـن و تـۆ کەسـی دیکـە لێـرە نییـە، (لەڕاسـتیدا منیـش لەگەڵـت نیـم، وایـە؟)

باشـە، بـا بـە کورتـی ئـەوەت پـێ بڵێـم کـە پێویسـتە بیزانیـت، کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت دووجـۆر خەڵـک هـەن: ئـەوەی خزمەتـی شـەیتان دەکات، ئەوەشـی خزمەتـی خـودا.

چۆن بزانین ئێمە کامەیانین و جلی کامەیانمان لەبەر کردووە.

## کۆیلەکانی شەیتان، خۆ تەرخانکردن بۆ تاوان

«ئەوەی گوناه بکات لە ئیبلیسە، چونکە ئیبلیس هەر لە سەرەتاوە گوناهی کردووە. کوڕی خودا بۆ ئەمە دەرکەوت، تاکو کارەکانی ئیبلیس تێکبدات» (یەکەم یۆحەنا ٨:٣)

گوناهکردن جیاکەرەوەی کۆیلەکانی شەیتانن، دیسانەوە یۆحەنا پێمان دەڵێت: «ڕۆڵەی خودا و ڕۆڵەی ئیبلیس بەمە دەردەکەون: هەرکەسێک ڕاستودروستی پەیڕەو نەکات لە خوداوە نییە، هەروەک ئەوەی خوشکی یان برای خۆی خۆشنەوێت،» (یەکەم یۆحەنا ١٠:٣)

کۆیلەکانی شەیتان بەردەوام هەوڵی گوناه و خراپەکاری دەدەن چونکە شەیتان هەر ئەوەی فێرکردوون، بەر لەوەی ببین بە شوێنکەوتەی مەسیح، هەموومان نوقمی نێو تاوان و گوناه بووین، ئەوەی دەمانکرد هەمووی گوناه بوو.

لە سیپارەی یۆحەنا، باسی مەسیح دەکات کە چۆن خەڵکی لەسەر هەمان شت فێردەکرد: «ئێوە لە ئیبلیسی باوکتانن، دەتانەوێت بە ئارەزووەکانی باوکتان بکەن. ئەو لەسەرەتاوە بکوژ بووە، لە ڕاستیدا نەچەسپاوە، چونکە ڕاستی لە ئەودا نییە. کاتێک درۆ دەکات، بە زمانی خۆی قسە دەکات، چونکە درۆزنەو باوکی درۆیە.» (یۆحەنا ٤٤:٨)

عیسا بۆیە ئەو قسەیەی کرد چونکە خەڵکەکە تاوانیان دەکرد و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شەیتانی باوکیان بوون.

## چیتر گوناه ناتوانێت زەفەر بە ڕۆڵەکانی خودا ببات

هەموو ئەوانەی باسکران پێچەوانەکەی لە کەسانی باوەڕداردا هەن، بەر لەوەی لە تاریکی دەربازمان بێت گوناه تەواوی ژیانمانی داپۆشی بوو هەموو شتێکمانی جڵەوگیر کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی لە خێزانی شەیتان دەرکراین خودا ئێمە لە باوەش کرد و ڕزگاری کردین، ئیتر گوناه هیچ هێزێکی لەلای ئێمە نەماوە و دەسەڵاتی نییە بەسەرمانەوە.

پۆڵس، لە نامەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن مردنی مەسیح بووە تێکشکاندنی گوناه: "ئێمە دەزانین کە مرۆڤە کۆنەکەمان لەگەڵ ئەو لە خاچ درا، بۆ ئەوەی ئەو

جەستەیەی کە لەژێر ڕکێفی گوناە بوو بتوانرێت بەلاوە بنرێت، هەتا چیتر کۆیلەی گوناە نەبین.» (ڕۆما ٦:٦)

ئەوانەی لەگەڵ مەسیح لەخاچ دران، چیتر نابن بە کۆیلەی گوناە.

”ئێوەش سەبارەت بە گوناە خۆتان بە مردوو دابنێن، بەڵام بۆ خودا زیندوو لە یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا.

کەواتە مەهێڵن گوناە حوکمڕانی لەشی لەناوچووتان بکات، تاکو گوێڕایەڵی ئارەزووەکانی بن.

ئەندامانتان وەک ئامێری ناڕەوایی بۆ گوناە پێشکەش مەکەن، بەڵکو خۆتان پێشکەشی خودا بکەن، وەک زیندووی نێو مردووان و ئەندامانتان وەک ئامێری ڕاستودروستی بۆ خودا.

چیتر گوناە دەسەڵاتی بەسەرتاندا نابێت، چونکە لەژێر سایەی تەوراتدا نین، بەڵکو لەژێر سایەی نیعمەتدان» (ڕۆما ٦: ١١-١٤)

هەرگیز گوناە ناگۆنجێت لەگەڵ کەسێکی باوەڕدار.

ئاگاداربە، پەترۆس پێمان ناڵێت خۆت وەک کەسێکی دیکە نیشانبدە،

بەڵکو کەسێکی ڕاست بە «نەخێر! ئێمە کە سەبارەت بە گوناە مردین، ئیتر چۆن تێیدا بژین؟» (ڕۆما ٦:٢)

## پەرستنی ڕاستی

ئێستا باوەڕداران چیتر ملکەچی خراپە نابن، لەبەر ئەوەیە تۆمس شراینەر دەڵێت: «پەرستنی ڕاستی». ئەو شێوازە نوێیەی پەرستنە چۆنە؟ بە خۆشخاڵییەوە وەک میوەیەکە کە تازە دەیەوێت پێ بگا، وە جێهیشتنی گوناهەکانە، با بزانین پۆڵس چی دەڵێت لەسەر ئەو قسانە: «بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. شەریعەت نییە لەدژی ئەمانە بێت. بەڵام ئەوانەی هی عیسای مەسیحن سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیان لەخاچ داوە.» (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٤)

با بە جوانی لەو وشانە ورد ببینەوە، (ئەوانەی هی عیسای مەسیحن، سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەرز و ئارەزووەکانیان لە خاچ داوە)، ئەوەیە ئەو شتەی کە ڕۆحی پیرۆز پێمانی دەبەخشێت، خۆشەویستی نەرمونیانی ئاشتی و ئارام گرتن... هتد.

باوەڕداری ڕاستەقینە خەڵکی دەگۆڕێت، پێویستە لەو شتانە بەباشی تێبگەیت، عیسا بۆ ئەوە هات تاکو گوناهەکانمان لاببات، هەروەها بۆ ئەوەی هەموو کارەکانی ڕۆحی پیس لەناو ببات، کەواتە ناتوانیت لەلایەکەوە عیسات خۆشبوێت و لەلایەکی دیکەوە ئەو شتانە بکەیت کە عیسا ڕقی لێیەتی، نابێ لەلایەکەوە ڕۆڵەی خودا بیت و لەلایەکی دیکەشەوە تاوان و گوناه بکەیت و گوێڕایەڵی شەیتان بیت.

لەبەر ئەوەیە کتێبی پیرۆز لەو کارانە ئاگادارمان دەکاتەوە:

«ئایا نازانن کە زۆردار نابنە میراتگری شانشینی خودا؟ هەڵمەخەڵەتێن. نە بەڕەڵا و نە بتپەرست، نە داوێنپیس و نە هاوڕەگەزباز،

نەدز و نەچاوچنۆک، نە سەرخۆش و نە جنێوفرۆش و نە تاڵانکەر، نابنە میراتگری شانشینی خودا.» (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩-١٠)

«ئێستا کردەوەکانی سروشتی دنیایی مرۆڤ ڕوونن، ئەوانیش: داوێنپیسی، گڵاوی، بەڕەڵایی، بتپەرستی، جادووگەری، دوژمنایەتی، یاخیبوون، دڵپیسی، تووڕەبوون، خۆپەرستی، دووبەرەکی، ناکۆکی،

چاوپیسی، سەرخۆشی، ڕابواردن، شتی دیکەی وەک ئەمانە، ئاگادارتان دەکەمەوە، وەک پێشتر ئاگادارم کردوونەتەوە: ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن نابنە میراتگری شانشینی خودا.» (گەلاتیا ٥: ١٩-٢١)

«بێگومان بن لەوەی هەموو داوێنپیسێک یان گڵاو یان چاوچنۆکییەک لە شانشینی مەسیح و خودا میراتی نییە، چونکە چاوچنۆکی جۆرێک لە بتپەرستییە.

کەس بە قسەی پووچ هەڵتاننەخەڵەتێنێ، چونکە بە هۆی ئەمانە تووڕەیی خودا دێتەسەر کوڕەکانی یاخیبوون.» (ئەفەسۆس ٥: ٥-٦)

ئێستا زانیت ئەو نوسراوانە من و تۆ ئاگادار دەکەنەوە لەوەی هۆشیاربین و بزانین چی دەکەین و ڕاسپاردەکانمان بیرنەچێت. پۆڵس باش ئێمەی دەناسی، دەیزانی ئێمە کاری خراپە دەکەین و لە فەرمانەکان لادەدەین و ئامۆژگاریەکان پشت گوێ دەخەین. زۆربەی جار دڵمان دەیەوێت وا خۆی دەربخات کە هیچ لەو ئامۆژگاریانە ڕاست نین، ڕێگاکانمان بۆ ڕوناککراوەتە و ئاگادار کراوینەتەوە کە بەو ڕێگایە دا نەچین، گوناهکاران ناچنە شانشینی خوداوە.

یۆحەنا دەڵێت ئاگاداری خۆتان بن، کاری چاکە بکەن و ڕاستگۆ بن، نوێژ بکەن جا لەماڵەوە بێت یان لە کڵێسا: « ئەوەی گوتی: «ناسیومە» بەڵام ڕاسپاردهکانی بهجێنهگهیهنێت، ئەوا درۆزنهو ڕاستی لهودا نییە.

> بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی پەیامی خودا بێت، ئەوا بەڕاستی خۆشەویستی خودا لەو کەسەدا تەواوە. بەمەدا دەزانین کە ئێمە بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح دەژین:
>
> هەرکەسێک بڵێت: «من بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح دەژیم» دەبێت بەو شێوەیەی بژیێت کە عیسا ژیاوە.» (یەکەم یۆحەنا ٢: ٤-٦)

هەمووومان تاقیدەکرێینەوە و پرسیارمان لێ دەکرێت: ئایا گوێڕایەڵی وشەکانی مەسیح دەبیت؟ بە هەمان ڕێگای ئەو دا دەڕۆیت؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە، ئەوا باشترە دووبارە تەماشای ئاگادارکردنەوەکانی یۆحەنا بکەیت کە لەسەرەوە دامناوە، ڕاستەوخۆ بۆتۆ نوسراوە.

## ...ئایا هەموو کەسێک گوناه ناکات؟

عیسا خەڵکی بانگ کردووە تاکو ڕزگاریان بکات لە تاریکی و بەدوای پەیامەکەی ئەو بکەون، بەڵام کێ دەتوانێت ببێتە باوەڕدارێکی تەواو و گوناە نەکات؟ هەموو کەسێک گوناە دەکات، کەس نییە تاوانبار نەبێت و بێ گوناە بێت.

لە هیچ شوێنێکی کتێبی پیرۆز نەنووسراوە کە مرۆڤ بەبێ گوناە دەژیت، یۆحەنا پێمان دەڵێت: «ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە.

ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە.

ئەگەر بڵێین گوناهمان نەکردووە، ئەوا بە درۆزنی دادهنێین و پەیامەکەی لە ئێمەدا نییە» (یەکەم یۆحەنا ١: ٨-١٠)

پێشتر هەندێک قەشە هەبوون کە وایان لە خەڵکی دەگەیاند ئەوەی ببێتە باوەڕدار بەبێ گوناه دەژییێت و نابێت گوناهی هەبێت، ئەو قەشانە لە خۆخەڵەتاندن زیاتر هیچی دیکەیان نەدەکرد و قسەکانیان بە درۆ دەخستەوە.

## کەواتە چی بکەین؟

لە پەیمانی نوێدا هاتووە و دەڵێت، مرۆڤ بەهۆی گوناهەوە دەمرێت و ڕزگاری دەبێت، هەروەها بەناوی مەسیح پڕ دەکرێن لە ڕۆحی پیرۆز تاکو بەروبومی باش بدەن. هەروەها دەڵێت گوناه و بوون بە ڕۆڵەی خودا شتێکە هەرگیز پێکەوە ناگونجێت. بەڵام لە پەیمانی کۆن دەڵێت ئەوەی بڵێت گوناه ناکەم ئەوە درۆزنە. ئایا کتێبی پیرۆز خۆی بەرپەچی قسەکانی خۆی دەداتەوە؟

با تەماشای ئەم نووسراوە بکەین:

«هەرکەسێک بە یەکگرتوویی لەگەڵ مەسیح بژییێت لە گوناهکردن بەردەوام نابێت. هەرکەسێک بە بەردەوامی گوناه بکات نە ئەوی بینیوە و نەئەویشی ناسیوە.» (یەکەم یۆحەنا ٦:٣)

«ئەوەی گوناه بکات لە ئیبلیسە، چونکە ئیبلیس هەر لە سەرەتاوە گوناهی کردووە. کوڕی خودا بۆ ئەمە دەرکەوت، تاکو کارەکانی ئیبلیس تێکبدات.» (یەکەم یۆحەنا ٨:٣)

«هەرکەسێک لە خوداوە لەدایک بوویێت بەردەوام نابێت لەگوناه کردن، چونکە تۆوی خودای تێدا دەچەسپێت. ناتوانێت بەردەوام بێت لە گوناه کردن، لەبەر ئەوەی لە خوداوە لەدایک بووە.» (یەکەم یۆحەنا ٩:٣)

«ڕۆڵەی خودا و ڕۆڵەی ئیبلیس بەمە دەردەکەون: هەرکەسێک

ڕاستودروستی پەیڕەو نەکات لە خوداوە نییە، هەروەک ئەوەی خوشکی یان برای خۆی خۆشنەویت،» (یەکەم یۆحەنا ٣:١٠)

یۆحەنا باسی باوەڕداران ناکات، بەڵکو باسی ئەوانە دەکات کە خۆیان وەک باوەڕدار دەردەخەن، ئەوانە لە قسەکانیان درۆ هەیە.

شێوازی ژیانی باوەڕداری تەواو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستی بۆ مەسیح زیاتر دەبێت پێچەوانەی ئەوکەسانەی ملکەچی شەیتان و گوناهەن.

## ئایە چۆن ڕاستیەکان بزانین؟

هەرکەسێک جا باوەڕداربێت یان باوەڕدار نەبێت ئەوا گوناه دەکەن، هەردووکیشیان هەوڵدەدەن واز لەو هەڵسوکەوت و تاوانانەیان بهێنن و ڕزگاریان بێت، ناتوانم بڵێم کە باوەڕداران باشترین خەڵکی سەرزەوین لە خۆدوور گرتنیان لە تاوان و گوناە کردن، لەوانەیە تەماشای هەندێک کەس بکەیت و ببینی کە کەسێکی زۆر لەسەر خۆ و ئارامە کەچی باوەڕداریش نییە، کەواتە چۆن جیاوازی نێوان کەسێکی باوەڕدار و کەسێکی بەناو باوەڕدار بکەین؟

وەڵامەکە لەلای مەسیحە:

«ئینجا فەرمووی: «کابرایەک دوو کوڕی هەبوو.

بچووکەکەیان بە باوکی گوت: ”باوکە، چیم بەردەکەوێ لە بەشە میراتی خۆم، بمدەرێ.” ئەویش ماڵەکەی بۆ دابەشکردن.

«دوای چەند ڕۆژێک، کوڕە بچووکەکە هەموو شتەکانی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، لەوێ ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا.

لەدوای ئەوەی هەمووی خەرجکرد، قاتوقڕی گەورە کەوتە ناوچەکە، لەبەر ئەوە تووشی نەبوونی هات.

ئیتر هانای بۆ هاوڵاتییەکی ناوچەکە برد، ئەویش ناردییە کێڵگەکانی بۆ لەوەڕاندنی بەراز.

حەزی دەکرد بەو خڕنووکە سکی خۆی تێر بکات کە بەرازەکان

دەیانخـوارد بـەڵام کـەس هیچـی پێنـەدەدا.

«ئینجا بـە هـۆش خـۆی هاتـەوە و گوتـی: "ئاخـۆ چەنـد کرێـکاری باوکم نانیـان لەبـەر دەمێنێتـەوە، منیـش لێـرە وا لـە برسـان دەمرم.

هەڵدهستم دهچمـەوە لای باوکـم، پێـی دەڵێـم: باوکـە، لـە دژی ئاسـمان و بەرامبـەری تـۆ گوناهـم کـرد.

ئیـتر شـایانی ئـەوە نیـم بـە کـوڕی تۆ بانـگ بکرێـم، بمکـە بـە کرێکارێکی خۆت."

جا هەستا و گەڕایەوە لای باوکی.

«هێشـتا دوور بـوو باوکـی ئـەوی بینـی و دڵـی بـۆی سـووتا، ڕایکـرد و باوەشـی پێداکـرد و ماچـی کـرد.

«کـوڕەش پێـی گـوت: "باوکـە، لـە دژی ئاسـمان و بەرامبـەری تـۆ گوناهم کـرد، ئیـتر شـایانی ئـەوە نیـم بـە کـوڕی تـۆ بانـگ بکرێـم."

«بــەڵام باوکەکــە بــە خزمەتکارانــی خــۆی گــوت: "خێــرا باشــترین جلوبـەرگ بهێنـن و لەبـەری بکـەن، ئەنگوسـتیلەیەک بکەنـە پەنجـەی و پێڵاویـش بـۆ پێـی.

گوێرەکە قەڵەوەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین،

چونکـە ئـەم کـوڕەم مـردوو بـوو و زینـدوو بووەتـەوە، ون بـوو و دۆزراوەتـەوە." جـادەسـتیان بـە ئاهەنـگ گێـڕان کـرد.» (لۆقـا١٥:١١-٢٤)

لێـرە زۆر بـە جوانـی بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە بـاوەڕدار چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ گونـاه دەکات،

ئـەو کـوڕە گەنجـە تاوانـی کـرد و باوکـی خـۆی شـەرمەزار کـرد، لەباوکـی دووکەوتـەوە و دواتـر خـۆی لەنێـو کێشـەیەکی گـەورەدا بینییـەوە، کـە زۆرێـک لـە باوەڕدارانـی ئێسـتا تێـی دان، بـەڵام باوکـی کوڕەکـە لـە گوناهەکانـی خـۆش بـوو، باوکـی ئاسمانیشـمان بـەم شـێوەیە وەڵامـمان دەداتـەوە بـۆ تاوانەکانمـان.

## ڕوونکردنەوە

کوڕەکـە کاتێـک بەئـاگا هاتـەوە خـۆی لەنێـو کێشـە و گێژاوێکـی زۆر بینییـەوە، هەسـتی کـرد کـە چەنـدە کەسـێکی گەمـژە و نـەزان بـووە کـە ئـەم کارەی ئەنجـام داوە، بـەڵام هەڵوێسـت و کاردانـەوەی باوکـی تـەواو جیـاواز بـوو لەگـەڵ کردارەکانـی ئـەو کاتێـک بینـی بـەو شـێوەیە بەخێرهاتنـەوەی دەکات بـۆ ماڵـەوە. هـەر وەک عیسـا دەڵێـت: « گەڕایـەوە لای مـن»

کاتێـک باوەڕداریـک لەبـەر گوناهەکانـی دەمرێـت و لەپێنـاو عیسـا زینـدوو دەبێتـەوە، ئەوکاتـە دەزانێـک کـە ئەنجامدانـی تـاوان و گوناهەکـردن هەسـتێکی زۆر ناخۆشـە و ژیانـت لـێ تـاڵ دەکات و بـۆ ئـەو ناگونجێـت، لەوانەیـە تاوانکـردن هەسـتێکی کاتـی خـۆش و چێژبەخشـت پـێ ببخەشـێ بـەڵام لەکۆتایـی دا پەشـیمانی و شـەرمەزاری لەدوایـە، بـەڵام بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە بـەم شـێوەیە خولیـای بـۆ تاوانکـردن نییـە و حـەزی پـێ نـاکات.

## تۆبەکردن:

چەنـدە شـتێکی دڵخۆشـکەرە کـە دەبینیـت کوڕەکـە دەگەڕێتـەوە لای باوکـی و دان بـە تاوانەکانـی دا دەنێـت و تۆبـە دەکات ئەوکاتـە، کەواتـە کاتێـک دان بـە تاوانەکانمـان دا دەنێـن و تۆبـە دەکەیـن ئەوکاتـە زیاتـر لەعیسـا نزیـک دەبینـەوە و باوەڕێکـی بەهێزمـان دەبێـت، هەموومـان پێویسـتیمان بـە تۆبـە کردنـە.

## سەلماندن

هیچکەسـێک ناتوانێـت بـە ئەنجـام دانـی تـاوان سـەرکەوتووبێت، تەنانـەت باوکـی ئاسمانیشـمان ڕەتـی دەکاتـەوە کـە ڕۆڵەیەکـی بـە ئەنجامدانـی تـاوان دڵخۆشـبێت، خۆشەویسـتی خـودا وادەکات کـە دەرفەتـی زیاترمـان پـێ بـدات تاکـو واز لـە تاوانکـردن بهێنیـن و ڕێـگا ڕاسـتەکە هەڵبژێریـن.

با تەماشای نووسراوی کتێبی عیبرانییەکان بکەین و بزانین کە ئێمە ڕۆڵەی خوداین:

«کەواتـە بەرگـەی تەمبێکـردن بگـرن، خـوداش وەک ڕۆڵـەی خـۆی لەگەڵتـان دەجوڵێتـەوە. چ ڕۆڵەیـەک هەیـە باوکـی تەمبێـی نـەکات؟

ئەگەر بێتو خودا تەمبێتان نەکات وەک هەموو منداڵەکانی دیکەی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێوە زۆڵن و منداڵی ئەو نین.

سەرەڕای ئەمە، باوکی مرۆڤانەمان هەیە کە تەمبێی کردووین و ڕێزی ئەومان گرتووە. ئەی چەند زیاتر ملکەچی باوکی ڕۆحیمان بین، بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بەدەستبهێنین؟

چونکە باوکانمان بۆ ماوەیەک ئەوەندەی بە باشیان زانیوە تەمبێیان کردووین، بەڵام خودا بۆ سوودی ئێمەیە تەمبێمان دەکات، تاکو بەشداری پیرۆزییەکەی بکەین.

هەموو تەمبێکردنێک لە کاتی خۆیدا ئازاربەخشە و خۆش نییە، بەڵام دواتر بەروبوومی ئاشتییانەی ڕاستودروستی دەگرێت بۆ ئەوانەی پێی ڕاهێنراون.» (عیبرانییەکان ١٢: ٧-١١)

خودا یاسا و سیستەمێکی بۆ داناوین چونە خۆشی دەوێین و نایەوێت لەنێو گوناه نوقوم بین،

هەموومان گوناهباریمن، هەریەکێک لە ئێمە بەشی ئەوەندە تاوانی کردووە تاکو بچێتە دۆزەخەوە، کەسیشمان ڕۆحی پیرۆز وەناگرین و ژیانی هەتاهەتایی وەرناگرین، بەڵام ئەگەر باوەڕمان هەبێت و بەدوای فەرمایشتەکانی خودا بکەوین ئەوکاتە ناتوانین لە تاوانەکانمان بەردەوام بین.

## تەنانەت زانستیش ناتوانێت

ئایا تۆ باوەڕداریت یان پسپۆڕێکی زانستی شکست خواردوویت؟

بێگومان هیچ زانستێک نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، باسەکەم لەسەر ئەوە نییە کە تاچەند دەتوانیت وەک باوەڕدار بیت و تاوانیش ئەنجام بدەیت، یان بێم و پێت بڵێم ئەگەر ڕۆژانە ١٠ تاوان ئەنجام بدەیت ئەوا گلۆپی زەردت بۆ هەڵدەکرێ وە ئەگەریش ٢٠ تاوان ئەنجام بدەیت ئەوە سوور، نەخێر من باسی ئەو شتانە ناکەم، هەروەها پێت ناڵێم ئەگەر تاوانێکت کرد ئەوا بڕۆ ئەم نوێژە بکە کە لە (زەبوورەکان ٥١) دا نووسراوە و ئەوکات خودا لێت خۆشدەبێت و بەزەیی پێت دا دێتەوە.

لەجیاتی ئەوەی سەرلەخۆمان بشێوێنین با هەوڵدەین لەگەڵ خوشک و براکانمان بە باوەڕێکی بەهێزەوە بژین، ئێمە ناتوانین خۆمان سەرزەنشت بکەین، هەندێک کەس ئەو شتانە زۆر بە ئاسانی وەردەگرن، وادەزانن ئەگەر بەهانە بهێنەوە بۆ تاوانەکانیان و پەشیمانی خۆیان دەرببڕن ئەوکاتە هەمووشتێک وەک ئەوەی لێ دێت کە هیچ ڕووینەدابێت. ئەوانە پشت بە زانستەکەیان دەبستن و هەموو بەڵگە لاوازەکانی باوەڕداران بەکاردێنن تاکو لەکەداریان بکەن و شکستیان پێ بێنن.

بەشداریکردن لە خزمەتی هەفتانەی کڵێساکان بۆ هەمووکەسێک بەسوودە، با بە ٣ڕێگا بۆتانی ڕوون بکەمەوە، یەکەم کاتێک دادەنیشیت ئەوکاتە واهەست دەکەیت لەبەردەم دەسەڵات و بەزەیی خودا دایت، هەوڵدەدەی لە مانا و وشەکانی خودا تێ بگەیت و بزانیت مەبەستی چییە و گوێ لە فێرکردنەکانی ڕاگریت.

دووەم، تەماشای خەڵکی دەکەیت و دەبینیت کە چۆن گوێڕایەڵ و جێبەجیکەری فەرمانەکانی خودا دەکەن .

سێیەم، خەڵکی نوێ دەناسیت و ئاشنا دەبیت بە هەڵسوکەوت و ویستەکانیان و ئەوانیش دەبن بە هاوڕێیەکی باشت، دەتوانین گوێ لە قسەکانیان بگریت و بزانیت کە چۆن تێگەیشتوون و سودیان لێ وەربگریت وەک ئەزموونێک بۆ ژیانی خۆت، هەروەها یارمەتیت دەدەن و ئاگادارت دەکەنەوە لەوەی تاوان نەکەیت و ئاگاداری خۆت بیت.

## ڕزگارکەرە مەزنەکە

لەم بەشەدا پێویستە سنوورێک بۆ باوەڕدار دابنێین لەنێوان بەزەیی خودا و پیرۆزیی، زۆر لەو کەسانە دەترسم کە باوەڕداری ڕاستەقینە نین، کە کەسانێکن پڕن لە تاوان و خۆیان ون کردووە، ئەگەر تۆ کەسێکیت لەوانە هیوادام ئەو بەشە شتێکی لە ژیانت گۆڕیبێت و بتوانیت بگەڕێیتەوە.

هەروەها ترسم لەوانەش هەیە کە باوەڕدارن و دژی گوناهەن، بەڵام کێ بیر لە تاقیکردنەوە سەختەکانی خودا دەکاتەوە، ئەگەر یەکێکیت لەو کەسانە هیوادام مەسیح چەندە کەسێکی بەبەزەیی بوو لەگەڵ خەڵکەکەی، مردنەکەی وایکرد کە هەموو تاوانەکانمان بسڕدرێنەوە و ببین بە کەسێکی نوێ، کاتێک لەنێو تاوانەکانت

گیر دەخۆیت یەکسەر بەرەو لای عیسا ڕابکە، هەروەک چۆن نووسراوە و دەڵێت:

«چونکە سەرۆک کاهینێکمان نییە کە نەتوانێت هاوخەمی لاوازییەکانمان بێت، بەڵکو سەرۆک کاهینێکمان هەیە کە وەکو ئێمە لە هەموو شتێک تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناه دەرچوو.

بۆیە با بە متمانەوە لە تەختی نیعمەت بچینە پێش، بۆ ئەوەی بەزەیی وەربگرین و نیعمەت بدۆزینەوە تاکو لە کاتی پێویستدا یارمەتیمان بدات.» (عیبرانییەکان ٤: ١٥-١٦)

بەڵام تێبینییەک هەیە: ئەگەر خۆت بە باوەڕدار دەزانیت و جلوبەرگی مەسیحیت لەبەر کردووە ئەوا پرسیار لەخۆت بکە ئاخۆ بۆکام تیم یاری دەکەیت، بۆ عیسا یان ئەوانی دیکە؟ هاوڕێ و خێزانەکەت چی دەڵێن؟

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟
## ڕەنگدانەوە:

پەیوەندی نێوان کەسێکی باوەڕدار و کەسێکی گوناهبار چییە؟

بۆچی بەلامانەوە گرنگە ئاخۆ گوناە دەکەین یان نا خۆ خودا زۆر میهرەبانە و لە گوناهەکانیشمان خۆشدەبێت؟

کتێبی پیرۆز چی دەڵێت لەسەر ئەو کەسانەی کە خۆیان وەک باوەڕدار دەزانن و بەردەوامیشن لە گوناهە؟

تائێستا هیچ گۆڕانکاریەکی لەناکاو ڕوویداوە و تۆبەت کردبێت؟

**تۆبەکردن:**

داوا لەخـودا بکـە لـە گوناهەکانت خۆشـبێت و پـڕت بـکات لـە ڕۆحـی پیـرۆز و ژیانـت پیـرۆز بـکات و کاریگـەری هەبێـت لەسـەر ژیانـت .

**لەبیرت بێت:**

> «لەبــەر ئــەوەی خــودا ئەوهندهجیهانــی خۆشویســت، تەنانــەت کوڕەتاقانەکـەی بهختکـرد، تاکـو هەرکەسـێک بـاوەڕی پـێ بهێنێـت لهنـاو نهچێـت، بەڵکـو ژیانـی هەتاهەتایـی هەبێـت،» (یۆحەنـا ١٦:٣)

خـودا گرەنتـی ژیانـی هەتاهەتاییت پێـدەدات ئەگـەر بـاوەڕ بـە مەسـیحەکە بهێنێـت، ناتوانیـت بچیتـە شانشـینی خـوداوە ئەگـەر لەڕێـگای مەسـیحەوە نەبێـت، ئـەوەی بـاوەڕ بهێنێـت ڕزگاری دەبێـت.

**ڕاپۆرت:**

لەبـارەی گونـاه و تاوانـەوە لەگـەڵ قەشـە و هاوڕێکانـی کڵێسـاکەت قسـە بکـە و داوایان لـێ بکـە بـۆت ڕوونبکەنەوە.

# ٥

## تۆ مەسیحی نیت

## ئەگەر هەتا کۆتایی بەرگە نەگریت

(کارین) هاوسەرە خۆشەویستەکەم، بەهێزترین ئافرەتە هەتا ئێستاکە بینیبێتم، وە دڵنیام هیچ کەسێکی دیکە نییە کە وەکو ئەو میهرەبان بێت، چەندە بەهێزە؟ سوپاس بۆ پرسیارەکەت، توانی چوارەم منداڵی ببێت بەبێ بەکارهێنانی سڕکەر.

یەکێک لە حەزەکانی کارین ڕاکردنە، بەرلەوەی منداڵمان هەبێت و بەرپرسیاریەتی دایک لە ئەستۆبگرێت لیستێکی هەبوو کە هەموورۆژێک بەکاری دەهێنا وەک خشتەی ڕاکردنەکانی ڕۆژانەی.

هەموو هاوینێک ڕاهێنانەکانی لە چیاکانی (ڕۆکی) ئەنجام دەدا و بەشداری ماراسۆنەکانی دەکرد، هەر کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە یەکسەر ڕاهێنانی بۆ ماراسۆنی (فیلیدافیا)ی دەکرد.

دەمویست لە ڕاهێنانەکانی هانی بدەم بۆیە لەگەڵی ڕاهێنانم دەکرد تاکو بەردەوام بێت و منیش ببم بە هاوسەرێکی باش بۆی. هەرچۆنێک بێت کاتێک کەسێک لەگەڵتدایە لە بەدیهێنانی ئامانجێک ئەوا زۆر ئاسانترە، بەڵام من زۆر ڕقم لە ڕاکردن بوو ئەوەش کێشەیەک بوو بۆم، ئەوەی حەم پێ نەدەکرد ڕاکردنبوو بۆ ماوەیەکی زۆر ئەگەرنا ڕاکردن هەستێکی خۆشم پێ دەدات بەتایبەتی ئەگەر وەک یاری بەیس بۆڵ بێت پێنج چرکە ڕابکەیت و پێنج خولەک پشوویەکی بۆ وەربگریت، بەڵام بێت و ڕابکەیت بۆ ماوەیەکی زۆر و هیچ پشوویەک وەرنەگریت و دواتریش بگەیتەوە خاڵی سەرەتا تاکو براوەبیت، بەڕاستی ئەوشتانە زۆر بێمانان.

بەڵام بەهەر جۆرێک بێ لە ڕاهێنانەکان لەگەڵی دەبووم، هەفتەی چوار ڕۆژ ڕاهێنانمان دەکرد لە پارکی (ڤاکی فۆرج)، هەمووجارێک دوای ٢٠خولەکێک هەستم بە بێزاری دەکرد و دوای ٣٠خولەک ڕقم لە ڕاهێنانەکان دەبوویەوە، بەڵام کاتێک ٤٠ خولەک تێدەپەڕی دەمویست لەلایەکی ڕێگاکە ڕاکشێم و پشوویەک وەربگرم، وە دوای ٥ خولەکی دیکە ئاواتی مردنم دەخواست و دەمویست بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە تاکو هەندێک بەفر لەسەر چۆکەکانم دابنێم.

کارین دوای کاتژمێر و نیوێک سەگەکەی لە ماڵەوە دادەنا و بەردەوام دەبوو لە ڕاهێنان، دوای کاتژمێر و نیوێکی دیکە ئینجا دەهاتەوە ماڵەوە، هەموو گیانی ئارەقە بوو بەڵام ئەوەندە هەستی بە ماندووبون نەدەکرد وەک بڵێی یەک کاتژمێر ڕایکردووە.

جیاوازی نێوانمان چییە؟ ئەوەی هاوسەرەکەم ئەنجامی دەدا (بەردەوام)ی بوو، ئەو شتەی من نەمدەتوانی بیکەم، کاتێک کە شتەکان درێژەیان کێشا چیتر لەگەڵ هاوسەرەکەم دەڕۆیشتم بۆ ڕاهێنان لەگەڵی بەڵکو خۆی بەتەنیا ئەو ڕاهێنانە درێژ و ماندوو کەرەی دەکرد.

خۆی ئەگەر بتوانیت بەردەوام بیت ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام کتێبی پیرۆز بەشێوەیەکی جیاوازتر باسی ئارامگرتن دەکات. ئارامگرتنی ڕۆح، ئەوەی باوەڕدار پێویستی پێیەتی، تاکۆتایی لە باوەڕی بەردەوام بێت. بزانین مەسیح چیمان پێ دەڵێت: «لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی تاکو کۆتایی دانبەخۆدا بگرێت، ڕزگاری دەبێت.» (مەتا ١٠:٢٢)

کەواتە خێزانەکەم دەتوانێت دانبەخۆی دا بگرێت، بەڵام دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتنی ڕۆح زۆر لەوە گرنگترە.

باسی ئەمجارەمان بەو ڕستەیە دەستپێدەکەین، (ئەگەر تاکۆتایی بەردەوام نەبیت ئەوا بێ باوەڕیت).

## ملیۆنەهای ون بوو

ئەگەر سەردانێکی ئینتەرنێت بکەیت ئەوا هەزاران ماڵپەر و بابەت دەبینیت بە ناونیشانی (کۆن مەسیحی)، چەندەها بابەتی تێدایە کە باسی ئەو کەسانە دەکات کە ڕووناکیان بینیوە و باوەڕیان هێناوەبەڵآم دوای باوەڕیان جێ هێشتوە وە بە تورەیشەوە جێیان هێشتوە. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی باوەڕجێ دێڵن بە بێدەنگی ئەیکەن وە خۆیان ئاشکرا ناکەن.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، چەند کەسێک بەشداری کڵێسایان کرد و لەئاو هەڵکێشران و ئیتر بڕیاریان دا ببن بە کسێکی باش و ڕەفتاریان باش بکەن و هەموو هەفتەیەکیش سەردانی کڵێسابکەن بۆ خزمەت، بەڵام دوای ماوەیەک بێزاربوون، هەرچۆنێک بێت بارودۆخەکە ڕوویدا.

دەبێت چی شتێک وای لێ کردبێتن کە بگۆڕێن؟ هەر دەبێت هۆکارێک هەبێت، لەوانەیە بێزاربووبن لە هەڵسوکەوت کردن کە دووره لە کەسایەتی خۆیان یان حەزیان بە پەرستنی خودا نەبێت بەو شێوەیەی مەسیح داوای کردووە، یان شتەکان وەک ئەوە نەبووە کە ویستوویانە، هەرچۆنێک بێت وازیان لە باوەڕ هێنا، کەواتە وازیان لە ڕاهێنان هێنا و گەڕانەوە ماڵەوە وەک ئەوەی من کردم، بەڵام کەسیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی فەیسبووک وازهێنانیان لە باوەڕ ڕانەگەیاند، لەوانەیە هێشتا هەندێکیان خۆیان پێ باوەڕدار بێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت وازیان هێنا.

ڕێکخراوی SBC گەورەترین ڕێکخراوی لە ئاو هەڵکێشانە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێک لە کاری گروپەکە کۆکردنەوەی ئاماری ئەو کەسانەیە کە واز دێنن،

لەساڵی ٢٠٠٤ نزیکەی ١٦ملیۆن باوەڕدار لە ١٤هەزار کڵێسا خزمەتیان دەکرد، وە هەر ١٦ملیۆن باوەڕدارەکە لە ئاو هەڵکیشرابوون، بەڵام لەو ژمارەیە تەنها ٦ملیۆن بەشداریان لە خزمەتی کڵێساکانی SBC دەکرد و ١٠ ملیۆنەکەی دیکە دیار نەبوون. لەوانەیە زۆرێک لەوانەی دیکە بەشداری خزمەتی ئەو کڵێسایانەیان کردبێت کە سەر بە SBC نەبووبن و ڕێکخراوەکەیان ئاگادارنەکردبێتەوە، بەڵام زۆرێکیان ڕۆژانێک دڵسۆزی خۆیان ڕادەگەیان بۆ مەسیح و کڵێسا بەڵام ئێستا ئەو شتانە لەلایان مانایان نییە.

## کێشەیە کۆنەکە

با بڕوانینە پەیمانی نوێ و بزانین چی دەڵێت لەسەر کەسە دووڕوەکان:

- «کاتێک عیسا ئەمانەی فەرموو، ڕۆحی خەمبار بوو و شایەتی دا: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: یەکێکتان ەگرتنم دەدات.» قوتابییەکان سەیری یەکتریان دەکرد و دڵنیا نەبوون مەبەستی لە کێیە.» (یۆحەنا ١٣: ٢١-٢٢)

  بەڵام لە کۆتایدا ئەوەی عیسای بە گرتن دا خۆی کوشت «ئەویش زیوەکانی لە پەرستگادا فڕێدا و ڕۆیی، چوو خۆی هەڵواسی» (مەتا ٢٧:٥)

- ئەو پیاوانەی ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆزیان پشتگوێ خست: «دەست بە باوەڕ و ویژدانێکی چاکەوە بگرە. هەندێک ڕەتیان کردەوە، جا لەلایەنی باوەڕەوە کەشتییان تێکشکا.

لەوانـە هیمینایـۆس و ئەسـکەندەر، ئەوانـم دایـە دەسـتی شـەیتان، بـۆ ئـەوەی فێربـن کـە کفـر نەکـەن.» (یەکـەم تیمۆسـاوس ١: ١٩-٢٠)

«وشـەکانیان وەک لاڕەشـەیە تەشـەنە دەکات. لەوانـە هیمینایـۆس و فیلێتـۆس، کـە لـە ڕاستی دەرچـوون و دەڵێـن هەسـتانەوە ڕوویـداوە، ئیـتر بـاوەڕی هەندێـک هەڵدەگێڕنـەوە.» (دووەم تیمۆسـاوس ٢: ١٧-١٨)

- پۆڵـس چەنـد جارێـک کـە نامـەی بـۆ کڵێسـا دەنووسـی سـڵاوی خۆشـی بەنامەکـە دەگەیانـد بـۆ دیماسـی هاوڕێـی، پێشـتر پۆڵـس و دیـماس دوو هاوڕێـی زۆر نزیـک بـوون، بـەڵام دواتـر دیـماس پۆڵسـی جێهێشـت. «چونکـە دیـماس بەجێـی هێشـتم، ئـەم جیهانـەی خۆشویسـت و چـوو بـۆ سـالۆنیکی، کریسـکینیش بـۆ گەلاتیـا و تیتـۆس بـۆ دەڵماتیـا.» (دووەم تیمۆسـاس ٤:١٠).

هـەر چـی زانـا و لێکۆڵەرانـی ئینجیـل هەیـە پێیـان وایـە یەکـەم نامـەی یۆحەنـا بـۆ ئـەو کەسـانە بـووە کـە وازیان لـە بـاوەڕ هێناوە، گروپێـک لەوانـەی بـەردەوام بانگەشـەی ڕزگاریەکەی مەسـیحیان دەکـرد و دەیانگـوت " کـوڕی خـودا لـە شـێوەی مـرۆڤ هـات بـۆ ڕزگاریـمان " وازیـان لـە باوەڕهێنا و ئیـتر خزمەتیـان نەدەکـرد، بۆیـە یۆحەنـا کڵێسـا لـەو کێشـانە ڕزگاربـکات، بۆیـە پێـی گوتـن: "ئـەوان لێمان جیا بوونـەوە، بـەڵام بەڕاستی سـەر بـە ئێمـە نەبـوون، چونکـە ئەگـەر سـەر بـە ئێمـە بوونایـە، لەگەڵـمان دەمانـەوە، بـەڵام چـوون بـۆ ئـەوەی دەربیخـەن کـە کەسیان سـەر بـە ئێمەنیـن ( یەکـەم یۆحەنـا ١٩:٢)» لەوانەیـە ئەگـەر ئـەو کەسـانەت ببینیبوایـە وات هەسـتکردبا کـە کەسـانی زۆر بـاوەڕدارن، بـەڵام ڕووی ڕاسـتیەکەیان دەرکـەوت.

گرنگـە بزانیـن مەبەسـتی یۆحەنـا لـەو نـوسراوە ئـەوە نەبـوو بڵێـت « پێشـتر ئەوانـە بـاوەڕدار بـوون و لەگەڵـمان بـوون بـەڵام چیـتر بـەم شـێوەیە نیـن « بەڵکـو مەبەسـتی ئەوەیـە ئـەوان هەرگیـز بـاوەڕدار نەبوونـە، ئەگـەر ڕاسـتیان بکردابایـە ئـەوا ئێسـتاش لـە کڵێسـاکان لەگەڵـمان دەبـوون، بـەڵام لەناخـەوە باوەڕیـان نەهێنـاوە.

ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز فێرمـان دەکات ئەوەیـە کـە بـاوەڕداری تـەواو هەرگیـز واز لـە باوەڕەکـەی ناهێنێـت و مەسـیح لەبیـر نـاکات.

ئەوانـەی خوێندتـەوە چ مانایەکیـان هەیـە و چـۆن تێـی گەیشـتوویت؟ واتـای ئەوەیـە هیـچ گرنـگ نییـە کـە چـۆن خـۆت دەردەخـەی ئاخـۆ باوەڕداریـت یـان نـا بەڵکـو ئـەوەی گرنگـە هەتـا کۆتایـی بـاوەڕت هەبێـت و بـەردەوام بیـت.

لەزۆربـەی کڵێسـاکانی ئەمریـکا خەڵکـی وا فێردەکرێـن کـە باوەڕهێنان تەنهـا ئەوەندەیە کـە لێبوردەیـی و بەخشـندەیی خـودات قبـوڵ بێـت و تـەواو ئیـتر، بابەتەکەیـان زۆر بـە سـادە وەرگرتـووە.

ئەگـەر تـۆش بـەم شـێوەیە تێگەیشـتوویت و واتزانیـوە ئـەم پەرتووکـە چارەسـەری کێشـەکانت دەکات، ئـەوا مـن پێـت دەڵێـم ئـەم بەشـەی کتێبەکـە زۆر گرنـگ دەبـێ بـۆت.

پێشـتر زۆرێـک لـە بـاوەڕداران بەو شـێوازە بیریـان کردوەتەوە، لەسـاڵی ١٨٣٣ (هامپشـیر بابتیسـت) فێرکردنەکانـی کتێبـی پیـرۆزی کـورت کـردەوە تاکـو بـەم شـێوەیەی لـێ هـات: « تەنهـا ئەوکەسـانەی تاکـو کۆتایـی بەرگـە دەگـرن بـاوەڕداری ڕاسـتەقینەن، ئەوانـەی سـوورن لەسـەر بیـرو بـاوەڕی خۆیـان و بەردەوامـن لەسـەر ڕێچکـەی خۆیـان...»

چۆن بزانین باوەڕداری تەواو کێن؟ چۆن بزانین کێ بە ڕووکەش باوەڕدارە؟

بـاوەڕداری تـەواو تاکـو کۆتایـی بەرگـە دەگرێـت، ئـەوە باشـترین نیشـانەیە بـۆ ناسـینەوەیان.

## لە ناوەڕاستی کتێبی پیرۆزەوە

هەسـتمان کـردووە کـە دوو کێشـەمان هەیـە ، یکـە دەبێـت خۆمانـی لـێ لابەیـن یەکەمیـان دەبێـت، یەکەمیـان لەوانەیـە هەندێکجـار وابیربکەینـەوە کـە ڕزگارمـان نابێـت، بـەڵام بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە بـەم شـێوەیە نییـە و سـوورە لەسـەر بـاوەڕی خۆی، کێشـەیەکی ترمـان ئەوەیـە، هەندێـک کـەس دەڵێـن ئـەوەی یەکجـار لـە گوناهەکانـی ببەخـشرێ ئیـتر دەتوانێـت هەرچۆنێـک بییەوێـت بژیـت جـا بـە خراپـە بێـت یـان بـە چاکـە.

ئـەوەش بیرکردنەوەیەکـی هەڵەیـە، چونکـە بـاوەڕداری تـەواو هەرگیـز ناچێتـەوە سـەر ئەوکارانـەی پێـش باوەڕهێنانـی کردوویەتـی و بـەردەوام دەبێـت لـە جێبەجێکردنـی فەرمایشـتەکانی خـودا.

ئـەو ڕزگارییـەی مەسـیح پێـی بەخشـین زۆر لـەوە زیاتـرە تەنهـا لـە دۆزەخ ڕزگارمـان بـکات:

- عیسا هات و ئێمەش لە تاوان ڕزگارمان بوو:

" بـەڵام ئێسـتا کـە لـە گونـاە ئـازاد کـراون و بوونـە بەنـدەی خـودا،

بەرهەمتان بۆ پیرۆزی هەیە و دەرئەنجامەکەی ژیانی هەتاهەتاییە» (ڕۆما ٦:٢٢)

- عیسا هات و ژیانی پێ بەخشین چونکە مردبووین:

”ئێمە کە بە هۆی گوناهەکان مردبووین، لەگەڵ مەسیح زیندووی کردینەوە. بە نیعمەت ڕزگارتان بووە.» (ئەفەسۆس ٢:٥)

- عیسا هات و بەدوامان گەڕا و ئێمەی دۆزیەوە:

” چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە بەدوای لەناوچواندا، بگەڕێت و ڕزگاریان بکات.» (لۆقا ١٩:١٠)

- نەخۆشبووین و عیسا چارەسەری کردین:

” عیساش وەڵامی دانەوە: «لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن.» (لۆقا ٥: ٣١-٣٢)

- لە تاریکیدا دەژیاین و عیسا ژیانمانی ڕووناک کردەوە:

”لێرەدا خوداوەندی ئەم دنیایە بیری بێباوەڕانی کوێر کردووە، تاکو ڕووناکی مزگێنی شکۆی مەسیحیان بۆ نەدرەوشێتەوە، ئەوەی وێنەی خودایە. ئێمە خۆمان ڕاناگەیەنین، بەڵکو عیسا کە مەسیحی باڵادەستە، خۆشمان لەپێناوی عیسا بەندەی ئێوەین، چونکە خودا، ئەوەی فەرمووی: {با لە تاریکیدا ڕووناکی بدرەوشێتەوە}، ئەو لەدڵماندا درەوشایەوە، بۆ ڕووناککردنەوەی ناسینی شکۆی خودا لەڕووی عیسای مەسیحدا.» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤-٦)

- لەدژی باوکمان وەستابووینەوە و عیسا هات و ئاشتی کردینەوە:

”ئینجا فەرمووی: «کابرایەک دوو کوڕی هەبوو.

بچووکەکەیان بە باوکی گوت: ‘باوکە، چیم بەردەکەوێ لە بەشە میراتی خۆم، بمدەرێ.” ئەویش ماڵەکەی بۆ دابەشکردن.

«دوای چەنـد ڕۆژێـک، کـوڕە بچووکەکـە هەمـوو شـتەکانی کۆکـردەوە بـەرەو وڵاتێکـی دوور ڕۆیشـت، لـەوێ ماڵەکـەی لەسـەر ڕابـواردن دانـا.

لـەدوای ئـەوەی هەمـووی خەرجکـرد، قاتوقـڕی گـەورە کەوتـە ناوچەکـە، لەبـەر ئـەوە تووشـی نەبوونـی هـات.

ئیـتر هانـای بـۆ هاوڵاتییەکـی ناوچەکـە بـرد، ئەویـش ناردییـە کێڵگەکانـی بـۆ لەوەڕاندنی بـەراز.

حـەزی دەکـرد بـەو خڕنووکەسـکی خـۆی تێـر بـکات کـە بـەرازەکان دەیانخـوارد، بـەڵام کـەس هیچـی پێنـەدەدا.

«ئینجـا بەهـۆش خـۆی هاتـەوە و گوتـی: "ئاخـۆ چەنـد کرێـکاری باوکـم نانیـان لەبـەر دەمێنێتـەوە، منیـش لێـرە وا لەبرسـان دەمـرم.

هەڵدەسـتم دەچمـەوە لای باوکـم، پێـی دەڵێـم: باوکـە، لـە دژی ئاسـمان و بەرامبـەری تـۆ گوناهـم کـرد.

ئیـتر شـایانی ئـەوە نیـم بـە کـوڕی تۆ بانـگ بکرێـم، بمکـە بـە کرێکارێکی خـۆت."

جا هەستا و گەڕایەوە لای باوکی.

«هێشـتا دوور بـوو باوکـی ئـەوی بینـی و دڵـی بـۆی سـووتا، ڕایکـرد و باوەشـی پێداکـرد و ماچـی کـرد

«کـوڕەش پێـی گـوت: "باوکـە، لـە دژی ئاسـمان و بەرامبـەری تـۆ گوناهـم کـرد، ئیـتر شـایانی ئـەوە نیـم بـە کـوڕی تـۆ بانـگ بکرێـم."

«بــەڵام باوکەکــە بــە خزمەتکارانــی خــۆی گــوت: "خێــرا باشــترین جلوبـەرگ بهێنـن و لەبـەری بکـەن، ئەنگوسـتیلەیەک بکەنـە پەنجـەی و پێڵاویـش بـۆ پێـی.

گوێرەکە قەڵەوەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین

چونکـه ئـەم کـوڕەم مـردوو بـوو و زینـدوو بووەتـەوە، ون ببـوو و دۆزراوەتـەوە.” جـا دەسـتیان بـە ئاهەنـگ گێـڕان کـرد.

«کـوڕە گەورەکـە لـە کێڵگـە بـوو، کـە هاتـەوە و لـە مـاڵ نزیـک بـووەوە، گوێـی لـە مۆسـیقا و هەڵپەڕکـێ بـوو.

یەکێک لە خزمەتکارانی بانگکرد و پرسیاری کرد، “ئەمە چییە؟”

پێـی گـوت: “براکـەت گەڕاوەتـەوە، باوکیشـت گوێرەکـە قەڵەوەکـەی سـەربڕی، چونکـە بـە سـاغ و سـەلامەتی گەڕاوەتـەوە.”

«کـوڕە گەورەکـە تـووڕە بـوو و نەیویسـت بچێتـە ژوورەوە. ئیـتر باوکـی هاتـە دەرەوە و تـکای لێکـرد.

بــەڵام ئــەو وەڵامــی باوکــی دایــەوە: “ئەوەتــا ئــەو هەمــوو ســاڵە کۆیلایەتیـت بـۆ دەکـەم و هەرگیـز لـە فەرمانـت دەرنەچـووم، تەنانـەت کاریلەیەکـت نەدامـێ تاکـو لەگـەڵ هاوڕێیەکانـم پێـی دڵخـۆش بـم.

بــەڵام کاتێــک ئــەم کــوڕەت هاتــەوە، ئــەوەی ماڵەکەتــی لەگــەڵ لەشفرۆشــان لــووش دا، گوێرەکــە قەڵەوەکــەت بــۆی ســەربڕی.”

ئەویـش پێـی گـوت: “کـوڕم، تـۆ هەمیشـە لەگـەڵ منـی، هەرچیـم هەیـە هـی تۆیـە.

بـەڵام پێویسـتە دڵخـۆش و شـاد بیـن، چونکـە ئـەم برایـەت مـردوو بـوو و زینـدوو بووەتـەوە، ون ببـوو و دۆزراوەتـەوە.”» (لۆقـا ١٥: ١١-٣٢) ”

- **خودا دوژمنمان بوو، عیسا هات و ئێمەی کرد بە هاوڕێ:**

” ئەمـەش هەمـووی لـە خوداوەیـە، کـە لەگـەڵ خـۆی لـە ڕێگـەی مەسـیحەوە ئاشـتی کردینـەوە و خزمەتـی ئـەم ئاشـتبوونەوەی پێدایـن،

واتـە خـودا بـە هـۆی مەسـیحەوە جیهانـی لەگـەڵ خـۆی ئاشـت دەکـردەوە، گوناهەکانیـان لەسـەر نانووسـێت و پەیامـی ئاشـتبوونەوەی بـە ئێمـە سـپاردووە.» (دووەم کۆرنسـۆس ٥: ١٨-١٩)

- بەر لە هاتنی مەسیح چەند بتێکمان دەپەرست کە سوودی نەبوو، بەڵام عیسا ئاشنای کردین بە ڕێگای ڕاستی و دروستی:

> ” چونکە خۆیان باسمان دەکەن کە پێشوازیتان لە ئێمە چۆن بووە و چۆن لە بتپەرستییەوە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا، تاکو خودای زیندوو و ڕاست بپەرستن.» (یەکەم سالۆنیکی ١:٩)

ئێستا زانیت لەبەرچی باوەڕداری تەواو تاکو کۆتایی بە باوەڕێکی تەواوەوە دەمێنێتەوە؟ واتای ڕزگاربوون بۆ ئێمە واتا ڕزگاربوونمانە لە ژیانی زەوی و بەدەست هێنانی ژیانی هەتاهەتایی، ئەوانەی گوناە دەکەن و ڕاسپاردەکان بە گرنگ نازانن ئەوا ڕزگاریان نابێت، وەک ئەوەیە کەسێک لە قوڕ چەقیبێت و تۆش پێی بڵێی پێشتر ڕزگارت کردووە، ئەوکاتە قسەکانت هیچ مانایەکیان نییە، چونکە ئەو کەسە پێشتر باوەڕدار بووە و ئێستاش وازی هێناوە.

بۆیە خودات خۆشبوێت و بەردەوام بە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاسپاردەی خودات پێ گەیشتووە و دەیچەسپێنیت لە ژیانی خۆت.

ئەگەر کەسێک لە ڕێگەی مەسیحەوە ڕزگاری بووبێت ئەوا جارێکی دیکە تاریکی نابینێتەوە و ون نابێت و لە باوەڕی خۆی لانادات و لە باوکی دوور ناکەوێتەوە، ئەوەش واتای وایە مەسیح ڕزگارکەرە و ڕێگا ڕاستەکەیە ئەگەر وانەبوایە ئەوا نەدەبوو بە ڕزگارکەر.

## خەڵکی بۆ وازدێنن؟

عیسا نموونەیەکی بۆ هێنایەوە تاکو لەو کەسانە تێبگەین کە یەکەمجار خۆیان بە باوەڕدار دەناسێنن و دواتر دوور دەکەونەوە.

> «گوێ بگرن، جوتیارێک چووە دەرەوە تۆو بکات.
>
> کە تۆوی دەوەشاند، هەندێکی کەوتنە سەر ڕێگا، باڵندەش هاتن و خواردیانن.
>
> هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی بەردەڵان کە خۆڵی کەم بوو، خێرا سەریان دەرکرد، چونکە زەوییەکەی قووڵ نەبوو.

بەڵام کە ڕۆژ هەڵهات سووتان و وشک بوون، چونکە ڕەگیان نەبوو.

هەندێکیشیان کەوتنە نێو دڕکان، دڕکەکان گەورە بوون و خنکاندیانن و بەرهەمیان نەدا.

هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی باش، ڕوان، گەشەیان کرد و بەرهەمیان دا، یەک بە سی و یەک بە شەست و یەک بە سەد.

ئینجا فەرمووی: «ئەوەی گوێی بیستنی هەیە، با ببیستێت.» (مەرقۆس ٤: ٣-٩)

دوای ئەوەی لەگەڵ قوتابیەکانی بەتەنها مایەوە ئەوەی لەسەر جوتیارەکە گوتی هەمووی بۆ ڕونکردنەوە و گوتی ئەو چوار خاکەی کە تۆوەکەی بەسەر دا رژێنرا مەبەستی لە چوار جۆر خەڵکە کە وشەی خودایان پێ دەگات:

«هەندێک کەس وەکو ئەو تۆوانەن کە دەکەونە سەر ڕێگاکە، کە پەیامەکەیان لێ تۆو دەکرێت، کاتێک دەیبیستن دەستبەجێ شەیتان دێت و ئەو پەیامەیە دەبات کەتێیاندا تۆوکراوە.» (مەرقۆس ٤:١٥)

”ئەوانەی دیکە کە لەسەر بەردەڵانەکە تۆوکران، ئەوانەن کە پەیامەکە دەبیستن و یەکسەر بە خۆشییەوە وەریدەگرن،

بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم دەمێنن چونکە ڕەگیان نییە، دواتر لەبەر پەیامەکە تووشی تەنگانە و چەوسانەوە دەبن، یەکسەر دەکەون.» (مەرقۆس ٤: ١٦-١٧)

”ئەوانەی دیکە کە لەنێو دڕکەکاندا تۆوکران، ئەمانە ئەوەن کە پەیامەکە دەبیستن،

بەڵام خەمی ژیان و فریوخواردنی دەوڵەمەندی و ئارەزووی شتەکانی دیکە دێنە ناوەوە و پەیامەکە دەخنکێنن، ئیتر بێ بەرهەم دەبن.» (مەرقۆس ٤: ١٨-١٩)

”ئەوانەی دیکە کە لەسەر زەوییەکی چاک تۆوکران، ئەوانەن کە

پەیامەکـە دەبیسـتن و وەریدەگـرن و بەرهـەم دەدەن، یـەک بـە سـی و یـەک بـە شەسـت و یـەک بـە سـەد.» (مەرقۆس ٤:٢٠)

ئـەوەی مـن پێـی سەرسـام بـووم جـۆری دووەم و سـێیەمی خەڵکەکەیـە، جـۆری یەکـەم دیـارە کـە نایانەوێـت ڕزگاریـان ببێـت و جـۆری چوارەمیـش کەسـانێکن باوەڕدەهێنـن و بەرهەمـی بـاش دەدەن بـەڵام جـۆری دووەم و سـێیەم باوەڕدەهێنـن بـەڵام بەرهەمیـان نابێت،

باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە بۆچی ئەو جۆرە خەڵکانە بەرهەمیان نابێت.

## ژیانی سەر زەوی

دووەم جـۆری کـە عیسـا باسـی کـرد کەسـانێکن باوەڕدەهێنـن و دڵخـۆش دەبـن و سـەردانی خزمەتـی کڵێسـاکان دەکـەن و لـە ئاویـش هەڵدەکێشرێـن، بـەڵام لەوانەیـە لەلایـەن خێزانەکانیانـەوە توشـی نارەحەتـی بـبن و هاوڕێکانـی گاڵتەیـان پـێ بکـەن و بخرێنـە زیندانـەوە. جـا ئەنجامەکـەی هـەر چیـەک بێـت، مـادام باوەڕیـان بـە مەسـیح هێنـاوە دەبێـت باجەکەشـی بـدەن، هـەروەک عیسـا دەفەرمووێـت: ”بیهێننـەوە بیرتـان چیـم پـێ گوتـن: “کۆیلـە لـە گەورەکـەی گەورەتـر نییـە.” ئەگـەر منیـان چەوساندبێتەوە، ئێـوەش دەچەوسـێننەوە. ئەگـەر وشـەی منیـان پاراسـتووە، هـی ئێـوەش دەپارێـزن.» (یۆحەنـا ١٥:٢٠).

مەحاڵـە بەبـێ ئـازار بـەدوای ئـەو مەسـیحە بکەویـت کـە جیهـان لەخاچـی دا، بەداخـەوە زۆرجـار بـاوەڕداران لـە هاندانـی خەڵکـی شکسـت دێنـن تاکـو وایـان لـێ بکـەن بـاوەڕ بێنـن بـە مەسـیح.

هەرچـی جـۆری سـێیەمە، بەهـۆی حەز و ئـارەزوو و پـارە و پولـەوە ناتوانن لـە باوەڕەکەیان بـەردەوام بـن و زیاتـر ن حـەزی دنیاییـان هەیە،ناتوانـن ئارامبگـرن کاتێـک دەچەوسـێنرێنەوە لەلایـەن خەڵکیـەوە ، بۆیـە هێـواش هێـواش باوەڕکردنیـان لاواز دەبێـت و واز دێنـن.

”ڕۆژانـی ڕابردووتـان بەیـاد بێتـەوە کـە ڕوونـاک کرانـەوە و بەرگـەی ململانێیەکـی سـەختی پـڕ لەئازارتـان گـرت.

هەندێـک جـار تووشـی جنێـو و چەوسـانەوەی ئاشـکرا هاتـوون، هەندێـک جـار بەشـداری ناخۆشـی ئەوانەتـان کـردووە کـە بـە هەمـان شـێوەی ئێـوە هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ کـراوە.

هاوسـۆزی بەندکراوانتـان کـرد، کاتێـک سـامانتان تـاڵان کـرا بـە خۆشـییەوە قبوڵتـان کـرد، چونکـە دە زانـن لـە ئاسـماندا سـامانی باشـترتان هەیــە و دەمێنێتــەوە.

کەواتە متمانەتان فڕێمەدەن کە پاداشتی گەورەی هەیە،

چونکـە پێویسـتیتان بـە دانبەخۆداگرتـن هەیـە، تاکـو لـەدوای ئـەوەی بـە خواسـتی خوداتـان کـرد، بەڵێنەکە بەدەسـتبهێنن،

چونکە دوای ماوەیەکی زۆر کورت،
{ئەوەی دێت، دێت و دواناکەوێت.

ئەوەی ڕاستودروستە و هی خۆمە بە باوەڕ دەژیێت،
هەروەها ئەگەر هەڵگەڕایەوە،
ئەوە جێی ڕەزامەندی من نابێت.}

جـا ئێمـە سـەر بەوانەیـن کـە هەڵدەگەڕانـەوە و لەناودەچـن، بەڵکـو سـەر بـە ئەوانەیـن کـە باوەڕیـان هەیـە و ڕزگار دەکرێـن.» (عیبرانییـەکان ١٠: ٣٢-٣٩)

بـاوەڕدار لەپێنـاوی باوەڕەکـەی بەرگـە دەگرێـت و تـا کۆتایـی دەمێنێتـەوە، هەرچەنـد ئـازار بدرێـت و بچەوسـێندرێتەوە هەرگیـز واز لـە باوەڕەکـەی ناهێنێـت و بـەردەوام دەبێت چونکـە دەزانێـت ئـەوە تاکـە ڕێـگای ڕزگارییـە، بـەڵام ئـەوەی وەک ئـەو تـۆوە وایـە کـە دەکەوێتـە سـەر بەردەڵانـەکان یـان دەکەوێتـە سـەر زەوی و چۆڵەکـە دەیخـوات.

## ئەو نەگۆڕانەی کە جیهان دەخنکێنێت

ئـەو کەسـانەی لـە سـێیەم نموونـەوە باسـکراون، وەکـو نموونـەی دووەم وان، وشـەکان دەبینـن بـەڵام لەنـاکاو خۆیانـی لـێ دوور دەخەنـەوە، ئـەوەی هـۆکارە تاکـو وایـان لـێ بـکات حەزەکانـی دونیایـە جـا ئەگـەر کەسـەکە هەژاربێـت بـۆ بژێـوی ژیانـی ڕادەکات و ئەوەشـی دەوڵەمەنـد بێـت بـۆ خانـوو و پـارەی زیاتـر ڕادەکات.

هەندێـک کـەس هـۆکارن بـۆ ئـەوەی وا لـە ئەوانـی تریـش بکـەن باوەڕیـان لاواز بێـت، ڕوونـتر قسـەبکەم، گرنـگ نییـە کـە چەنـدەت هەیـە، گرنـگ ئەوەیـە کـە بـەدوای چـی دا دەگەڕێـت.

هەموومان دەزانین دەوڵەمەندی شتێکی گرنگە لەژیانمان دا و هەوڵی بۆ دەدەین بەڵام لەلایەنی ڕۆحییەوە مەترسی دارە:

- هەبوونی پارە و سامان یارمەتیت دەدات وژیانت بۆ ئاسان دەکات و ئارامیت پێ دەبەخشێت و پارە وادەکات خەڵک زیاتر پێویستیان بە پارە بێت وەک لەوەی پێویستیان بە مەسیحە.
- پارە وامان لێ دەکات زیاتر باوەڕمان بە خۆمان بێت وەک لەوەی بە مەسیح هەمانە.
- هەبوونی پارە و سامانی زۆر واتا زیاتر خەمی لەدەست دانی پارەکانمانە وەک لە بەخشینی پارەکە لەپێناوی عیسا.
- مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەند زۆر زەحمەتە بەردەوام بیریان لەلای پارەیە و کاتی زیاتر بۆ کۆکردنەوە و ئیشکردن بەسەر دەبەن.
- چەند زیاترمان هەبێت و پارە دارتربین زیاتر کۆدەکەینەوە.

کتێبی پیرۆز باسی مەترسیەکانی سەروەت و سامان دەکات، لەو بەشە و چەند بەشی داهاتوو زیاتر باسی دەکەین، نمونەیەکمان هەیە لەسەر سەروەت و سامان: «شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. یەکێک دۆزییەوە و شاردییەوە، لەخۆشیان دەچێت و هەرچی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت.

> «هەروەها شانشینی ئاسمان لە بازرگانێک دەچێت بەشوێن مرواری نایابدا دەگەڕا.
>
> کاتێک مرواریەکی گرانبەهای بینی، چوو هەرچیی هەبوو فرۆشتی و مرواریەکەی کڕی.» (مەتا ١٣: ٤٤-٤٦)

## دراوێک و دوو دیو

چۆن تاکۆتایی ژیانمان بەردەوامبین لەسەر باوەڕەکەمان؟

وەڵامەکەمان لە کتێبی پیرۆز دەست دەکەوێت: " بەڵام ئێوە خۆشەویستان، خۆتان

لەسەر باوەڕی پیرۆزتان بنیاد بنێن، بە ڕۆحی پیرۆز نوێژ بکەن،

> خۆتان لەناو خۆشەویستی خودا بپارێزن، چاوەڕوانی بەزەیی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان بن بۆ ژیانی هەتاهەتایی.
>
> بەزەییتان بەوانەدا بێتەوە کە گومان دەکەن.
>
> هەندێک لە ئاگر بڕفێنن و ڕزگاریان بکەن، لەترسدا بەزەییتان بە هەندێکدا بێتەوە، تەنانەت ڕقتان لەو بەرگانە بێتەوە کە بە جەستەگڵاو بوونە.
>
> بۆ ئەوەی توانای هەیە لە کەوتن بتانپارێزێت، هەروەها بێ گلەیی و بەوپەڕی شادییەوە لەبەردەم شکۆیەکەی ڕاتانبگرێت.
>
> بۆ تاکە خودای ڕزگارکەرمان لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان، شکۆ و گەورەیی و توانا و دەسەڵات بۆ ئەوە، لە ئەزەلەوە و ئێستا و هەتاهەتایە! ئامین.» (یەهوزا ١: ٢٠-٢٥)

## دوو ڕاستی هەیە کە نابێت لەبیریان بکەین
## کۆڵنەدان ئەرکی باوەڕدارە

لەلایەکەوە، یەهوزا پێمان دەڵێ «خوداتان خۆش بوێت». خۆدا لە خۆشەویستی خۆی بێبیشمان ناکات، مەبەستی لەم قسانە ئەوەیە کە باوەڕدار نابێت کۆڵبدات و واز بێنێت، هەروەها تاکە نووسەری پەیمانی نوێ نییە بەم شێوەیە قسەبکات، بەڵکو نوسەرانی کتێبی پیرۆز داوامان لێ دەکەن تاکۆتایی دان بە خۆمان دا بگرین و بەردەوام بین، هەروەها دەبێت ئاگاداری خۆمان بین و بەردەوام بین لە باوەڕەکەمان و چاوکراوەبین لەبەردەم مەترسیەکان: «ئێستا ڕۆڵە خۆشەویستەکان، بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح پەیوەست بن تاکو کاتێک ئەو دەردەکەوێت متمانەمان هەبێت و لە هاتنەوەکەی شەرمی لێ نەکەین» (یەکەم یۆحەنا ٢٨:٢)

> «لە تێکۆشانی باوەڕدا باش تێبکۆشە، دەست بەژیانی هەتاهەتاییەوە بگرە، ئەوەی خودا بانگی کردووی بۆی، کاتێک باش دانت پێدا ناوە لەبەردەم شایەتی زۆردا.

ڕاتدەسپێرم لەبەردەم خودا، ئەوەی ژیان بە هەمووان دەدات و لەبەردەم عیسای مەسیح، ئەوەی شایەتی باشی دا لەلای پیلاتۆسی پۆنتی،

کە بە پاکی و بێ گلەیی ئەو ڕاسپاردانە بپارێزیت، هەتا ڕۆژی دەرکەوتنی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان.» (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٢-١٤)

”کەواتە متمانەتان فڕێمەدەن کە پاداشتی گەورەی هەیە،

چونکە پێویستیتان بە دانبەخۆداگرتن هەیە، تاکو لەدوای ئەوەی بە خواستی خوداتان کرد، بەڵێنەکە بەدەستبهێنن،

چونکە دوای ماوەیەکی زۆر کورت،
{ئەوەی دێت، دێت و دواناکەوێت.

ئەوەی ڕاستودروستە و هی خۆمە بە باوەڕ دەژییێت،
هەروەها ئەگەر هەڵگەڕایەوە،
ئەوە جێی ڕەزامەندی من نابێت.}

جا ئێمە سەر بەوانە نین کە هەڵدەگەڕانەوە و لەناودەچن، بەڵکو سەر بەئەوانەین کە باوەڕیان هەیە و ڕزگار دەکرێن.» (عیبرانییەکان ١٠: ٣٥-٣٩)

”لەبەر ئەوە، چونکە ئێمە بە هەورێکی شایەتیدەری ئاوا گەورە دەورەدراوین، با هەموو بارگرانییەک و ئەو گوناهانەی کە بە ئاسانی لێمان دەئاڵێت لەخۆمانی دوور بخەینەوە و بە دانبەخۆداگرتنەوە لەو پێشبڕکێیە ڕابکەین کە لەپێشمانە دانراوە.» (عیبرانییەکان ١٢:١)

کەواتە ئێستا دەزانین کە ئەرکی ئێمە دان بە خۆ داگرتن و مانەوەیە تاکو کۆتایی، بە کورتییەکەی جیاوازیەک هەیە لەنێوان من و هاوسەرەکەم، هاوسەرەکەم لە ڕاهێنان کردن توانای دان بەخۆ داگرتنێکی زۆری هەیە بەڵام من نیمە، ئەوەیە کە دەبێت کەسێکی باوەڕدار لەژیانی خۆی دا ئەنجامی بدات، با دووبارە لە دەمی مەسیحەوە تەماشای وشەی دان بە خۆ داگرتن بکەینەوە: «لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان

دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی تاکـو کۆتایـی دانبەخـۆدا بگرێـت، ڕزگاری دەبێـت.» (مەتـا ١٠:٢٢)

## دان بەخۆ داگرتن کاری خودایە

ئەگـەر سـەرەتای ئـەم بەشـەتان لەبیربێـت کـە تێیـدا باسـی چیرۆکـی خـۆم و هاوسـەرەکمم بـۆ کـردن، کـە باسـم کـرد هاوسـەرەکەم چەنـدە کەسـێکی خۆراگـر و کـۆڵ نـەدەرە، بـەڵام شـتێک هەیـە نابێـت لەبیـری بکەیـن، ڕاسـتە دەبێـن دان بـە خۆمـان دا بگریـن بـەڵام لەکۆتایـی دا ئـەوە کاری خودایـە،

یەهـوزا نەیدەتوانـی منتمانەیەکـی تـەواو بـدات بـە قوتابیەکانـی، هەروەهـا بەبیـر قوتابیەکانـی دێنێتـەوە و دەڵـێ: "بـۆ ئـەوەی توانـای هەیـە لـە کەوتـن بتانپارێزێـت، هەروەهـا بـێ گلەیـی و بەوپـەڕی شـادییەوە لەبـەردەم شـکۆیەکەی ڕاتانبگرێـت،» (یەهـوزا ١:٢٤).

هـەر کەسـێک دان بەخـۆی دابگرێـت و هەتـا کۆتایـی بمێنێتـەوە ئـەوا ڕزگاری دەبێـت چونکـە خـودا بەڵێنـی داوە و ئاگادارمـان دەکاتـەوە تاکـو نەخەڵەتێیـن و بـەلا ڕێـدا نەچیـن:

> «لەمەشـدا دڵنیـام، خـودا کە لـە ئێوەدا ئەم ئیشـەچاکەی دەسـتپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسـای مەسـیح تەواوی دەکات.» (فیلیپی ١:٦)

> «کاتێـک گوێتـان ل پەیامـی ڕاسـتی گـرت کـە مزگێنـی ڕزگاریتانـە، ئێـوەش لەگـەڵ مەسـیح یەکتانگـرت و ئـەو یەکێتییەتـان لەگـەڵ مەسـیح سـەلمێنرا، چونکـە کاتێـک باوەڕتـان هێنـا ڕۆحـی پیـرۆزی بەڵێنپێـدراو وەک مۆرێـک دەستنیشـانی کـردن.

> ڕۆحـی پیرۆزیـش پێشـەکی دەسـتەبەری میراتەکەمانـە، بـۆ کڕینـەوەی گەلـی تایبەتـی خـودا، بـۆ ستایشـکردنی شـکۆیەکەی.» (ئەفەسـۆس ١:١٣-١٤)

> «مەڕەکانـم گـوێ لـە دەنگـم دەگـرن، منیـش دەیانناسـم و ئەوانیـش بەدوام دەکـەون، ژیانـی هەتاهەتاییـان دەدەمـێ و هەرگیـز لەنـاو ناچـن، کەسـیش لـە دەسـتم نایانڕفێنێـت. باوکـم کـە بەمنـی داون لـە هەمـووان گەورەتـرە، کەسـیش ناتوانێـت لەدەسـتی بـاوک بیانڕفێنێـت» (یۆحەنـا ١٠: ٢٧-٢٩)

> «چونکـە دڵنیـام نـە مـردن و نە ژیـان، نـە فریشـتەکان و نە سـەرۆکەکان، نـە شـتەکانی ئێسـتا و نـە شـتەکانی داهاتـوو، نـە هێزەـکان، نـە بـەرزی

و نـه قووڵـی، نـه بەدیهێـنراوی دیکـه، ناتوانێـت لـه خۆشەویسـتی خـودا
جیامـان بکاتـەوە کـە لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحی گەورەمانـەوە بۆمـان
دێـت.» (ڕۆمـا ٨: ٣٨-٣٩)

نابێـت تەنهـا داوای ڕزگاربوونمـان بکەیـن بەڵکـو دەبێـت دان بـە خۆشـمان دا بگریـن، ئـەوەی لـە بەدبەختـی ڕزگامـان دەکات هـەر ئـەو کەسەشـە ژیانـی هەتاهەتاییـمان پـێ دەدات.

ئایـا عیسـا بەڵێنـی داوە کـە هیچکـەس ناتوانێـت هەڵـمان خەڵەتێنێـت؟ یـان خـودا بەڵێنـی داوە هیـچ شـتێک لـە خۆشەویسـتی مەسـیح دوورمـان ناخاتـەوە؟ دەکـرێ دانیشـین و هیـچ نەکەیـن؟ نەخێـر.

بەڵکـو خـودا لەپێنـاوی ئێمـە هەوڵـدەدات، لـەم نـوسراوە پۆڵـس ڕووی هـەردوو دراوەکەمـان بـۆ دەردەخـات و دەڵێـت: ”بۆیـە خۆشەویسـتانم، هـەروەک چـۆن کاتێـک لەلاتـان بـووم هەمیشـە گوێڕایەڵـی ڕێنماییەکانـم بـوون، ئێسـتاش کـە لەلاتـان نیـم زۆر گرنگـترە کـە گوێڕایەڵـم بـن. بـە تـرس و لـەرزەوە کۆشـش بکـەن بـۆ تەواوکردنـی ڕزگاریتـان،

چونکـە خـودا خـۆی لـە ئێـوەدا کار دەکات تاکـو بتانەوێـت و کار بکـەن
بـۆ ڕەزامەنـدی ئـەو.» (فیلیپـی ٢: ١٢-١٣)

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟

**ڕەنگدانەوە:**

بۆچـی بـاوەڕداری تـەواو ئـەوەی کـە بـاوەڕی بـە ڕزگاری مەسـح هەیـە هەرگیـز دەسـتبەرداری باوەڕەکـەی نابێـت؟

تۆ باوەڕت بە مەسیح هەیە؟

چۆن کۆڵنەدان و دان بەخۆداگرتن دەبێت لەباوەڕدار و خودا دا هەبێت؟

**تۆبەکردن:**

داوای لێخۆشبوون و بەزەیی لەخودا بکە و داوای هێز و دان بەخۆداگرتنی لێ بکە لەبەرامبەر ئەو جیهانەی کە هەوڵدەدات مەسیحت لێ دووربخاتەوە.

**لەبیرت بێت:**

"ئەی یەزدان، ئەگەر گوناهەکان تۆمار بکەیت،
ئەی پەروەردگار، کێ دەوەستێت؟

بەڵام لێخۆشبوون لەلای تۆیە،
بۆ ئەوەی لێت بترسین." (زەبوورەکان ١٣٠: ٣-٤)

سوپاسی خودا بکە چونکە هەموو گوناهەکانی ئێمەی خستە سەر کوڕەکەی تاکو لە گوناهەکانمان خۆش ببێت، هەرچی بکەین ناتوانین سوپاسی خودا بکەین بۆ ئەو کارانەی بۆیە ستایشی خودا بکە کە مەڕەکانی خۆی لەنێو دەستەکانی هەڵگرتووە.

**ڕاپۆرت:**

ڕۆڵ و کاریگەری کڵێساکان چییە لەسەر باوەڕ؟

کەس هەیە هانت بدات تاکو بەهێز بیت و ورە بەرنەدەیت و بەردەوام بیت لەسەر ڕێگاکەت؟

ئەگەر هیچکەسێکی ئاوا نییە، پێتوایە کێ بتوانێت ئەو کارانەت بۆ بکات؟

# ٦

# تۆ مەسیحی نیت

# ئەگەر خەڵکی دیکەت خۆشنەوێت

لەلای لەسەدا ٩٩ی ئێمە، گەورەبوون واتا فێربوون و قبوڵکردنی ڕاستییەکان، کاتێک گەنج بووم دەمویست ببم بە دکتۆر و ئاگرکوژێنەوە و یاریزانی تۆپی پێ، کاتێک گەورەتر بووم زانیم کە ژیانم کاتێکی دیاری کراوی هەیە بۆیە بڕیارم دا ببم بە یاریزانی تۆپی پێم، وامدەزانی دوای ئەوەی بووم بە یاریزانی تۆپی پێ دەتوانم خەونی بوون بە دکتۆر و پیاوی ئاگرکوژێنەوەش بەدی بێنم.

دوای ماوەیەک، پێموابێت ئەوکات تەمەنم ١١ ساڵ بوو، هەر یەک لەو خەونانەی هەمبوون کاڵبوونەوە و بەرەو لەناوچوون دەچوون، کێشەم هەبوو لە ڕۆیشتن و پێیان دەگوتم هەرگیز ناتوانی یاری بکەیت و ببیت بە یاریزان، دواتر تەواو دڵنیابووم کە نەدەتوانم ببم بە دکتۆر و پیاوی ئاگرکوژێنەوە نە یاریزان.

چەند ساڵێک دواتر بیرم لەخۆم دەکرد ئاخۆ دەبێ چیبکەم؟ ببم بە پرۆفیسۆری زانکۆیەک یان باشترین یاریزانی یانەی (یانکی نیویۆرک)، کامیان باشترە؟ ئەگەر ببم بە پرۆفیسۆرێک لە زانکۆیەکە ئەوا موچەیەکی باش وەردەگرم و کارەکەشم تەنها هەفتەی دوو ڕۆژ لەگەڵ قوتابیەکان دادەنیشین و قسە دەکەین و کتێب دەخوێنینەوە و تەواوی هاوینەکەش لەماڵەوە دەبم، ئیشێکی خۆش دیارە، بڕیارم دابوو ببم بە پرۆفیسۆر بەڵام ئەوکاتەی ڕۆمانەکەی (چاڕلی دیکن)م خوێندەوە شتەکان گۆڕانکاریان بەسەر داهات، کاتێک قوتابی پۆلی ٩بووم مامۆستای زمانی ئینگلیزی باسی رۆمانەکەی (دیکن)ی کرد بەناوی (کاتە سەختەکان)، یەکەمجار زۆر سەرسام بووم، دەمزانی کەسێک هەیە بتوانێت سوود لە رۆمانەکەی ئەو کابرایە وەربگرێت، ئەوکەسەش خۆم بوو، ئەوەش یەکەم هەلم بوو تاکو داهاتوویەکی باشترم هەبێت.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی رۆمانەکە، بەڵام ئەو خەونانەی هەمبوون هەموویان سڕانەوە کاتێک لاپەرەی ٦ی رۆمانەکەم خوێندەوە، لەوانەیە ناخۆشترین و بێزارکەرترین رۆمان بێت یان پەڕەی ٦ی پەرتووکەکە بێماناترین بەشی پەرتووکەکە بووبێت، بەخۆمم دەگوت دەبێ چ گەمژەیەک ئەو رۆمانە بخوێنێتەوە.

ڕقەکانم بەرامبـەر (دیکـن) مـاوەی چەنـد سـاڵانێکیان خایانـد، بریـارم دابـوو هیـچ پەرتووکێکـی نەخوێنمـەوە بەتایبەتـی (ئەزموونـە گـەورەکان)، حـەزم نەدەکـرد تەماشـای مۆسـیقایەکەی (ئۆلیڤـەر تویسـت)بکەم چونکـە لەسـەر ڕۆمانەکـەی (دیکـن) بەرهـەم هاتبـوو و لـە تەلەفزیـۆن پەخشـی دەکـرد ئەوکاتـە کەناڵـی PBSبـوو،

ئەگـەر کەسـێک هەبێـت و پەرتووکێکـی لـەم شـێوەیەی (کاتـە سەختەکان)بنووسـێتەوە دەبێـت مۆسـیقایەکەی چەنـدە ناخـۆش و بێمانـا دارێژرابێـت.

تەنهـا یـەک شـت هەبـوو کـە هەمـوو سەریسـاڵێک حـەزم پـێ دەکـرد و سـەیرم دەکـرد ئەویـش فیلمـی (Christmas Carol) بـوو، کارەکتەرەکان (ئەلەسـتەر سـیم، جۆرج، سـکۆت، پاتریـک سـتیوارت و موپێـت) بـوون و هەموویانـم خـۆش دەویسـت.

چیرۆکـی فیلمەکـە لەسـەر پیـرە پیاوێکـی چاوچنـۆک بـوو، نەمدەتوانـی بەشـێوەی پەرتـووک بیخوێنمـەوە چونکـە کاتەناخۆشـەکانی پۆلـی ٩م هێشـتا لەیـاد بـوو.

دوای ماوەیـەک، هاوسـەرکەم هانـی دام کـە رۆمانەکـە بخوێنمـەوە، منیـش بەقسـەم کـرد

یەکەمجـار زۆر ترسـام و هەسـتێکی زۆر ناخۆشـم هەبـوو، بـەڵام دوای خوێندنـەوەی زۆر سەرسـامبووم و بـاوەڕم نەدەکـرد، ئینجـا زانیـم کـە رۆمانەکـە لـە فیلمەکـە بەچێژتـرە، هەرچەنـدە نووسـەرەکە نەیتوانیـوە کارەکتەرەکانـی نێـو رۆمانـی (کاتـە سـەختەکان) بەشێوەیەکی سـەرنجڕاکێش دەربخـات، بـا بزانیـن چـی لەسـەر پیـاوە چاوچنۆکەکە نوسـیوە:

" بەڵام پیاوێکی بەتەمەنی ڕەزیل و چاوچنۆک و تەماحکاربوو

هەموو هەوڵێکی کۆکردنەوە و هەڵگرتنی پارەکانی بوو

خزم و هاوڕێکانی هەژاربوون بەڵام یارمەتی هیچ کەسێکی نەدەدا.»

کاتێـک دەگەیتـە کۆتایـی چیرۆکـە بـۆت ڕوون دەبێتـەوە: " پیـاوە چاوچنۆکەکـە ئیـتر ڕەزیلەکـەی جـاران نەمـا و کاری زۆر باشـی کـرد، بەتایبەتـی لەگـەڵ (تینـی تیـم) {کوڕێکـی بچـووک بـوو} بـوو بـە هـاوڕێ و مامۆسـتایەکی زۆر بـاش، بەهەرشـوێنێک برۆشـتبا خەڵکـی پێدەکەنیـن و سـەریان سـوڕمابوو لـەوەی کـە چـۆن ئـەو کابرایـە چاوچنۆکـە گـۆڕدراوە و بـوە بـە کەسـێکی بـاش و هیـچ شـتێک لەلایـەوە گرنـگ نییـە جگـە لـە کاری باشـە نەبێـت، بـەڵام پیـاوە چاوچنۆکەکـە بەلایـەوە ئاسـایی بـوو ئەگـەر خەڵکـی پێبکەنـن، لەدڵـی خـۆی

دا پێ دەکەنی و ئەوەی دەیزانی بەس بوو بۆ ئەو.”

هەموو کەسێک حەزی بە کۆتاییەکی خۆشە لە چیرۆکەکاندا، لەبەر ئەوەیە رۆمانی (کریسمسی کارۆل) باشترینە لەلام.

هەموومان دەزانین ئەو شتانە لەژیانی ڕاستەقینە دا ڕوونادەن، خەڵکی نازانن خۆشەویستی بکەن و یەکتریان خۆشبوێت.

یەکێک لە مەبەستەکانی ئەم پەرتووکەی وا لەدەستت گرتووە بریتییە لەو گۆڕانکاریانەی لە ژیانی کەسێکی باوەڕدار دا ڕوودەدات، یەکێک لە گۆڕانکاریە گەورەکان کە ڕوودەدات و کتێبی پیرۆز باسی دەکات بریتییە لە خۆشەویستی خەڵکی، ئەگەر تا ئێستا ئەو گۆڕانکاریە لەتۆ دا ڕووینەداوە، ئێستا کاتێکی باشە تاکو لە باوەڕداربوونی خۆت دڵنیا بیتەوە.

ئەو قسانەی دەیکەم لەخۆمەوە دروستم نەکردوون بەڵکو لە کتێبی پیرۆزەوە هێناومن: ”خۆشەویستان، با یەکتریمان خۆشبوێ، چونکە خۆشەویستی لە خوداوەیە و ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشدەوێت لە خوداوە لەدایک بووە و خودا دەناسێت. ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشنەوێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە.» (یەکەم یۆحەنا ٤: ٧-٨).

ئەگەر خەڵکی دیکەت خۆشناوێت ئەوا خۆت بە باوەڕدار مەزانە.

## خۆشەویستیەکی شێتانە

دان بەوە دا دەنێم کە هەموومان دەمانەوێت بە ڕاستگۆییانە بژین، ئەوەش کارێکی هێندە ئاسان نییە، هەموومان کەسێک یان شتێکمان هەیە کە زۆرمان خۆشدەوێت، تەنانەت کەسە خراپەکانیش دایک و هاوڕێ و منداڵەکانی خۆیان خۆشدەوێت، ئەگەر دەتەوێت ببیت بە باوەڕدار ئەوا دەبێت چۆن خۆشەویستی بکەیت؟

مەسیحی، موسوڵمان، جولەکە، بودی و هیندۆسی دەڵێن ”خودا خۆشەویستییە“.

هەروەها خەڵکێکی زۆریش هاوڕان و جاڕیش دەدەن بۆ کەسانی دیکە کە خودا خۆشەویستییە، ئەمریکا (holiday) پشووی مانگانەی هەیە تاکو خەڵکی خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دەرببڕن و سەیران و گەڕان بکەن و ئاهەنگ بگێڕن وکاتێکی خۆش بەسەر ببەن لەگەڵ یەکتری، بەڵام واتای خۆشەویستی لەلای باوەڕدارێک چییە؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، دەبێت بچینە قوڵایی کتێبی پیرۆزەوە.

لە کتێبی پیرۆز دا هاتووە کە باوەڕدار سێ شێوازی خۆشەویستی هەیە.

بۆیە ئەگەر دەتەوێت تێبگەی ئەوا تکایە کتێبی پیرۆز بەجوانی بخوێنەوە، زیاتر پێویستیت بە کتێبی پیرۆزە تاکو بیروباوەڕەکەتی لەسەر بچەسپێنیت نەوەک قسە و نوسراوەکانی من.

ئەوەی لێرە فێری دەبی بریتییە لە بنچینەی باوەڕداران، بۆیە هەر بەشێکت خوێندەوە ئەوا کەمێک بوەستە و بەجوانی لێی ورد ببەوە.

## خۆشەویستی بۆ باوەڕدارانی دیکە

شەوێک بەر لە خاچدانی، عیسا هەندێک فەرمایشتەی نوێی بە قوتابیەکانی دا و گوتی: "من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ. بەمە هەموو خەڵک دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت.» (یۆحەنا ١٣: ٣٤-٣٥)

ڕاسپاردەکانی عیسا تەنها خۆشەویستی بوو، خۆشەویستیەک هەروەک خۆشەویستی خۆی بۆ جیهان، ئەوەش ئەو نیشانەیە کە شوێنکەوتوانی مەسیحی پێ جیا دەکرێتەوە.

دەتوانین ئەو خۆشەویستیە لە کڵێساکان بەدی بکەین، ئەوانەی سەردانی کڵێسا دەکەن دەبێت یەکتریان خۆشبوێت و گرنگی بە یەکتری بدەن.

لە عیبرانییەکان بەشی ١٣ ئایەتی ١ دا هاتووە: " با خۆشەویستی برایانە بچەسپێت.» هەروەها خوشک و براکانتان لەبیربێت و ئەوەی هەتانە بەشی بکەن.

> "یادی بەندکراوان بکەنەوە هەروەک ئەوەی لەگەڵیان بەند کرابن، زۆرلێکراوانیش وەک خۆتان لەگەڵ ئەودا زۆرلێکراوبن.»(عیبرانییەکان ٣:١٣)

> "گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە شەوارەتان بۆ دەگرن، وەک بڵێی حیسابیان پێشکهشی خودا دەکەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە بکەن نەک بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان دەبێت.» (عیبرانییەکان ١٧:١٣)

پەترۆس دەیزانی شتێکی ئاسان نییە کەسانی ترت خۆشبوێت، بۆیە دەڵێت: "لە

سەرووی هەموو شتێکەوە خۆشەویستیتان بۆ یەکتری بەهێز بێت، چونکە خۆشەویستی گوناهی زۆر دادەپۆشێت.» (یەکەم پەترۆس ٤:٨).

ئەگەر گوناە و تاوانیشیان بەرامبەر کردیت ئەوا هەر ئەوانت خۆش بوێت و گرنگیان پێ بدە، دەزانی ئەو کەسە دەبێتە ڕابەر کە گرنگی بەوانی دیکە بدات و خۆشی بوێن: "ئەو مێگەلەی خودا بلەوەڕێنن کە لە نێوانتاندایە، وەک چاودێر خزمەت بکەن، نەک بە ناچاری، بەڵکو بەویستەوە بەگوێرەی خودا، نەک بۆ دەستکەوتی شەرمەزاری، بەڵکو بە چالاکییەوە، خۆتان بەسەر ئەوانەدا مەسەپێنن کە دراونەتە دەستتان، بەڵکو ببنە نموونە بۆ مێگەل» (یەکەم پەترۆس ٥: ٢-٣).

یۆحەنا پێمان دەڵێ خۆشویستنی کەسانی دیکە خاڵی جیاکەرەوەمانە و ڕاسپاردەی مەسیحە:

« ئەوەی گوتی: «من لە ڕووناکیدام» و ڕقی لە خوشکی یان لە براکەی ببێتەوە، ئەوە هەتا ئێستا لە تاریکیدایە.

هەرکەسێک خوشکی یان براکەی خۆشبوێ لە ڕووناکیدا دەژییێت و هیچ شتێک تێدا نییە کە بۆی ببێتە کۆسپ.

بەڵام ئەوەی ڕقی لە برای خۆی ببێتەوە، لە تاریکیدایە و بە تاریکیدا دەڕوات، نازانێت بۆ کوێ مل دەنێت، چونکە تاریکی چاوی کوێر کردووە.» (یەکەم یۆحەنا ٢: ٩-١١)

## خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان پێیە

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی باوەڕدار بریتییە لە یارمەتی و خۆشەویستی ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێتە: "ئەوەی ماڵی دنیای هەبێت و خوشکی یان براکەی خۆی بە نەداری بینی و دڵی لێی ڕەقکرد، چۆن خۆشەویستی خودای تێدا دەمێنێتەوە؟» (یەکەم یۆحەنا ٣:١٧).

وامەزانە تەنها باوەڕهێنان بە خودا بەسە بۆ ئەوەی ببیت بە باوەڕدار، بەڵکو دەبێت خەڵکی تریشت خۆشبوێت و لەو کاتەی پێویستیان پێتە یارمەتیان بدەیت، «ئەگەر خوشک یان برایەک پێویستی بە جلوبەرگ و خواردنی ڕۆژانە هەبوو، یەکێکتان

پێتـان گوتـن: «بەخێـر بچـن، جلـی گـەرم لەبـەر بکـەن، تێـر بخـۆن،» و پێداویسـتییەکانی ژیانیـان نەدەنـێ، چ سـوودێکی هەیـە؟ بـەم شـێوەیەش، بـاوەڕ ئەگـەر کـرداری نەبێـت، لەخۆیـدا مـردووە» (یاقـوب ٢: ١٥-١٧).

کاتێـک لـە ئورشـەلیم قـات و قـوڕی و گرانییەکـی زۆر هـات و خەڵکـی هیچـی نەبـوو بیخـۆن، کڵێسـای مەقەدۆنیـا هەڵسا بـە پێدانـی یارمەتـی بـە خەڵکـی لەکاتێکـدا خۆشـی زۆر هـەژار بـوو: «ڕێـز لـەو بێوەژنانە بگـرە کـە بەڕاسـتی بێوەژنـن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣:٥).

«قوتابییـەک لـە یافـا هەبـوو نـاوی تابیسـا بـوو، واتـە ئاسـک ، پڕبـوو لـە چاکـەکاری و خێرکـردن.

ئەوەبـوو لـەو ڕۆژانـەدا نەخـۆش کـەوت و مـرد، جـا شوشـتیان و لـە ژوورێکـی سـەرەوەدایاننا.

لـودەش لـە یافـا نزیـک بـوو، قوتابییـەکان بیسـتیان پەتـرۆس لەوێیـە، دوو پیاویـان بـۆ نـارد و تکایـان لێکـرد: «لـە هاتـن بـۆ لامـان دوامەکـەوە»

پەتـرۆس هەسـتا و لەگەڵیـان ڕۆیشـت، کاتێـک گەیشـت، بردیانـە ژووری سـەرەوە، هەمـوو بێوەژنـەکان لـەلای وەسـتان، دەگریـان و ئـەو کـراس و جلانەیـان پیشـانی دەدا کـە ئاسـکە کاتێـک لەگەڵیـان بـوو کردبـووی.

پەتـرۆس هەموویانـی نـاردە دەرەوە، کەوتـە سـەر چـۆک و نوێـژی کـرد، ئینجـا ڕووی کـردە تەرمەکـە و گوتـی: «تابیسـا، هەسـتە!» ئەویـش چـاوی کـردەوە کاتێـک پەترۆسـی بینـی دانیشـت.

ئیـتر دەسـتی بۆ ڕاکێشـا و هەڵیسـتاندەوە، ئینجـا بـاوەڕداران و بێوەژنانی بانگکـرد و بـە زیندوویـی ڕادەسـتی کردنەوە.

ئەمـە لـە هەمـوو یافـا زانـرا و زۆریـش باوەڕیـان بـە مەسـیح هێنـا.» (کـرداری نێـردراوان ٩: ٣٦-٤٢)

«بە ترسەوەسەیری کرد و گوتی: «بەڵێ گەورەم؟»
پێی گوت: «نوێژەکانت و چاکەکانت وەک یادەوەری بەرزبوونەتەوە بەردەم خودا.» (کرداری نێردراوان ٤:١٠)

ئەو ڕووداوە هەمووانی توشی شۆک کرد، تەنانەت دوژمنەکانیش.

تێرتولیـان کـە پێشـتر سـەرۆکی کڵێسـایەک بـوو، هەسـتا و نامەیەکـی نووسـی بـۆ دەسـەڵاتی ڕۆمـا تاکـو پارێـزگاری لـە بـاوەڕداران بـکات،

لـە نامەکەیـدا خۆشەویسـتی باوەڕدارانـی بـۆ خوشـک و براکانیـان دا باسـکردبوو کـە چەنـدە یەکتریـان خۆشـدەوێت و یارمەتـی یەکـتری دەدەن: «ئێمـە سـندوقێکمان هەیـە و لە خزمەتـی هەفتانـە دا هـەر کەسـەو بـە پێـی گیرفانـی خـۆی پـارە دەخاتـە نێـو سـندوقەکەوە جـا ئەگـەر یـەک دراویـش بێـت، ئەگـەر لـە تواناشـی دانەبـوو دەتوانێـت نەیـدات.

ئـەو پارانـەی کۆیدەکەینـەوە لـە خزمەتەکانمـان لـە جـەژن و خۆشـیەکان سـەرفی ناکەیـن و لـە شـەراب و کاتەخۆشـەکان بەکاریناهێنیـن بەڵکـو هەرکەسێک هـەژار بێـت و پێویسـتی بـە پـارە بێـت ئێمـە پێـی دەدەیـن و پێداویسـتیەکانی بـۆ دەکڕیـن جلـو بـەرگ بـۆ کـوڕ و کچـەکان دەکڕیـن و یارمەتـی دایـک و بـاوک و کەسـە پیـرەکان دەدەیـن، بـۆ ئەوانـەی ئازاریـان چەشـتووە و لـە زیندانـەکان بەندکـراون یـان لـە دورگەیـەک فرێـدراون و ئێسـتا هیچیـان نەمـاوە، ئەوانـەش هەمـوو ڕاسـپاردەن پێمان دراوە و ئێمـەش جێبەجێیـان دەکەیـن،

ئێسـتا زانیـت کـە بـاوەڕداران چەنـدە یەکتریـان خـۆش دەوێـت و یارمەتـی یەکـتری دەدەن.

ئەگەر لەبیرتان بێت لە بەشی یەکەم باسی فێرکردنی (مەسیح)مان کرد لە مەتا ٢٥.

عیسـا دەڵێتـە خەڵکەکـە کـە ڕۆژێـک دێـت و دەگەڕێتـەوە و مـەڕ و بـزن لەیـەک جیانەکاتـەوە: «ئینجـا پاشـا بەوانـەی لای ڕاسـتیەوەن دەفەرمـوێ: “وەرن ئـەی ئەوانـەی باوکـم بەرەکەتـی پێـدان، ببنـە میراتگـری ئـەو شانشـینە کـە لەدامەزراندنـی جیهانـەوە بۆتـان ئامـادە کـراوە، چونکـە برسـی بـووم و نانتـان دام، تینـوو بـووم ئاوتـان دامـێ، نامـۆ بـووم شـوێنتان کردمـەوە. ڕووت بـووم جلتـان لەبەرکـردم، نەخـۆش بـووم سـەرتان لێـدام، زیندانـی بـووم هاتنـە لام.» ئەوسا ڕاستودروسـتان وەڵام دەدەنـەوە: “گـەورەم، کـەی تۆمـان بـە برسـێتی بینیـوە و نانمـان داویتـێ، یـان تینـوو و ئاومـان داویتـێ؟ کـەی تۆمـان بـە نامۆیـی بینیـوە و شـوێنمان کردوویتـەوە، یـان بـە ڕووتـی و جلمان لەبەرکردوویـت؟ کـەی تۆمـان بـە نەخۆشـی یـان زیندانـی بینیـوە و هاتوویـن بـۆ لات؟

«ئینجـا پاشـا وەڵامیـان دەداتـەوە: “ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، هەرچییەکتـان بـۆ یەکێـک

لـەم بـرا بچووکانـەم کـردووە، بـۆ منتـان کـردووە» (مەتـا ٢٥: ٣٤-٤٠).

ئینجا بەوانـەی دەسـتە چەپـی دەڵێـت: «دواتـر بەوانـەی لـەلای چەپیـەوەن دەفەرمـوێ: “لێـم دوور بکەونـەوە! ئـەی ئەوانـەی کـە نەفرەتتـان لێکـراوە بـەرەو ئاگـری هەتاهەتایـی، ئـەوەی بـۆ ئیبلیـس و فریشـتەکانی ئامادەکـراوە،

چونکە برسی بووم نانتان نەدامێ، تینوو بووم ئاوتان نەدامێ،

نامـۆ بـووم شـوێنتان نەکردمـەوە، ڕووت بـووم جلتـان لەبـەر نەکـردم، نەخـۆش و زیندانـی بـووم سـەرتان لـێ نـەدام.”

«ئەوانیـش وەڵام دەدەنـەوە: “گـەورەم، کـەی تۆمـان بـە برسـییێتی یـان تینـوو یـان نامـۆ یـان ڕووت یـان نەخـۆش یـان زیندانـی بینیـوە و خزمەتمـان نەکردوویـت؟”

«ئەویـش وەڵامیـان دەداتـەوە: “ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: هەرچییەکتـان بـۆ یەکێـک لـەم بچووکانـە نەکـردووە، بـۆ منتـان نەکـردووە.”

«ئەوانـە بـۆ سـزای هەتاهەتایـی دەچـن، بـەڵام ڕاستودروسـتان بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی.» (مەتـا ٢٥: ٤١-٤٦).

نازانـم چـۆن خەڵکـی خۆیـان ئامـادە دەکـەن بـۆ ئـەو کاتـەی مەسـیح دێتـەوە و خەڵکەکـە و ئەوانـەی یارمەتـی خوشـک و براکانیـان داوە جیایـان دەکاتـەوە.

## دوژمنەکانت خۆش بوێت

یەکێکـی دیکـە لـە تایبەتمەندیـەکان کـە دەبێـت لـە بـاوەڕدار دا هەبێـت ئەوەیـە کـە دوژمنەکـەی خـۆی خۆشـبوێت، لەوانەیـە کارێکـی زۆر زەحمـەت و قـورس بێـت بـەڵام ئـەوە هەمـان شـت بـوو کـە عیسـا دەیکـرد، چونکـە خراپتریـن کەسـێک ئەوانـەی خۆشـدەوێت کـە لەگەڵـی باشـن و خۆشـیان دەوێـت.

> «بـەڵام ئـەی گوێگـران پێتـان دەڵێـم: دوژمنەکانتـان خۆشـبوێ، چاکـە بکـەن لەگـەڵ ئەوانـەی ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە،
>
> ئەوانـەی نەفرەتتـان لێدەکـەن داوای بەرەکەتیـان بـۆ بکـەن، نوێـژ بکـەن بـۆ ئەوانـەی خراپەتـان لەگـەڵ دەکـەن.

ئەگەر یەکێک لە ڕوومەتت بدات، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە. ئەگەر یەکێک چاکەتەکەت ببات، لاریت نەبێت بۆ کراسەکەشت.

هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەش کە شتێکت لێ دەبات لێی داوا مەکەوە.

چۆن دەتانەوێ خەڵکی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ بکەن، ئێوەش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن.

«ئەگەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆشدەوێت کە خۆشیان دەوێن.

ئەگەر باش بن لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵتان باشن، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش هەمان شت دەکەن.

ئەگەر قەرز بدەنە ئەوانەی کە بەو هیوایەن لێیان وەربگرنەوە، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش قەرز دەدەنە گوناهباران تاکو ئەوەندە وەربگرنەوە.

بەڵام ئێوە دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن و قەرز بدەن، چاوەڕێی وەرگرتنەوەش مەکەن، بەمە پاداشتتان گەورەدەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز، چونکە ئەو لەگەڵ بەدنمەک و بەدکاران نەرم و نیانە.

بە بەزەیی بن، وەک باوکتان بە بەزەییە.» (لۆقا ٦: ٢٧-٣٦)

کەواتە ئەو کەسەی لەدایک بووە تاکو شوێن عیسا بکەوێت ئەوا دەبێ هەموو ئەو کەسانەی خۆشبوێت تەنانەت ئەگەر لە دژیشی بوەستنەوە.

## چی لە خۆشەویستی خودا بکەین؟

باوەڕدای تەواو خۆشەویستی دەکات و خوشک و برا و دوژمنەکانیشی خۆشدەوێت، ئەی باشە لەبەر چی دەبێت بەمجۆرە خۆشەویستی بکەین؟

وەڵامەکە لێرەیە: " خۆشەویستان، با یەکتریمان خۆشبوێ، چونکە خۆشەویستی لە خوداوەیە و ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشدەوێت لە خوداوە لەدایک بووە و خودا دەناسێت.» (یەکەم یۆحەنا ٤:٧)

"ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشنەوێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە.» (یەکەم یۆحەنا ٤:٨)

«من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ.»(یۆحەنا١٣:٣٤)

"بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت.» (مەتا ٥: ٤٤-٤٥)

لە هەر یەک لەم نوسراوانە، فەرمان بە باوەڕداران کراوە کە یەکتریان خۆشبوێت چونکە خودا خۆشەویستییە،

خۆشەویستی ئێمە بۆ یەکتری نیشانمان دەدات کە خۆشەویستی خودا لە ناخمان دایە، ئێمە باوەڕدارەکانمان و دوژمنەکانیشمان خۆش دەوێت و ئەوانەی پێویستیان پێمانە یارمەتیان دەدەین چونکە ئەوانەن خەڵکی خودان.

## خودا خەڵکی خۆی خۆشدەوێت

خۆمان زیاتر ئەو کەسانەمان خۆشدەوێت کە سەرکەوتوون، با بڵێین لە ئاهەنگێکین و شوێنەکە پڕە لە ئەستێرە و کەسە بەناوبانگەکانی هۆلیود و تەواوی شەوەکە مێشکت بەلای ئاهەنگەکەوە دەبێت، بەڵام خودا دەرگا بەسەر ئەو کەسانە دا دەکاتەوە کە داوای یارمەتی لێ دەکەن و هەژار و هەتیون "چونکە یەزدانی پەروەردگارتان خۆی خودای خودایانە و گەورەی گەورەیانە، ئەو خودا مەزنە بە توانا بەسامەی لایەنگری ناکات و بەرتیل وەرناگرێت، دادپەروەری هەتیو و بێوەژن دەکات و دۆستی نامۆیە هەتا خۆراک و بەرگی بداتێ. جا نامۆتان خۆشبوێت، چونکە لە خاکی میسردا نامۆ بوون» (دواوتار ١٠: ١٧-١٩).

”خوشک و برا خۆشەویستەکانم، گوێ بگرن: ئایا خودا هەژارانی ئەم جیهانەی هەڵنەبژاردووە لە باوەڕ دەوڵەمەند بن و میراتگری شانشین بن کەبەڵێنی داوە بیدات بەوانەی خۆشیان دەوێت؟» (یاقوب ٥:٢)

«ئینجا چاوی بۆ قوتابییەکانی هەڵبڕی و فەرمووی:
«خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە، ئەی هەژاران،
چونکە شانشینی خودا بۆ ئێوەیە.

خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کە ئێستا برسین،
چونکە تێر دەبن.
خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کە ئێستا دەگریێن،
چونکە پێدەکەنن.» (لۆقا ٥:٢)

کەسانێکی زۆر هەن کە هەژارن و پێویستیان بەیارمەتییە بەڵام خودا تەنها یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە داوای لێ دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە و داوای یارمەتی لێ دەکەن.

## خودا دوژمنەکانی خۆشدەوێت

خودا هەموو بەندەکانی خۆشدەوێت بەبێ هیچ بەرامبەرێک، ئەوەش نیعمەتێکە بۆ ئەوانەی هیچیان نییە و هەژارن، بەڵام هەر ئەوەندەش نییە بەڵکو خودا لەجیاتی ئەوەی دوژمنەکانی خۆی لەناو ببات بەڵکو دوژمنەکانی خۆش دەوێت، بەڵێ، خۆشەویستی خودا بەم شێوەیەیە.

«تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت. ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی ئاسمانیتان تەواوە.» (مەتا ٥: ٤٥-٤٨)

”کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی بە کاسەسەر ناودەبردرا، لەوێ لەگەڵ

تاوانبـارەکان لەخاچیـان دا، یەکێـک لـەلای ڕاسـتی و ئـەوەی دیکـەش لـەلای چەپـی. عیسـاش فەرمـووی: «باوکـە، لێیـان خۆشـبە، چونکـە نازانـن چـی دەکـەن.» (لۆقا ٢٣: ٣٣-٣٤)

”بـەڵام خـودا خۆشەویسـتی خـۆی بـۆ دەرخسـتین، بـەوەی مەسـیح لەپێنـاوی ئێمـەدا مـرد، کاتێـک هێشـتا گوناهبـار بوویـن. ئێسـتاش کـە بـە خوێنـی ئـەو بێتـاوان کراویـن، لـە ڕێگـەی ئـەوەوە چەنـدە زیاتـر لـە تووڕەیی خـودا ڕزگار دەبیـن! چونکـە ئەگـەر کاتێـک دوژمـن بوویـن لەگـەڵ خـودا، بە مردنـی کوڕەکـەی ئاشـت بووینـەوە، ئـەی دوای ئـەوەی کـە ئاشـت بووینـەوە چەنـد زیاتـر بـە ژیانـی ئـەو ڕزگار دەبیـن!» (ڕۆمـا ٥: ٨-١٠).

## خۆشەویستی لە کوێیە؟

لـە بەشـی چـوار، باسـی تاوانەکانمـان کـرد کـە چـۆن کاریگـەری بەسـەرمانەوە دەبێـت و لـەلای خـودا چـۆن دەردەکەویـن، ئەگـەر حەزمـان بـە تـاوان کـردن هەبێـت ئـەوا واتـای ئەوەیـە شـەیتان باوکامنـە، ئەگـەر حەزیشـمان بـە ڕاسـتی بێـت ئـەوا خـودا باوکمانـە.

هەمـان شـتیش بـۆ خۆشەویسـتیە، ئەگـەر ئەوکەسـانەت خۆشـبوێت کـە تۆیـان خۆشـدەوێت ئـەوا تـۆ بـاوەڕدار و شـوێنکەوتەی عیسـا نیـت، لەبیـرت نەچێـت عیسـا لـە دوژمنەکانـی خۆشـبوو، ئەگـەر خـودا خۆشەویسـتیەکەی خـۆی بـۆ هەمـوان بڕێژێـت بەبـێ جیـاوازی و یارمەتـی هەمـوان بـدات کەواتـە خـودا خۆشەویسـتیە.

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟
## ڕەنگدانەوە:

خۆشەویسـتی بـاوەڕدار دەبێـت چـۆن بێـت؟ چـۆن خۆشەویسـتی خـودا لـە باوەڕدارەکانـی ڕەنـگ دەداتـەوە؟

بەڵگەت هەیە کە خۆشەویستیەکی لەم شێوەیە لە ژیانت دا بوونی هەبێت؟

ئەوانـەی کـە بـاوەڕدار نیـن وەکـو ئێمـە کەسـانی تریـان خۆشـدەوێتم کەواتـە چـۆن لێکیـان جیابکەینـەوە؟

**تۆبەکردن:**

دان بـە لوتبـەرزی و حەسـوودی خـۆت بنـێ و داوای لێخۆشـبوون لـە خـودا بکـە لەسـەر هەلانـەی هاتونەتـە بەردەمـت تاکـو خۆشەویسـتی خـۆت نیشـان بدەیـت بـەڵام نـەت کـردووە.

بیـر لـە کەسـێک بکـەوە کـە دەتوانیـت لـە هەفتـەی داهاتـوو خۆشەویسـتی خۆتـی بـۆ نیشـان بدەیـت.

**لەبیرتبێت:**

”بـەڵام خـودا خۆشەویسـتی خـۆی بـۆ دەرخسـتین، بـەوەی مەسـیح لەپێنـاوی ئێمـەدا مـرد، کاتێـک هێشـتا گوناهبـار بوویـن.» (ڕۆمـا ٨:٥)

بیـر لـەو خۆشەویسـتیە بکـەوە کـە خـودا هەیەتـی بـۆ بەندەکانـی کـە تاکـە کوڕەکـەی خـۆی کـردە قوربانـی، ئیمـەش هەرچییـەک بکەیـن ناتوانیـن پاداشـتی ئـەو خۆشەویسـتیە بدەینـەوە، بۆیـە بـا یەکتریـمان خۆشـبوێت.

**ڕاپۆرت:**

داوا لـە هاوڕێیەکـی کڵێسـات بکـە تاکـو یارمەتیـت بـدات لـە خۆشویسـتنی کەسـانی دیکـە.

بەشـداریکردنت لـە خزمـەت و خوێندنـەوەی ئـەو بەشـەی پەرتووکەکـە هەتـا چەنـد یارمەتیـدەرت بـوون؟

# ٧

## تۆ مەسیحی نیت

## ئەگەر بەدوای ژیانی خۆت کەوتووی

کاتێـک دەبینیـت دوو دەسـتی سـاغت هەیـە سـوپاس گوزاربـە، لەوانەیـە بەلاتـەوە زۆر گرنـگ نەبێـت بـەڵام بیـر لـەو کارانـە بکـەوە کـە بـە دەسـتەکانت ئەنجامـی دەدەی:

- بەیانیان جلوبەرگی پێ دەپۆشیت
- ددانەکانتی پێ دەشۆیت
- کەسە خۆشەویستەکانتی پێ لە ئامێز دەگریت
- کارتی پارەدانی پێ بەکاردێنیت
- خواردنی پێ دەخۆیت
- لاپەڕی پەرتووکی پێ هەڵدەدەیتەوە و چاوکراوە دیکە دەبیت.

هەمووڕۆژێـک قـۆڵ و دەسـتەکانت بەکاردێنیـت لـە کاروبارەکانـی ڕۆژانـە، بیربکـەوە ژیانـت چـۆن دەبـوو ئەگـەر یـەک دەسـتت هەبوایـە، دەتوانیـت ژیانێکـی ئاسایی بژیـت بـەڵام کەسـمان نامانەوێـت ئـەوە ڕووبـدات.

هەروەهـا (ئـارۆن رالسـتۆن) هەمـان قسـەی ئێمـە دەکاتـەوە، ئـەو پیـاوە کاری ئەوەیـە بەسـەر چیـا و شـوێنە سـەختەکان دەکەوێـت، بـەڵام (رالسـتۆن) دەڵـێ هەندێـک شـت هـەن زۆر لـە دەسـتەکان گرنگـترن، لەڕۆژێکـی سـاردی مانگـی نیسـانی ۲۰۰۳، لـە بیابانـی (یوسـا) لەنێـو بەردەڵانێـک دا بـە بـەرزی ١٤،٠٠٠ پـێ دا هەڵدەگـەڕا، (رالسـتۆن) دەیزانـی کارەکـەی زۆر مەترسـیدارە و پێشـتر ڕووبـەڕووی چەنـد مەترسـییەک ببویـەوە، مانگێـک پێـش ئەوکاتـە لـە ناوچـە بەفراویەکانـی ئەڤەلانچـی کۆلـۆرادۆ، توشـی ڕووداوێـک هاتـوو هەمـوو جەسـتەی لـە قاچـی تـا ملـی کەوتـە ژێـر بەفـرەوە، بـەڵام لەکۆتایـی دا توانـی خـۆی ڕزگاتبـکات.

بـەڵام لـە ڕۆژی شـەمەی مانگـی نیسـان، (رالسـتۆن) کاتێـک بەنێـو کەلێنـی بەردەڵانەکاندا سـەردەکەوت لەنـاکاو قۆڵێکـی لـە بەردێـک گیـر بـوو، زۆر هەوڵـی دا کـە خـۆی ڕزگاربـکات

بـەڵام سوودی نەبـوو، شـەوێکی درێـژ و سـەختی بەسـەر داهـات، دوای ئـەو ڕۆژە زانـی کـە هیچکەسـیک نایـەت تاکـو یارمەتـی بـدات، لـە ڕۆژی سێشـەممە دا هیـچ ئـاوی نەمـا تاکـو بیخواتـەوە، لـە ڕۆژی پێنجشـەممە زانـی ئەگـەر هیـچ نـەکات ئـەوا دەمرێـت.

ئـەوکات دەسـتیکرد بـە بەکارهێنانـی قایشـێک و بـە تونـدی لـە قۆڵەکـەی بەسـتا تاکـو خوێنـی بـۆ نەچێـت، دواتـر بـە موسـێک دەسـتیکرد بـە بڕینـی قۆڵەکـەی و دواتریـش لێکردنـەوەی، هەمـوو کارەکـە نزیکـەی کاتژێرێکـی خایانـد.

(رالسـتۆن) قۆڵـە گیربووەکـەی بەجێهێشـت و هاتـە دەرەوە لەنێـو بەردەڵانەکـە و بـەدوای جۆرجـی تیمـی ڕزگارکـەر دا دەگـەڕا، ئێستاشـی لەگـەڵ دابێـت (رالسـتۆن) بەردەوامـە لـە سـەرکەوتن بەسـەر چیـا و شـوێنە بـەرزەکان و ماڵەکەشـی لـە کۆلۆرادۆیـە.

زۆرشـت هەیـە لـەو چیرۆکـەوە فێـری ببیـن، بەلایەنـی کـەم ئەگـەر چـوی بـۆ شـوێنێک بەتایبەتـی بیابانەکانـی (کانیـەن) بەتەنیـا مـەڕۆ بـا ڕێنیشـاندەرێکت لەگـەڵ بێـت.

با لەسەر چیرۆکی (رالستۆن) هەندێک قسە بکەم،

هەندێکجـار دانایـی داوامـان لـێ دەکات کـە شـتێکی بەنرخـی خۆمـان بکەینـە قوربانـی، تەنانـەت ئەگـەر زۆر سودیشـی لـێ ببینیـن، گومانـی تێدانییـە کـە (رالسـتۆن) بڕیارێکـی تـەواو ڕاسـتی دا، قـۆڵ و دەسـتەکانمان گرنگـن بـەڵام هێنـدەی ژیانـی خۆمـان گرنـگ نیـن، هەندێکجـار هەیـە دەبێـت شـتانێک بکەینـە قوربانـی وە ئەوکاتـە دەمانەوێـت شـتێک بێـت کـە پێویسـتمان نییـە.

بۆنمونـە دەسـتەکانمان، پـارە و کەلوپەلـەکان، ئەوانـە دیـاری خـودا و بـە ئێمـە دراوە تاکـو خۆشـی لـێ وەربگریـن، هەروەهـا پێویسـتن بـۆ ژیانمـان. خەڵکێکـی زۆر خۆیـان پـێ بـاوەڕدارە بـەڵام زۆر شـت هەیـە کـە نایزانـن، هەرچۆنێـک بێـت هەمووومـان ئامانجـو شـتانێکی بەنرخـمان هەیـە کـە دەمانەوێـت بیهێنینـە دی و خۆشـمان دەوێـت.

لەبـەر ئەوەیـە ئـەم بەشـەم ناونـاوە : خـۆت بـە بـاوەڕدار مەزانـە ئەگـەر گەنجینـە لەسـەر زەوی کـۆ دەکەیتـەوە.

## بڕیارێکی پڕ لە ئازار

لـە پەیمانی نوێـدا باسـی پیاوێکی گەنجێکـی دەسـەڵات دار و دەوڵەمەنـد دەکات کـە دەیەوێـت ژیانـی هەتاهەتایی بەدەسـتبێنێت بـەڵام نازانێـت چـۆن بـگات بـە ویسـتەکەی.

چیرۆکەکە لەوە دەستپێدەکات کە پیاوە گەنجەکە خۆی دێت و پرسیار لە عیسا دەکات:

”کابرایەکی دەسەڵاتدار پرسیاری لێکرد: «مامۆستای باش، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بەمیرات وەربگرم؟»

عیسا پێی فەرموو: «بۆچی بە باش ناوم دەبەیت؟ بێجگە لە خودا کەس باش نییە. ڕاسپاردەکان دەزانیت: {داوێنپیسی مەکە، مەکوژە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، ڕێزی دایک و باوکت بگرە.}

ئەویش گوتی: «هەموو ئەمانەم لە منداڵییەوە پاراستووە.» (لۆقا ١٨: ١٨-٢١)

پیاوە گەنجەکە دەیویست بزانێت ڕێگای ژیانی هەتاهەتایی چییە، نازانم بە چ مەبەستێک ئەو پرسیارەی کرد بەڵام کەسێکبوو زۆر بەدوای ئاینەکەیەوە بوو، کەسێکی بکوژ و داوێن پیس و ڕێگر نەبوو، ئەوەی دەیویست کەسێک بێت و وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە.

ئەو پیاوە وەک هەر یەک لە ئێمە کەسێکی باش بوو لەوانەیە باشتریش بووبێت، کەسێکی لەخواترس بوو، فەرمانەکانی خودای بە جێ دەگەیاند.

با بزانین عیسا چۆن وەڵامی دەداتەوە:

”عیساش گوێی لەمە بوو، پێی فەرموو: «هێشتا شتێکت کەمە. چیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بەسەر هەژاران دابەشی بکە، لە ئاسماندا گەنجینەیەکت دەبێت. ئینجا وەرە دوام بکەوە. کاتێک ئەمەی بیست، زۆر خەمناک بوو، چونکە زۆر دەوڵەمەند بوو. کاتێک عیسا ئەوی بە خەمناکی بینی، فەرمووی: «چەند گرانە بۆ دەوڵەمەندان بچنە ناو شانشینی خوداوە! ئاسانترە وشترێک بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە.» (لۆقا ١٨: ٢٢-٢٥)

کەسمان چاوەڕێمان نەدەکرد عیسا بەم شێوەیە وەڵامی بداتەوە بەڵکو وا بیرمان دەکردەوە عیسا دێت و دەڵێ: (”واو، دەستەکانت خۆشبێت بەڕاستی کاری باشت ئەنجام داوە“) یان پێی بڵێت (”ڕاوەستە، ئەی ئەو درۆیەی تشرینی دووەم چی بوو

کـردت؟”). بـەڵام عیسا هەمـوو شـتێکی پشـت گـوێ خسـت و وەڵامـی دڵـی گەنجەکـەی دایـەوە.

بۆمـان دەرکـەوت ئـەو کابرایـە شـتێکی کەمـە، پـارە و سـەروەت و سـامانێکی زۆری هەیـە، کەسـێکی مـام ناوەنـد نییـە بەڵکـو زۆر دەوڵەمەنـدە و پارەکانـی زۆر خۆشـدەوێت، بـەڵام عیسـا گوتـی ئەگـەر دەتەوێـت ژیانـی هەتاهەتایـی بەدەسـتبێنیت ئـەوا دەبێـت لـە ئاسـمان گەنجینـە و سـامان کۆبکەیتـەوە و ئـەوەی لەسـەر زەوی هەتـە بیبەخشـە بـە هـەژاران، بـەڵام نەیدەتوانـی گەنجینەکانـی ببەخشـێت و ژیانـی شانشـینی خـوداش بەدەسـت بێنێـت.

بۆچی؟

## پارە بەرەکەتە

پێـش ئـەوەی پێتـان بڵێـم بۆچـی، بـا بزانیـن عیسـا مەبەسـتی چـی بـوو، عیسـا بـە دەوڵەمەندەکـەی نەگـوت کـە پـارە شـتێکی خراپـە و لـە شـەیتانەوەیە، بەڵکـو پـارە بەرەکەتێکـی خودایـە و بەپێـی کتێبـی پیـرۆز کـە پێمان دەڵێـت:

## ١- خودا جیهانی دروستکرد تاکو سەرکەوتووبێت

”خـودا بەرەکەتـداری کـردن و پێـی فەرمـوون: «بـەردار بـن و زۆر بـن و زەوی پـڕ بکـەن و بیخەنـە ژێـر ڕکێفتانـەوە. دەسـەڵاتدار بـن بەسـەر ماسـی دەریـا و باڵنـدەی ئاسـمان و بەسـەر هەمـوو بوونەوەرێکـی زینـدوودا کـە لەسـەر زەوی دەجوڵێتـەوە.»

ئینجـا خـودا فەرمـووی: «هەمـوو ڕووەکـی تـۆودار کـە لـە سەرتاسـەری ڕووی زەوییـە داومـە بـە ئێـوە، لەگـەڵ هەمـوو دارێکیـش کـە بـەری هەیـە و تـۆوی خـۆی تێدایـە. بـۆ ئێـوە دەبنـە خـۆراک. بـۆ هەمـوو گیانلەبەرانـی زەوی و هەمـوو باڵندەکانـی ئاسـمان و هەمـوو بوونەوەرێکـی خشـۆکی سـەر زەوی، هەمـوو بوونەوەرێـک کـە هەناسـەی ژیانـی تێدایـە، هەمـوو ڕووەکـی سـەوزم بـۆ خـۆراک پێـداون.» جـا ئـاوا بـوو. خـودا بینـی هەمـوو ئـەوەی کـە دروسـتی کردبـوو زۆر بـاش بـوو. جـا ئێـوارە بـوو، بـووە بەیانـی،

ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.» (پەیدابوون ١: ٢٨-٣١)

## ٢- سەروەت و سامان بەرهەمی دانایيە

”ئەگەر ئێوە گوێ لەو یاسایانە بگرن و بیپارێزن و جێبەجێ بکەن، ئەوا یەزدانی پەروەردگارتان پەیمانی خۆشەویستییەکەی بۆ ئێوە دەباتەسەر، وەک چۆن سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد.

ئێوەی خۆشدەوێت، بەرەکەتدارتان دەکات و زۆرتان دەکات و بەروبوومی سکتان و بەروبوومی زەوییەکەتان، دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتتان، بەروبوومی گوێرەکەی گاگەلەکەتان و مەڕ و بزنەکانتان بەرەکەتدار دەکات لەسەر ئەو زەوییەی کە سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد کە بە ئێوەی دەدات. ئێوە بەرەکەتدار دەبن لە سەرووی هەموو گەلان، وەجاخکوێر و نەزۆک نە لە ئێوە و نە لەناو ئاژەڵە ماڵییەکانتاندا نابێت،» (دواوتار ٧: ١٢-١٤)

«بەڵکو یەزدانی پەروەردگارتان لەیاد بێت، ئەو هێزتان دەداتێ بۆ سامان دروستکردن، هەتا ئەو پەیمانەی خۆی بەجێبگەیەنێت کە سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد وەک ئەمڕۆ.» (دواوتار ١٨:٨)

”بەرەکەتی یەزدان دەوڵەمەندی بەدواوەیە و
هیچ زەحمەتێکیش ناخاتە پاڵی.» (پەندەکانی سلێمان ٢٢:١٠)

”مرۆڤی تەمبەڵ نێچیری خۆی ناگرێت، بەڵام مرۆڤی ماندوو نرخی سامانەکەی دەدات.» (پەندەکانی سلێمان ٢٧:١٢)

”دەوڵەمەندی تاجی دانایانە، بەڵام گێلایەتی نادانایان دەڕازێنێتەوە.» (پەندەکانی سلێمان ٢٤:١٤)

## ٣- پارە و سامان پێداویستیەکانمان پڕ دەکەنەوە

”ئەوەی بە هەژار ببەخشێت نەبوون نابێت، بەڵام ئەوەی ڕووی لێ وەرگێڕێت نەفرەتی زۆر دەبێت.» (پەندەکانی سلێمان ٢٧:٢٨)

”وەڵامـی دانـەوە: «ئـەوەی دوو کراسـی هەیـە، بـا یەکێکیـان بداتـە ئـەوەی کـە نییەتـی، ئـەوەش کـە نانـی هەیـە، بـا هەمـان شـت بـکات.» (لۆقـا ٣:١١)

## ٤- دووبارە گەلی خودا دەوڵەمەند دەبن کاتێک عیسا بۆ پادشایەتی دێتەوە

”پاشـان فریشـتەکە ڕووبـاری ئـاوی ژیانـی پیشـاندام، پڕشـنگدار وەک کریسـتاڵ، لـە تەختـی خـودا و بەرخەکـە و بـە ناوەڕاسـتی شـەقامی شـارەکەدا دەڕوات. لـە هـەردوو ڕۆخـی ڕووبارەکـەدا درەختـی ژیـان ڕوابـوو کـە دوازدە جـار بەرهـەم دەدات، هـەر مانگـەو بەرهەمێـک. گـەڵای درەختەکـەش بـۆ چاکبوونـەوەی نەتەوەکانـە. ئیـتر هیـچ نەفرەتێـک نامێنێـت. تەختـی خـودا و بەرخەکـەش لەنـاو شـارەکەدا دەبـن، بەندەکانـی خزمەتـی دەکـەن» (ئاشـکراکردن ٢٢: ١-٣).

هەمووممـان دەزانیـن پـارە گرنگـە بۆمان،کاتێـک منداڵێکـت نەخۆشـە، ئەوکاتـە دەزانیـت کـە پـارە چ بەرەکەتێکـە و دەتوانیـت چارەسـەری بـۆ دابیـن بکەیـت، کاتێـک برسـیت بـە پـارە خـواردن دەکڕیـت، ئەگـەر ئـەم پەرتووکـە نرخەکـەی ١٠٠$ بێـت بەبـێ ئـەوەی بیـر لەپارەکـەی بکەیتـەوە کۆمەڵێکـی لـێ دەکڕیـت و دەیدەیـت بـە هاوڕێکانـت.

کەواتـە مەبەسـتی عیسـا ئەوەنەبـوو کـە سـەروەت و سـامانی پیـاوە گەنجەکـە و دەوڵەمەندیەکـەی گوناهەیـە بەڵکـو نیعمەتێکـە لەلایـەن خـوداوە پێمـان دراوە و دەبێـت سـوپاس گوزاربیـن.

## پارە مەترسیدارە

بـا تەماشـای لایەنـە خراپەکەشـی بکەیـن، پیـاوە گەنجەکـە بەهـۆی پـارەوە بەرامبـەر ڕاسـتیەکان کوێـر ببـوو.

پـارە ژیانمـان بـۆ ئاسـانتر دەکات، هەروەهـا ئـەوەی بمانەوێـت بەپـارە بـە دەسـتی دێنیـن، مـرۆڤ لـە کۆنـەوە خەریکـی پـارە پەرسـتی بـووە لەجیاتـی ئـەوەی پشـت بـە خـودا ببەسـتێت، هەمووممان باوەڕمان بـەوە هەیـە کـە پـارە دەتوانێـت دڵخۆشـمان بـکات و ئارامـی و ئاسایشـمان بـۆ دابیـن بـکات لەجیاتـی ئـەوەی داوای ئـەو شـتانە لـە خـودا

بکەیـن، بـەردەوام هەوڵـی بەرزکردنـەوەی داهاتمـان دەدەیـن و پارەمـان کـردووە بـە هێزێکـی گـەورەی سـەروخۆمانەوە، تەنهـا تەماشـای حاڵـی بازاڕبکـە بزانـە چۆنـە کاتێـک بارودۆخـی دارایـی تێـک دەچێـت.

مەسـیح قوتابیانـی خـۆی لـە مەترسـیەکانی پـارە ئاگاداردەکاتـەوە لـەوەی چەنـدە زەحمەتـە دەوڵەمەندێـک بچێتـە شانشـینی خـوداوە:

"بە خەڵکەکەی فەرموو: «ئاگاداربن و خۆتان لە هەموو جۆرە چاوچنۆکییەک بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە.»

ئینجـا نموونەیەکـی بـۆ هێنانـەوە: «مرۆڤێکـی دەوڵەمەنـد، زەوییەکـەی بەرهەمێکـی زۆری دا.

لـە دڵـی خۆیـدا گوتـی: "چـی بکـەم کـە شـوێنم نەبێ بەرهەمەکەمـی لـێ کۆبکەمـەوە؟"

«جـا گوتـی: "وا دەکـەم، ئەمبارەکانـم تێکـدەدەم و گەورەتـری دەکـەم، لەوێـدا هەمـوو دانەوێڵـە و ماڵەکـەم کۆدەکەمـەوە.

بەخۆشـم دەڵێـم: 'ئـەی گیانـم، ئەوەتـا ماڵێکـی زۆرت هەڵگرتـووە، بـۆ چەندیـن سـاڵ. بحەسـێوە و بخـۆ و بخـۆوە و دڵشـادبە.'"

«بـەڵام خـودا پێـی فەرمـوو: "ئـەی گێلـە، هـەر ئەمشـەو گیانـت دەردەچێـت. باشـە ئـەوەی کـۆت کردووەتـەوە، بـۆ کـێ دەبێـت؟"

«بە هەمـان شێوە دەبێ ئـەو کەسـەی گەنجینـە بـۆ خـۆی کۆدەکاتـەوە بـەڵام لـەلای خـودا دەوڵەمەنـد نییـە.» (لۆقا ١٢: ١٥-٢١)

لـە نمونەکـەی عیسـادا پیاوەکـە زۆر دەوڵەمەنـد دەبێـت و بڕیـاردەدات بـە تێکدانـی ئەمبارەکـەی و دروسـتکردنی یەکێکـی گەورەتـر، ئێسـتا هەمـوو شـتێکی هەیـە، دەتوانێـت بحەسـێتەوە و بخـوات و بخواتـەوە و مانـدوو نەبێـت. هەسـتێکی خۆشـە ئەگـەر تـۆش وابیـت، وایـە؟

بـەڵام کێشـەکە لێرە دایـە کـە هـەر ئـەو شـەوە گیانـی دەردەچێـت، واتـا ئەمبـارە پڕ لـە بەرهەمەکـەی هیـچ سـوودی نەبـوو لەبرامبـەر خـودا، لەوانەیـە پیاوەکـە بازرگانێکـی

زۆر لێهاتوویێت، بەڵام بازرگانی لێهاتوو لەکۆتایی دا لە گەمژەیەک زیاتر هیچی دیکە نییە، هەموو ژیانی لە کۆکردنەوەی پارە بەسەر دەبات، کاتێک کاتی ئەوە دێت باسی ئەزموونەکانی ژیانی خۆی بکات ئەوکاتە هیچی نییە باسی بکات.

"بێ سوودە سامان لە ڕۆژی تووڕەیی،
بەڵام ڕاستودروستی فریادەکەوێت لە مردن.» (پەندەکانی سلێمان ١١:٤)

سەروەت و سامان وەک دەرمانی بێ هۆشکەرە، دەتوانیت سودی لێ وەربگریت و دەکرێ مەترسیداریش بێت. ئەگەر ژیانت پڕیەتی لە ئازار و برین پێویستناکات دەرمانی بێهۆشکەر بەکاربهێنیت، چونکە چارەسەری کێشەکانت ناکات، تەنها کەمێک بێ ئاگا دەبیت لە کێشەکانت.

پارەکانت وات لێ دەکات بێهۆش بیت و نەزانیت چەندە پێویستیت بە خودایە، پارە دەتوانێت خۆشەویستیت بۆ خودا لێ بسەنێت و پشت بەخۆت ببەستیت بۆ خۆ ڕزگارکردن، پۆڵس دەڵێت: "لەبەر ئەوەی خۆشەویستی پارە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەموو جۆرە خراپەکارییەک. هەندێک کەس بەدوایدا گەڕان ون بوون لە باوەڕیان و خۆیان تووشی ئازارێکی زۆر کرد.» (یەکەم تیمۆساوس ٦:١٠)

## دوو خودا، یەک هەڵبژاردە

مەترسیەکە بریتییە لە خۆشەویستی بۆ پارە، عیسا وەک کەسێک شێوەی دەکات کە خۆی پێ گەورە و خاوەن دەسەڵاتە و خۆی بە ڕزگارکەر دەزانێت و مژدەی ڕزگاربوون بە خەڵک دەدات: «خزمەتکار نییە بتوانێت کۆیلایەتی دوو گهورهبکات، چونکە ڕقی لهیهکێکیان دهبێتەوەو ئەوەی دیکهی خۆشدەوێت، یان دهست بهیهکێکیانەوەدهگرێت و ئەوەی دیکهپشتگوێ دهخات. ئێوهش ناتوانن کۆیلهی خودا و پارهبن.» (لۆقا ١٦:١٣) "

بیری لێ بکەوە، دوو خودا هەن کە دەتوانیت هەڵیان بژێریت، یەکێکیان خودای ڕاستەقینە و دروستکەری گەردوونە، کە هەمووکات دەتوانێت بە هاناتەوە بێت و ڕزگارت بکات، ڕزگاری و ژیانی هەتاهەتایی و خۆشیت پێ دەبەخشێت، خوداکەی تر، کە خودا نییە بەڵام بەردەوام بەڵێنت پێ دەدات و نایباتە سەر، بەردەوام داوای کاتی زیاترت لێ دەکات و دەتخاتە دڵەڕاوکێیەکی زۆر و بەردەوام هێز و خۆشەویستیت پێ

دەبەخشێت، بەڵام خۆشیەکانی هەتاهەتایی نین، خودای درۆیەکانە.

ئێستا دەتەوێت خزمەتی کام خودایە بکەیت؟

ئەگەر بێیتە لای عیسا لەوانەیە ئەوەی دڵت دەیخوازێ پێتی نەدا و بە حەزەکانی تۆ نەبێت و ئەوەی پلانت بۆ داناوە نەیەتە دی بەڵام واتای ئەوە نییە کە خۆشمانی ناوێت، بەڵکو زۆر باشتر دەزانێت کەچی بۆ ئێمە باشە و ئەوەی کە زیانی بۆ ئێمە نییە .

هیچ شتێک نییە ئامانجەکانت بهێنێتە دی، نە پارە نە منداڵەکانت نە هیواکانت، نە خەونەکانت هیچ شتێک، لەوانەیە شتی باش و یارمەتی دەربن بەڵام هیچیان ئەوەت پێ نادات کە دەتەوێت، بەڵام دڵمان وامان لێ دەکات کە بەم شێوەیە هەست بکەین و بڵێین " ئەوەتا ئەوەی خۆشیم پێ دەدات و ڕزگارم دەکات" بەڵام ئەگەر بەدوای خۆشی و حەسانەوە دەگەڕێیت لە هەرشوێنێک جگە لەلای مەسیح، ئەوا پێت دەڵێم کۆتاییەکی خراپ دەبێت.

زۆربەمان خاوەنی ئەو شتانە نین کە هەمانە بەڵکو ئێمە کۆیلەی ئەوانین، بۆیە عیسا هات و لەو شتانە ڕزگاری کردین، هات تاکو پێمان بڵێت ئەگەر بەدوای دڵمان بکەوین ئەوا وەک ئەوەیە کە بت بپەرستین، بۆیە هات تاکو ڕزگارمان کات لە کۆیلایەتی.

عیسا پێمان دەڵێ کە ناتوانین خودا و پارە بەیەکەوە بپەرستین و دەبێت یەکێکیان بکەینە قوربانی لەپێناوی ئەوەی دیکە: " «شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. یەکێک دۆزییەوە و شاردییەوە، لەخۆشیان دەچێت و هەرچی هەیە دهیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت.

> «هەروەها شانشینی ئاسمان لە بازرگانێک دەچێت بەشوێن مرواری نایابدا دەگەڕا.
>
> کاتێک مروارییەکی گرانبەهای بینی، چوو هەرچیی هەبوو فرۆشتی و مروارییەکەی کڕی.» (مەتا ١٣: ٤٤-٤٦)

هەریەک لەو پیاوانە گەنجینەیەکیان دۆزیەوە، یەکێکیان گەنجینەیەکی لە کێڵگە دۆزیەوە و ئەوەی دیکە گرانبەهاترین مرواری دۆزیەوە، شانشینی خودا بەم شێوەیەیە،

عیسا هـات و گەنجینەیەکی هەتاهەتایی پێ بەخشـین.

دوو پیاوەکـە ئـەوەی هەیانبـوو فرۆشـتیان تاکـو گەنجینەکـەی پـێ بەدەسـت بێنـن، قوربانیەکەیـان شـتێکی کـەم نەبـوو، دەیانتوانـی واز لـەو گەنجینەیـە بهێنـن و مـاڵ و موڵکەکانیشـیان بـۆ بمێنێتـەوە.

شانشـینی ئاسـمان بەهەمـان شـێوەی ئـەو نمونەیـە، بۆئـەوەی پێـی بگەیـن دەبێـت هەرچـی هەمانـە بیکەینـە قوربانـی.

هەمووـمـان هەڵبژاردەیەکمان لەبـەر دەسـتە، هەڵبـژاردەی ئـەوەی کـە خزمەتـی کـێ دەکەیـن و ژیانـی خۆمانـی بـۆ تەرخـان دەکەیـن. ئایـا خزمەتـی خـودا دەکەیـن یـان کۆیلـەی پـارە دەبیـن؟ لەوانەیـە بـەلای هـەر یەکێکمانـەوە بڕیارێکـی سـادە بێـت بـەڵام ڕۆژانـە هـەزاران لـە خەڵکـی بڕیـاری هەڵـە دەدەن.

دەبێـت ئـاگاداری خۆمـان بیـن و ڕێـگا ڕاستەکە ون نەکەیـن، وەک ئـەوەی ئـەو پیاوە گەنجـە دەوڵەمەنـدەی ڕێگاکـەی لـێ ون ببـو، لەژیانـدا هەمـوو شـتێکی هەبـوو، دەوڵەمەند بـوو خـاوەن هێـز بـوو بـەڵام ڕێـگای ڕزگاربـون و مەسـیحی ڕەت کـردەوە، کاتێـک عیسـا دوو هەڵبـژاردەی پێـدا ئاخـۆ پـارە یـان عیسـا هەڵدەبژێرێـت، ئەویـش پـارەی هەڵبـژارد و ڕێـگای ڕزگاری ڕەت کـردەوە.

ئایـا عیسـا داوا لەهەمووـمـان دەکات کـە هەرچیـمان هەیـە بیفرۆشـین و بـەدوای کەویـن؟ نەخێـر،

تەنها داوامان لێ دەکات و باوەڕی پێ بکەین و لە پارە زیاتمان خۆشبوێت.

ئەگـەر پـارە و مـاڵ و موڵکـت لـە مەسـیح زیاتـر خۆشـدەوێت ئـەوا خـۆت بـە بـاوەڕدار مەزانە.

## شوێنکەوتنی عیسا واتای چییە؟

ئەگـەر بمانەوێـت بـەدوای عیسـا بکەویـن ئـەوا دەبێـت باجەکـەی بدەیـن، ناتوانیـن خزمەتـی خـودا بکەیـن و پـارە پەرسـتیش بیـن، پێویسـتە واز لـە ڕێـگای دەوڵەمەنـدی بهێنیـن و بـەدوای عیسـا بکەویـن.

زۆرێـک لـەو کەسانەی بـەدوای مەسـیح کەوتـوون، لەمـاوەی ژیانیـان دا نەیانزانیبـوو

کـە عیسـا داوایـان لـێ دەکات تاکـو هەرچیـان هەیـە بیکەنـە قوربانـی.

ئەگـەر دانایـی، تەندروسـتی، ئـازادی، نـان و ماسـیت دەوێـت، ئـەوا بـەدوای عیسـا دا بـڕۆ.

بـەڵام عیسـا دەویسـت بـە خەڵکەکـە بڵێـت کـە خـودا داوای چییـان لـێ دەکات، نەوەک بـە ڕێگایەکـی هەڵـە دابـڕۆن: "خەڵکێکـی زۆر لەگـەڵ عیسـا دەڕۆیشـتن بەڕێـگادا، ئـاوڕی دایـەوە و پێـی گوتـن:

«ئەگـەر یەکێـک بێتـە لام و ڕقـی لـە دایـک و باوکـی، ژن و منداڵـی، بـرا و خوشـکەکانی نەبێتـەوە، بگـرە لـە خۆشـی، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن. ئـەوەی خاچەکـەی هەڵنەگرێـت و دوام نەکەوێـت، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن.» (لۆقـا ١٤: ٢٥-٢٧)

ئەگـەر دەتەوێـت ببیـت بـە بـاوەڕدار دەبێـت مەسـیح لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوە بێـت و لـە دایـک و بـاوک و خزمـو کەسـوکارت زیاتـر خـۆش بوێـت، ئـەوەی عیسـا داوای دەکات "ڕق لێبوونەوەیە"

بـا بچینـە قوڵایـی و بزانیـن مەبەسـتی چییـە، یەکـەم بزانـە مەبەسـتی کێیـە، " ئەگـەر یەکێـک بیەوێـت بـەدوام کەوێـت" کەواتـە مەبەسـتی کەسـانێکی دیاریکـراو نییـە بەڵکـو لەگـەڵ هەمـوو خەڵکییەتـی ئەوانـەی دەیانەوێـت بـبن بـە بـاوەڕدار، ئەگـەر دەتەوێـت ببیـت بـە بـاوەڕدار ئـەوا دەبێـت قسـەکانی لەتـۆ دا بوونـی هەبێـت.

لێـرە پێـمان دەڵێـت " واز لەخـۆت بێنـە " دەبێـت مەبەسـتی چـی بێـت؟ دەکـرێ وەک ئـەوە بێـت ئەگـەر بمەوێـت کێشـم دابەزێنـم دەبـێ واز لـە زۆر خواردنبێنـم؟ ئەگـەر بمەوێـت پـارە کۆبکەمـەوە ئـەوە دەبێـت واز لـە زیـادە مەسرەفـی بێنـم؟

نەخێر، عیسا مەبەستێکی تری هەیە، با بزانین یۆحەنا چۆن بۆمان ڕوون دەکاتەوە:

" ئەگـەر بمانەوێـت حاشـا لەخۆمـان بکەیـن ئـەوا دەبێـت وەک پەتـرۆس بکەیـن کاتێـک ٣جـار نکۆڵـی لـە عیسـا کـرد، ڕەتـی کـردەوە، حاشـای لێکـرد و پشـتی لـە عیسـا کـرد. حاشـاکردن لـە خۆمـان وەک ئـەوە نییـە کـە واز لـە خواردنـی پارچەیـەک کێـک بهێنیـت یـان واز لـە جگـەرە بێنیـن. بەڵکـو دەبێـت بەتـەواوی حاشـا لەخۆمـان بکەیـن. "

دەزانی بەبێ حاشاکردن لەخۆت ناتوانیت بەدوای مەسیح بکەویت؟

بۆ ئەوەی مەسیح لە تۆ دا بچەسپێ و ببی بە بەشێک لە ئەو.

تەنها حاشا لەخۆکردن بەس نییە بەڵکو دەبێت خاچەکەشت هەڵگریت و بەدوای کەویت، لەوانەیە هەندێکمان ئەنگوستیلە و ملوانکە و شتی دیکە بەکاربێنین کە وێنەی خاچێکی تێدایە یان شێوەی خاچ دروست کراوە، وەک جوانکاری و شتی تر، بەڵام لە سەردەمی رۆمانیەکان و ئەو ڕۆژەی مەسیح لە خاچ درا، خاچ شتێکی قێزەون و تۆقێنەر بوو چونکە تاوانبارانیان و سەرپێچیکارانی یاسایان پێ سزادەدا،

ڕۆمانەکان لەشوێنی حوکومدان تاکو شوێنی لەسێدارە دانەکە خاچەکەیان بە تاوانبارەکە هەڵدەگرت، هەموو کەسێک دەیزانی ئەوەی خاچ هەڵبگرێت و بەو ڕێگایە دا بڕوات ئەوا هاتنەوەی نییە.

عیسا مەبەستی لە مردن نییە بەڵکو داوامان لێ دەکات بەو شێوەیەی پێشتر ژیاوین لەناوی ببەین و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەین، ئەو کارەش وەک مردن وایە چونکە ئەوەی پێشتر هەبوو دەمرێت و جارێکی دیکە دەژییتەوە.

ئەوەی خاچەکەی هەڵبگرێت و بەدوای مەسیح کەوێت ناتوانێت ببێت بە کۆیلەی پارە: " بهم شێوهیه، ههر یهکێکتان ئەگەر واز لهههموو شتێک نههێنێت کههەیەتی، ناتوانێت ببێتەقوتابی من. (لۆقا ١٤:٣٣) " دەبێت واز لە سامانەکەت بێنیت ئیتر پێویستیت پێیان نەماوە. ئیتر ئەوەی هەتە دەبێتە هی مەسیح.

ئەگەر هاوڕێیەکت یان هەر کەسێکت پێی گوتووی بۆ بوون بە باوەڕدار تەنها نوێژێک بکە وەک ڕۆتینێکی ڕۆژانە ئەوا بزانە ئەو کەسە هیچی لەباوەڕ نەزانیوە، هەرکەسێک پێی گوتی بەدوای مەسیح بکەوی ئەوا ژیانت ئاسان و خۆش دەبێت و دەوڵەمەند دەبیت ئەوا بزانە هیچ نازانێت.

نەخێر ئەگەر دەتەوێت بەدوای مەسیح بکەویت ئەوا دەبێ خاچەکەت هەڵبگریت و بەدوای مەسیح بکەویت.

## کام جۆرە گەنجینەیە؟

ئەم بەشە بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەمەندەکان نەنووسراوە، هەوەک پێشتریش گوتم، گوناە ناکەی ئەگەر پارەت هەبێت یان کۆی بکەیتەوە، بەڵکو کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر کەسێکی هەژار و بێ پارە بیت، بگرە خەڵکە هەژارەکان دەبنە کۆیلەی کەسە دەولەمەندەکان.

بەڵکو لەو بەشەدا ویستم ئەو پرسیارانە بخەمە ڕوو ئایا کام خۆشەویستییە کۆنترۆڵی کردووی؟

خۆشەویستی پارە؟ یان سەروەت و سامان و ئاشتی و ئارامی و داهاتوویەکی ڕوون؟ یان خۆشەویستی مەسیح و چونە نێو شانشینەکەی و یارمەتی دانی هەژاران؟

هەموو ڕۆژێک پارە هەڵدەگریت و خەرجی دەکەیت و وەریدەگریت، باشە بە پارەکانت کامە گەنجینەی پێ دەکڕی ؟ عیسا بانگمان دەکات تاکو گەنجینەکەی ئەو بکڕین کە هیچی بەسەر نایەت و وەک خۆی دەمێنێتەوە نە مشک دەیخوات و نە ژەنگیش وێرانی دەکات، بەڵام هەرچی گەنجینەی ترە جگە لە کێشە و دەردە سەری هیچی تری بەدواوە نییە، وەک باڵەخانەیەک وایە ڕۆژێک دێت لەماوەی ١خولەک تەختی زەوی دەبێت:

"ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بەخێر بیبەخشن، بۆ خۆتان جزدانێک دابین بکەن کە نەفەوتێت، گەنجینەیەک لە ئاسمان کە لەبن نایەت، لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە و نە مۆرانە لێی دەدات، چونکە گەنجینەکەت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.» (لۆقا ١٢: ٣٣-٣٤)

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟
## ڕەنگدانەوە:

پارە بۆچی مەترسیدارە؟

بۆچی عیسا بە پیاوە گەنجەکەی گوت هەرچی ماڵ و موڵکی هەیە بیفرۆشێت؟

"عیساش گوێی لەمە بوو، پێی فەرموو: «هێشتا شتێکت کەمە. چیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بەسەر هەژاران دابەشی بکە، لە ئاسماندا گەنجینەیەکت دەبێت. ئینجا وەرە دوام بکەوە.» (لۆقا ١٨:٢٢)

بەڵام ئەو داواکاریەی لە کەسی دیکە نەکردووە:

"ئینجا چووە ناو ئەریحا و پێیدا تێدەپەڕی. لەوێ کابرایەکی لێبوو بە ناوی زەکا، دەوڵەمەند و گەورەی باجگران بوو. دەیویست ببینێت

عیسا کێیە، بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیدەتوانی، چونکە کورتەباڵا بوو. ڕایکرد و سەرکەوتە سەر دار هەنجیرێک تاکو ببینێت، چونکە عیسا بەوێدا تێدەپەڕی.

کە عیسا گەیشتە شوێنەکە، چاوی هەڵبڕی و پێی فەرموو: «زەکا، خێرا وەرە خوارەوە، چونکە دەبێت ئەمڕۆ لە ماڵی تۆ بمێنمەوە.»

جا خێرا هاتە خوارەوە و بە خۆشییەوە پێشوازی لێکرد.

هەموو بینییان و دەستیان کرد بە بۆڵەبۆڵکردن و گوتیان: «چووە بووەتە میوانی گوناهبارێک.»

بەڵام زەکا ڕاوەستا و بە مەسیحی خاوەن شکۆی گوت: «گەورەم، ئەوەتا نیوەی سامانەکەم دەدەمە هەژاران و ئەگەر بە هەر شێوەیەک فێڵم لە کەسێک کردبێت، چوارقاتی دەدەمەوە.

عیساش پێی فەرموو: «ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەم ماڵە هات، لەبەر ئەوەی ئەویش کوڕی ئیبراهیمە،

چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە بەدوای لەناوچواندا بگەڕێت و ڕزگاریان بکات.» (لۆقا ١٩: ١-١٠)

ئەگەر سامانەکەت بۆ کەسێک باس بکەی، ئەوا کام جۆرە سامان دەبێت؟ کامە سەروەت و سامان بۆخۆت کۆدەکەیتەوە؟

دەتوانی باسی ئەو شوێنەم بۆ بکەی کە تێیدا بڕیارت دا خاچەکەت هەڵگریت و بەدوای مەسیح دا کەویت؟ ئەگەر نییە ئەوا چۆن خۆت بە باوەڕدار دەزانیت؟

## تۆبەکردن:

داوا لە خودا بکە تاکو لە تاوانەکان و پارەپەرستیت خۆشبێت.

بیر لـەو ڕێگایانـە بکـەوە کـە دەکـرا پارەکەتـی لـێ خـەرج بکەیـت بـۆ خزمەتـی خـودا، هیـچ شـتێک هەیـە لـە ژیانـدا بەنـرخ بێـت و تـۆش بتوانـی لـە پێنـاوی باوەڕەکـەت دەسـتبەرداری بیـت؟

**لەبیرت بێت:**

«ئـەم قسـەیە ڕاسـتە و تـەواو شـایانی قبوڵکردنـە: عیسـای مەسـیح بـۆ ڕزگارکردنـی گوناهبـاران هاتـە جیهـان، هیـچ کەسـێک بـە ئەنـدازەی مـن گوناهبـار نییـە.» (یەکـەم تیمۆسـاوس ١:١٥)

لەخاچدانـی عیسـا بـۆ ڕزگارکردنـی تـەواوی گوناهبـاران بـوو، سوپاسـی خـودا بکـە بـۆ ئـەو بەزەییـەی بـە ئێمـەی دا هاتـەوە و عیسـای بـۆ ناردیـن.

**ڕاپۆرت:**

داوا لـە کەسـێکی کڵێسـاکەت بکـە یارمەتیـت بـدات لـە شـێوازی خەرجکردنـی پـارە و موچـەی مانگانـەت.

# ٨

# ئایە هەرگیز ئەتوانم بزانم

# کە مەسیحیم یاخود نا؟

کاری زۆر زەحمەتمان کردووە تاکو ئەوەی لەم پەرتووکەوە فێری دەبین ببێت بە بنەمایەک و بتوانین لەژیانی خۆمان بیچەسپێنین. با بزانین ئەو بنەمایانە چین کە لە کتێبی پیرۆزەوە هاتون:

- ئەگەر باوەڕ بە ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز ناکەی، ئەوا خۆت بە باوەڕدار مەزانە
- باوەڕدار نیت ئەگەر حەزت بە تاوانکردن بێت
- ئەگەر تاکۆتایی سورنەبیت لەسەر باوەڕەکەت، ئەوا خۆت بە باوەڕدار دامەنێ
- باوەڕدارنیت ئەگەر خەڵکی ترت خۆش نەوێت
- ئەگەر هەرچی هەتە نەیکەیتە قوربانی، نابیتە باوەڕدار

بەڵام کاتێک دەمانەوێت ئەو بنەمایانە لەژیانمان دا بچەسپێنین، ئەوکاتە دەزانین کە چەندە زەحمەتە، کام لەو کەسانە باوەڕداری ڕاستەقینەن؟

- پێدرۆ کاری دارتاشی دەکات و خاوەن دوو منداڵە و ماوەی بیست ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە، پێدرۆ لە گەنجییەوە باوەڕی هێناوە و هەرگیز هەوڵی تاوانی نەداوە هەموو هەفتەیەکیش لە خزمەتی کڵێسا بەشداری کردووە، بەڵام زۆر تێکەڵی خەڵکی نەدەبوو ڕیگەشی نەدەدا کەس تێکەڵی بێت و هەموو جارێک لە دواوەی کۆبوونەوەکان بە ڕوویەکی گرژەوە دادەنیشت و گۆرانی دەگوت.
- فرانسیسکۆ، قوتابییەکە لەدەرەوەی وڵاتەوە هاتووە و دەخوێنێت، لە وڵاتەکەی خۆیان باوەڕداری وەک شتێکی پڕ و پوچ سەیردەکرێت،

لەوکاتـەوەی هاتوەتـە ئەمریـکا کۆمەڵێـک هاوڕێـی بـاوەڕداری هەیـە، بەهـۆی هاوڕێکانیـەوە بەشـداری لـە خزمەتەکانـی کڵێسـا دەکات. ئێسـتا لەخـۆی دەپرسێت ئاخـۆ دەبێـت باوەڕدارێکـی تـەواو بێـت؟ زۆر سەرسـام ببـو کاتێـک گوێـی لـێ ببـوو خـودا لەڕێگەی مەسـیحەوە لـە هەموو کەسـێک خۆشـدەبێت، دواتـر بـاوەڕی زۆر زیاتربـوو بـە مەسـیح و هەسـتی بـە گوناهبـاری خـۆی دەکـرد، بـەڵام گومانـی لـە کۆمەڵێـک ڕووداوی نێـو کتێبـی پیـرۆز هەبـوو وایدەزانـی هەرگیـز ڕوویـان نـەداوە.

- باربـەرا ئافرەتێکـی گەنجـە و تەمەنـی لـە تەمەنـی بیسـتەکانە، لەتەمەنـی هەرزەکارییـەوە بـاوەڕی بـە مەسـیح هێنـاوە، کاتێـک تەمەنـی گەیشـتوەتە بیسـت سـاڵ هاوسـەرگیری کـردووە و بەشـداری خزمەتەکانـی کڵێسـای کـردووە، بـەڵام ماوەیـەک واز لـە کڵێسـا دێنێـت، دواتـر هاوسـەرەکەی بـۆی دەردەکەوێـت پەیوەنـدی لەگـەڵ پیاوێکـی دیکـە هەیـە و دوگیانـە، دوای ماوەیـەک ئافرەتەکـە دەچێتـە کڵێسـا تاکـو تۆبـە بـکات، ئێسـتا خەریکـی ژیانێکـی نوێیـە لەگـەڵ کچەکـەی بـەڵام بەتەنیـا و بەبـێ هاوسـەر.
- ئـالان هەرزەکارێکـە، خێزانەکـەی بـاوەڕدارن و تـەواوی ژیانـی لـە کڵێسـا بەسـەر بـردووە، بـەردەوام نوێـژی کـردوە و عیسـای لەناخـی دڵیـەوە قبـوڵ کـردوە، لەتەمەنـی منداڵیـەوە لـە ئـاو هەڵکێـشراوە، هەرگیـز لـە باوەڕەکـەی پاشـگەز نەبوەتـەوە بـەڵام هەسـتی بـەو جیاوازیـە نەکـردووە کـە عیسـا لەژیانـی دا ئەنجامـی داوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا نـە دەخواتـەوە و نـە مـادەی بێهۆشـکەر بەکاردێنێـت، بـەڵام ئەگـەر ئـاگاداری نەبـن ئـەوا فێردەبێـت.
- جێنـی ئافرەتێکـی سـی سـاڵە و هاوسـەرەکەی بریکارێکـی حکومەتـە، جێنـی ئافرەتـی ماڵـە و خەریکـی بەخێوکردنـی سـێ منداڵەکەیەتـی، هـەروەک هاوڕێکانـی هەفتانـە سـەردانی کڵێسـا دەکات وبەشـدار دەبێـت لـە خزمـەت، هـەروەک خـۆی دەڵێـت باوەڕدارێکـی تـەواو نییـە، بـەڵام دڵخۆشـە بـەوەی منداڵەکانـی بـە بـاوەڕەوە گەورەدەبـن، هەروەهـا زۆریـش حـەزی بـە پێدانـی یارمەتییـە بەکڵێسـاکان تاکـو یارمەتـی خەڵکـی هەژاربـدەن، خێزانەکەشـیان دەوڵەمەنـدن و زۆر شـتی گرانبەهایـان هەیـە وەک: جلوبەرگـی بـاش، ئۆتۆمبێلـی گرانبەهـا، خانوویەکـی گـەورە و هەروەهـا باشـترین قوتابخانەیـان

دابیـن کـردووە بـۆ منداڵەکانیـان.

- ڕۆبێـرت گەنجێکـی بیسـت ساڵانی سـەڵتە، باوەڕەکـەی زۆر بـە جـدی وەرگرتـووە و لـە خێزانێکـی بـاوەڕدارەوە لەدایک بـووە، بەشـداری خزمەتەکانی کڵێسـا دەکات و کتێبـی پیـرۆز دەخوێنێتـەوە و بـەردەوام نوێـژ دەکات، جگـە لـەوە ئـەو کتێبیانـە دەخوێنێتـەوە کـە پەیوەندیـان بـە بـاوەڕەوە هەیـە و گـوێ لـە ڕادیـۆی بـاوەڕداران ڕادەگرێـت ، بـەڵام کاتێـک لەگـەڵ هاوڕێکانـی دەچێتـە دەرەوە دەخواتـەوە و مەسـت دەبێـت و تەماشـای ماڵپـەرە بەدرەوشـتیەکانیش دەکات، هەرچەنـدە خۆشـی دەزانێـت کـە ئـەو شـتانە کارێکـی بـاش نیـن.

کام لەوانەی باسمان کردن باوەڕدارن؟ هەموویان

جگـە لـە فرانسیسـکۆ، هەموویـان هەوڵیـان داوە ڕاسـپاردەکان لەژیانـی خۆیـان بچەسـپێنن، بـەڵام هـەر یەکـە و لـە یەکێـک لـە تاقیکردنـەوەکان دەرنەچـوون کـە لـەم پەرتووکـە باسـمان کـردووە.

ئەگەر ڕاستگۆبین، کێ لە ئێمە تەواوی بنەماکانی لەژیانی خۆی دا پەیڕەوکردووە؟

هەندێکجـار گومـان دەکەیـن، هەندێکجـار ڕقـمان لـە یەکـتری دەبێتـەوە، هەندێکجـار حەزمـان بـە تاوانـە وە پـارەش دەکەینـە چارەسـەری کێشـەکانمان.

کەواتـە کـەس بـاوەڕدار نییـە؟ ئەگـەر ئـەو هەمـوو کەموکـوڕی و تاوانەمـان هەبێـت ئـەی کـێ بـاوەڕدارە؟

هیچ باوەڕدارێک تەواو نییە، هەروەها لە کتێبی پیرۆز یۆحەنا هاتووە:

"ئەمانـەم بـۆ ئێـوە نووسـی کـە باوەڕتـان بـە نـاوی کـوڕی خـودا هەیـە، تاکو بزانـن ژیانـی هەتاهەتاییتـان هەیـە.» (یەکـەم یۆحەنـا ١٣:٥)

بـەڵام کەسـانی گوناهبـاری وەک ئێمـە خـۆی پـێ بـاوەڕدار بێـت و هەسـت بـە ئاسـوودەیی بـکات؟

پێویستە بزانین چۆن دڵنیا دەبینەوە.

## بنەماکانی دڵنیابوونەوە

هەمـوو باڵەخانەیـەک دەبێت لەسـەر بناغەیەکـی بەهێـز و پتـەو بنیـاد نرابـێ، تاکـە بناغەیـەک کـە وامـان لێـکات دڵنیـاو ئاسـوودە بیـن عیسـا یـە، ٣ شـت هەیـە دەبێـت بیزانیـن: عیسـا چـی ئەنجـام دا، حـەزی بـە چـی بـوو، بەڵێنـی چـی پـێ دایـن.

## کارەکتەری عیسا

بەدرێژایـی کتێبـی پیـرۆز عیسـا وەک کەسـێکی نەرمونیـان و بـە بەزەیـی لەبەرامبـەر تاوانبـاران وێنـا کـراوە، "هەمـوو شـایەتییان بـۆ دەدا، سەرسـام بـوون لـەو پەیامـە پـڕ لـە نیعمەتـەی لـە دەمـی دەهاتـە دەرەوە، دەیانگـوت: «ئەمـە کوڕەکـەی یوسـف نییـە؟» (لۆقـا ٢٢:٤).

پێغەمبەر ئیشایا پێشبینی هاتنی مەسیحی کردووە:

"قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت
پڵیتەیەکی پرتەپرتکەر ناکوژێنێتەوە.
بەڕاستییەوە دادپەروەری دەردەخات.» (ئیشایا ٤٢:٣)

هەندێکجـار عیسـا دەبینیـن وەک چـۆن ئاسـکێکی برینـدار تەماشـای شـێرێک دەکات، بـەڵام ڕاسـتیەکان ڕوونـن، عیسـا چاوەڕێـمان نـاکات تاکـو گونـاە بکەیـن و ئەویـش لـە تاوانەکانمـان خۆشـبێت، چونکـە نایەوێـت بمانشـکێنێت.

عیسـا زۆر بەخشـندە و میهرەبانـە وەک چـۆن بانگـی بـاج کۆکەرەوەکـەی کـرد تاکـو ڕزگاری بـکات: « بـەڵام فهریسـی و مامۆسـتایانی تـەورات کهفهریسـی بـوون بۆڵەبۆڵیـان بەسـەر قوتابییەکانیـدا کـرد و گوتیـان: «بۆچـی لەگـەڵ باجگـر و گوناهبـاران دەخـۆن و دەخۆنـەوە؟» عیسـاش وەڵامـی دانـەوە: «لەشسـاغ پێویسـتی بەپزیشـک نییـە، بەڵکـو نەخـۆش.» (لۆقـا ٥: ٣٠-٣١).

لـە هیـچ شـوێنێکی کتێبـی پیـرۆز نابینـی کـە عیسـا قسـە لەگـەڵ کەسـێک بـکات و ڕەتـی بکاتـەوە یـان بـە توڕەییـەوە وەڵامـی بداتـەوە جـا کەسـێکی تاوانبـار یـان خراپـەکار و لاواز بێـت یـان کەسـێکی لـە ڕێ لادەر بێـت، عیسـا بـەردەوام بـە گەرمـی بەخێرهاتنـی هەمـوو کەسـێکی کـردووە بەتایبەتـی خراپـەکارەکان، عیسـا تەنهـا بـۆ بەدواگەڕانـی تـاوان بـاران نەهـات بەڵکـو هـات تاکـو چارەسەریشـیان بـۆ بدۆزێتـەوە و ڕزگاریـان بـکات: «وەرن

بـۆ لام ئـەی هەمـوو مانـدووان و بارگرانـەکان، مـن دەتانحەسـێنمەوە. نیـری مـن بخەنـە سـەر خۆتـان و لـە منەوەفێربـن، چونکـە دڵنـەرم و بێفیـزم، حەسـانەوەش بـۆ دەروونتـان دەدۆزنـەوە. نیرەکـەم گونجـاوە و بـارم سـووکە.» (مەتـا ١١: ٢٨-٣٠) .

ئەوەنـدە زەحمـەت نییـە ئەگـەر بمانەوێـت مەسـیح بدۆزینـەوە و بێینـە لای بـۆ ئـەوەی داوای لێخۆشـبوون لـە هەمـوو تاوانەکانمـان بکەیـن.

## عیسا ئەرکی خۆی تەواوکرد

کاتێـک عیسـا هەمـوو قسـەکانی خـۆی بەدیهاتـن زیاتـر متمانەمـان بـۆ دروسـت بـوو، مردنـی مەسـح و زیندووبونـەوەی وایکـرد هەموومـان ڕزگارمـان بێـت و داوای لێبـوردن لـە خـودا بکەیـن: ”بۆیـە ئـەی خوشـک و برایانـی بـاوەڕدار، لەبـەر ئـەوەی متمانەمـان هەیـە بـۆ چوونـە نـاو شـوێنی هەرەپیـرۆز بـە هـۆی خوێنـی عیسـاوە، بـەو ڕێـگا زینـدوو و تازەیـەی کـە بـە هـۆی بەخشینی جەسـتەی خـۆی بەنـاو پـەردەدا بـۆی کردینـەوە، لەبـەر ئـەوەی کاهینێکـی بەرزمـان هەیـە سەرپەرشـتی ماڵـی خـودا دەکات، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی خوێنـی مەسـیح بەسـەر دڵمانـدا پرژێـنرا تاکـو لـە ویژدانـی خـراپ پاکمان بکاتـەوە، جەستەشـمان بـە ئاوێکـی پـاک شوشـتراوە، بـا بـە دڵێکـی ڕاسـت و بەمتمانـەی تـەواوی بـاوەڕ بچینـە بـەردەم خـودا.» (عیبرانییـەکان ١٠: ١٩-٢٢) .

کاتێـک دێینـە لای عیسـا هەمـوو تاوانەکانمـان دەسـڕێتەوە، ئیـتر ڕاسـتی و دروسـتی دەبێتـە بەشـێک لەژیانمـان: ”ئـەوەی گوناهـی نەدەناسـی خـودا لەپێنـاوی ئێمـە کردییـە گونـاه، تاکـو بەیەکبـوون لەگـەڵ ئـەو ببیـن بـە ڕاستودروسـتی خـودا.» (دووەم کۆرنسـۆس ٢١:٥).

بـەر لـە هاتنـی مەسـیح لەبـەر تاوانەکانمـان نەماندەتوانـی داوای لێخۆشـبوون لـە خـودا بکەیـن بـەڵام ئێسـتا خـودا ئێمـەی خۆشـدەوێت ئەویـش بـە هـۆی قوربانیەکـەی مەسـیحە.

## بەڵێنەکەی مەسیح

عیسـا بەڵێنـی پێـمان دا و بەڵێنەکانیشـی وامـان لـێ دەکەن هەسـت بـە دڵنیایـی بکەین، یەکـەم بەڵێنـی مەسـیح لێـرە بـوو: ”هەرکەسـێک باوکـم دەیداتـە مـن دێتـە لام، ئـەوەش بێتـە لام، هەرگیـز دەریناکـەم» (یۆحەنـا ٣٧:٦). بـاوەڕدار ئـەو کەسـەیە کـە خـودا داویەتـە دەسـت ڕۆڵەکـەی، بـەڵام نابێـت بـەم شـێوەیە بیربکەینـەوە و بڵێیـن ”بەشـێک نیـم لـەو

کەسانەی لەگەڵ مەسیح دانو عیسا قبوڵم ناکات و ڕەتم دەکاتەوە" نەخێر، بەڵکو بەڵێنی داوە و ئەوەی بچێتە لای هەرگیز دەستبەرداری نابێت بۆیە نابێت ترسمان لە تاوانەکانمان هەبێت و پێمان وابێت لە مەسیح دوورمان دەخاتەوە.

دووەم بەڵێنی بۆ گوناهکارانی وەک من و تۆیە: "چونکە دڵنیام نە مردن و نە ژیان، نە فریشتەکان و نە سەرۆکەکان، نە شتەکانی ئێستا و نە شتەکانی داهاتوو، نە هێزەکان، نە بەرزی و نە قووڵی، نە بەدیهێنراوی دیکە، ناتوانێت لە خۆشەویستی خودا جیامان بکاتەوە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمانەوە بۆمان دێت» (ڕۆما ٨: ٣٨-٣٩).

بۆیە خودا لێمان خۆشدەبێت و ڕزگارمان دەکات ئەوەی لەسەرمانە تەنها هانا بۆ مەسیح بێنین: "بەڵێنەکانی خودا هەرچییەک بن، بە هۆی مەسیحەوە دەبن بە «بەڵێ». بۆیە بە هۆی ئەوەوە دەڵێین «ئامین» بۆ شکۆمەندی خودا» (دووەم کۆرنسۆس ١:٢٠).

بۆیە کاتێک تەماشای ژیانی خۆمان بکەین نابێت گوناهەکانمان لە مەسیح دوورمان کاتەوە، وشەکانی مەسیحت لەبیربێت: «نەک هەرکەسێک پێم بڵێت: "گەورەم، گەورەم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی بەخواستی باوکم دەکات کە لە ئاسمانە.

> لەو ڕۆژەدا، زۆر کەس پێم دەڵێن: "گەورەم، گەورەم! ئایا بە ناوی تۆوە پەیامی خودامان ڕانەگەیاند، بە ناوی تۆوە ڕۆحی پیسمان دەرنەکرد، بە ناوی تۆوە پەرجووی زۆرمان نەکرد؟"
>
> ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: "قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی سەرپێچیکاران!"» (مەتا ٧: ٢١-٢٣)

تاکە هیوای ئێمە بەڵێنەکانی عیسای مەسیحە کە پێمانی داوە تاکو ڕزگارمان بکات، (جۆن نیوتن) دەڵێت: "خەریکە هەموو بیرەوەرییەکانم بیردەچێتەوە، بەڵام دوو شتم هەر لەبیردەمێنێت. یەکەم من گەورەترین گوناهکارم، دووەم عیسا گەورەترین ڕزگارکەرمە."

نابێت متمانەمان بە هیچ شتێکی دیکە هەبێت جگە لە مەسیح.

(جـۆن مـاری) یەکێـک لـە ئاینزانـەکان دەڵێـت: " بـاوەڕدارەکان زۆرجـار باوەڕیـان هەڵکشـان و داکشـان دەکات، بـەڵام بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە بـەردەوام دەبێـت لـە پشـت بەسـتنی بـە خـودا، دەبێـت سـوپاس گـوزاری ئـەو دیارییـە بیـن کـە خـودا پێـی داویـن، نـەوەک بەپێـی دڵخۆشـی خۆمـان باوەڕمـان هەبێـت"

## چۆن دەیزانی؟

دەبێـت ڕەچـاوی ئـەو بارودۆخانـە بکەیـن کـە وا لەبـاوەڕدار دەکات دڵنیابێـت لـەوەی باوەڕدارێکـی تـەواوە، بـا مـن بـە چـوار خـاڵ بۆتانـی ڕوون بکەمـەوە کـە ئێمـە گەلـی خودایـن:

## ئەمڕۆ باوەڕ بە عیسا بێنە

دەبێـت ئەمـڕۆ باوەڕمـان بـە عیسـا هەبێـت، نووسـەری عیبرانییـەکان دەیویسـت خوێنەرەکانـی دڵنیابـن لـەوەی کـە باوەڕەکەیـان ڕاسـتەقینەیە: "بووینـە هاوبەشـی مەسـیح، ئەگـەر تاکـو کۆتایـی دەسـتبگرین بـەو متمانەیـەی لەسـەرەتاوە هەمانـە» (عیبرانییـەکان ٣:١٤).

دوتـر پێیـان دەڵێـت کـە بـێ خـەم بـن و باوەڕیـان بـە مەسـیح هەبێـت بـەڵام دەبێـت بەردەوامـبن لـە باوەڕەکەیـان و سـەبر و ئارامیـان هەبێـت: «ئێمـەش خوازیاریـن هـەر یەکێکتـان هەمـان دڵگەرمـی دەربخـات بـۆ دڵنیایـی تـەواوی هیـوا تاکـو کۆتایـی، تاکـو تەمبـەڵ نەبـن، بەڵکـو لاسـایی ئەوانـە بکەنـەوە کـە بـە بـاوەڕ و ئارامگرتـن میراتگـری بەڵێنەکانـن» (عیبرانییـەکان ٦: ١١-١٢).

پۆڵـس قسـە لەگـەڵ کۆلۆسـییەکان دەکات و پێیـان دەڵێـت: «ئەگـەر بـەردەوام بـن لەسـەر ئـەو بـاوەڕە و دامـەزراو و چەسـپاو بـن، لانـەدەن لـە هیـوای ئـەو مزگێنییـەی بیسـتتان، ئـەوەی لـە هەمـوو بەدیهێنراوانـی ژێـر ئاسـمان ڕاگەیەنـراوە، خۆشـم وەک پۆڵـس بـۆی بوومـە خزمەتـکار» (کۆلۆسـی ١:٢٣).

هـەروەک لـە بەشـی پێنجـی پەرتووکەکـە بینیـمان، بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە هەتـا کۆتایـی بەرگـە دەگرێـت، پرسـیارە گرنگەکـە ئـەوە نییـە "پێشـتر باوەڕداربوونـی خـۆم ڕاگەیانـدووە؟" بەڵکـو ئـەوە گرنگـە "ئایـا لەپێنـاوی ڕزگاریـم بـاوەڕم بـە عیسـا هەیـە؟" ئەگـەر تەماشـای ژیانـی پێشـووت بکـەی ڕەنگـە بپرسـی ئاخـۆ بـە تـەواوی ڕزگارت بـووە؟ بـەڵام ئەگـەر

بەردەوام بیت لە باوەڕهێنانت بە مەسیح ئەوا هیوایەکت هەیە بۆ ڕزگاریت.

ئەگەر گومانت هەیە ئەوە چیتر گومانت نەبێت و بیری لێ مەکەوە بەڵکو باوەڕت بە مەسیح هەبێت و دڵت بۆی بکەوە.

## ئامادەبوونی ڕۆحی خودا

بونی ڕۆحی پیرۆز لە ژیانی ئێمەدا زۆرگرنگە، ئەو کەسانەی باوەڕیان نییە ناتوانن هەست بە ڕۆحی پیرۆز بکەن: ”بەڵام ئێوە، ئەگەر ڕۆحی خودا لەناوتاندا نیشتەجێ بێت، ئەوا لەژێر کاریگەری سروشتی دنیایی نین، بەڵکو لەژێر کاریگەری ڕۆحدان. ئەگەر یەکێکیش ڕۆحی مەسیحی نەبێت، ئەوا هی مەسیح نییە. ئەگەر مەسیح لە ئێوەدا بێت، ئەوا جەستە بە هۆی گوناه مردووە، بەڵام ڕۆح بە هۆی ڕاستودروستی زیندووە. ئەگەر ڕۆحی ئەوەی عیسای لەنێو مردووان هەستاندەوە لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، ئەوا ئەوەی مەسیحی لەنێو مردووان هەستاندەوە بە ڕۆحی خۆی کە لە ئێوەدا نیشتەجێیە لەشی مردووشتان زیندوو دەکاتەوە“ (ڕۆما ٨: ٩-١١).

چۆن بزانین ڕۆحی پیرۆز لە ژیانماندا بوونی هەیە؟ لەوانەیە لە یەکێک بۆ یەکێکی دیکە جیاواز بێت و هەستپێکردنی شتێکی زەحمەتە، بوونی ڕۆحی پیرۆز وەک تاتۆیەک نییە کە شوێنەواری بەسەرمانەوە دیاربێت، بەڵام هەندێک پێوەر هەیە دەتوانین سودی لێ وەربگرین:

- باوەڕی تەواومان بەخودا هەیە و تەنها باوەڕ بە ڕۆحی پیرۆز دەکەین بۆیە یۆحەنا دەڵێت : «بۆیەبزانن کهکەس نییەبەڕۆحی خودا بدوێت و بڵێت: «نهفرهت لهعیسا،» کەسیش ناتوانێت بڵێت: «عیسا پەروەردگارە،» بە ڕۆحی پیرۆز نەبێت» (یەکەم کۆرنسۆس ٣:١٢). هەروەها دەڵێت:
- «ئەمەش ڕاسپاردەکەیەتی: باوەڕمان بە ناوی عیسای مەسیحی کوڕەکەی هەبێت و یەکتریمان خۆشبوێ، وەک ڕایسپاردووین. ئەگەر یەکێک ڕاسپاردەکانی خودا بەجێبگەیەنێت، ئەوا بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژیێت، هەروەها خوداش بە یەکگرتوویی لەگەڵ ئەو کەسە دەژیێت. بەمەش دەزانین خودا بە یەکگرتوویی لەگەڵمان دەژیێت، بەو ڕۆحەی کە پێیداوین» (یەکەم یۆحەنا ٣: ٢٣-٢٤)

- ڕۆحــی پیــرۆز دەبێتــە بەرووبــوم لــە نێــو ژیانمــان، هەروەهــا دەتوانیــن نیشــانەکانی ببینیــن:

  «بــەڵام بەروبوومــی ڕۆحــی پیــرۆز ئەمەیــە: خۆشەویســتی، خۆشــی، ئاشــتی، ئارامگرتــن، نیانــی، چاکــە، دڵســۆزی، دڵنەرمــی و بەســەرخۆدا زاڵبــوون. شــەریعەت نییــە لــە دژی ئەمانــە بێــت. بــەڵام ئەوانــەی هــی عیســای مەســیحن سروشــتی دنیاییــان لەگــەڵ حــەز و ئارەزووەکانیــان لەخــاچ داوە» (گەلاتیــا ٥: ٢٢-٢٤).

- ڕۆحــی پیــرۆز شــایەدیمان بــۆ دەدات کــە ئێمــە ڕۆڵــە و گەلــی خودایــن، هەروەهــا بــە هــۆی ڕۆحــی پیــرۆزەوە ڕێــگا ڕاســتەکە دەگرینــە بــەر و هــاوار بــۆ باوکــی ئاســمانیمان دەکەیــن، «لەبــەر ئــەوەی ئێــوە ڕۆڵــەی خــودان، خــودا ڕۆحــی کوڕەکــەی خــۆی نــاردە دڵتانــەوە، بــە هــاوارەوە دەیفەرمــوو: «بابــە! باوکــە!»» (گەلاتیــا ٤:٦).

  «چونکــە هەمــوو ئەوانــەی ڕۆحــی خــودا بەڕێوەیــان دەبــات، ڕۆڵــەی خــودان.

  ئێــوە ڕۆحــی کۆیلەییتــان وەرنەگرتــووە تاکــو بــۆ تــرس بتانگەڕێنێتــەوە، بەڵکــو ڕۆحــی لەخۆگرتنەوەتــان وەرگرتــووە، بــە هۆیــەوە هــاوار دەکەیــن: «بابــە! باوکــە!»

  ڕۆحی پیــرۆز خــۆی شــایەتی بــۆ ڕۆحــمان دەدات کــە منداڵــی خودایــن.» (ڕۆما ٨: ١٤-١٦)

## گوێڕایەڵی وشەی خودا

ســێیەمین خــاڵ کــە دەبێــت پەیــڕەوی بکەیــن تاکــو هەســت بــە دڵنیایــی بکەیــن وگومــان نەبەیــن ئەوەیــە کــە دەبێــت گوێڕایەڵــی وشــەی خــودا بیــن، هــەروەک چــۆن لــە بەشــی چــوار بینیــمان، گوناهەکانمــان وامــان لــێ دەکــەن هەوڵدەیــن بــۆ ئــەوەی ببیــن بــە باوەڕدارێکــی تــەواو و لەخۆمــان بپرســین ئایــا ڕۆحــی پیــرۆز لــە ئێمــە دا بوونــی هەیــە؟ ئەگــەر مەســیحمان خۆشــبوێت ئــەوا گوێڕایەڵــی فەرمانەکانــی دەبیــن: «ئەگــەر منتــان خۆشــبوێ کار بــە ڕاســپاردەکانم دەکــەن.» (یۆحەنــا ١٤:١٥).

هـەروەک ئـەوەی داود کـردی، نابێـت قسـەکانی خـودا وەکـو باریکـی گـران لەسـەر شـانمان سـەیر بکەیـن بەڵکـو دەبێـت وەک هەنگویـن شـیرین بێـت لەلامـان : «ئەوانـە لـە زێـڕ دڵگیرتـرن، لـە زێـڕی بێگـەردی زۆر، لـە هەنگویـن شـیرینترن، لـە دڵۆپـی شـانەی هەنگویـن» (زەبـوورەکان ١٩:١٠).

نابێـت وا بزانیـن کـە بەتـەواوی وشـەکانی خودامـان بەجێگەیانـدووە یـان بویـن بـە کەسـێکی پـڕ لـە ڕۆحـی پیـرۆز، لێـرە چەنـد پرسـیارێک هەیـە، ئەوانـەی کـە بـە باشـی دەتناسـن پرسـیاری ئـەوەت لـێ دەکـەن ئاخـۆ بـە تـەواوی گوێڕایەڵـی خـودا دەکەیـت؟

پێویسـتە خـۆت بخەیتـە تاقیکردنـەوە و بزانیـن هەڵسـوکەوتت چۆنـە و چـۆن وشـەکانی خـودا جـێ بـە جـێ دەکەیـت؟ ئایـا لـە وشـەکانی خـودا شانشـین هەیـە؟ ئایـا بـە گوێڕایەڵـی کردنـی خـودا دڵخۆشـیت؟ کتێبـی پیـرۆز داوامـان لـێ دەکات خۆمـان تاقیبکەینـەوە، ئایـا ئامـادەی؟ دەتەوێـت ڕزگاریـت ببـێ؟

## شێوازی گەشەکردن بەپێی کات

چـوارەم و کۆتایـی، بـاوەڕدار دەبێـت سـەیر بـکات و ببینێـک کـە چـۆن ڕۆحـی پیـرۆز لـەودا گەشـەدەکات، لەوانەیـە لـە هـەر کاتێـک بێـت هەسـت بکـەی کەوتوویتەتـە نێـو زۆنگاوێـک لـە گوناهـە، هەوڵدەدەیـت لێـی دەربـاز بیـت، لەوانەیـە زۆر تاقەتـی یاریکردنـت نەبێـت لەگـەڵ منداڵەکانـت یـان لەگـەڵ بەرێوەبەرەکـەت بـە خراپـی هەڵسـوکەوت بکەیـت، دەزانـی ئـەو شـتانە کاری هەڵـەن، بـەڵام ناتوانیـت دەسـتبەرداری بیـت، ئایـا ئـەو شـتانە وادەکات بـاوەڕی خـۆت لەدەسـت بدەیـت؟

نەخێـر، پێویسـتە کەسـێکی گەشـبین و سـینگ فـراوان بیـت، هیـچ گۆڕانکاریەکـت لـە ژیانـی خـۆت دا بینیـوە، تەنانـەت ئەگـەر کەسـێکی ڕەشـبین بیـت؟ هەسـتت بـەوە کـردوە کـە ئـەو ڕێگایـەی گرتوەتـە بـەر توانیوتـە بیگـۆڕی لەمـاوەی ٥ سـاڵی ڕابـردوو؟

جارێکیـان گوێـم لـە وتارێکـی زۆر بەسـوودی (دەیڤـد پۆلیسـۆن) بـوو لەسـەر ژیانـی بـاوەڕداران،

گوتـی کـە شـێوازی ژیانـی بـاوەڕداران وەک یـاری (یۆیـۆ) وایـە، دەچێتـە سـەرەوە و دێتـە خـوارەوە دووبـارە دەچێتـە سـەرەرەوە و دێتـە خـوارەوە، ئـەوەش توشـی شـلەژانت دەکات، بـەڵام شـتێکی واقیعییـە، ئەگـەر یـەک ڕۆژ هەسـتم کردبێـت تاوانـم کـردووە بـۆ

ڕۆژی دواتر وادەزانم دووبارە لەسەرەتاوە دەستم پێ کردوەتەوە.

بەڵام شتی زیاتر هەیە، (پۆلیسۆن) گوتی: ژیانی باوەڕداران وەک یاری (یۆیۆ) وایە.

بەڵام (یۆیۆ)یەکە لەدەستی کەسێک دایە و یاری پێ دەکات، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جەنگی ئێمە لەگەڵ گوناە وەک یاریەکە وایە بەرز و نزم دەبێتەوە، بەڵام گەورەترین شتمان بیرچوو کە خودا بەردەوام چاوی لێمانە و لەگەڵمان دایە، بەردەوام بەرزمان ڕادەگرێت و بێ هیوامان ناکات، ئەگەر باوەڕمان پێی هەبێت.

لەوانەیە هێشتا لەگەڵ منداڵەکانت کەسێکی باش نەبیت و بەرز و نزمی لە خۆشەویستیەکەت بۆ ئەوان هەبێت، بەڵام ئەگەر باوەڕدار بیت، بە تێپەڕینی کات هەست دەکەیت کە خۆشەویستی لەناختەوە گەشە دەکات و تورەبونەکان نامێنن و لەماوەیەکی کورت دا هەمووی دەڕەونەوە.

## ئەگەر باوەڕدار نەبم؟

(جۆن ویزلی) کوڕی وەزیری (ئەنجلیکا) بوو لەساڵی ١٧٣٨ "ئەنجلیکا وەزارەتێکە تایبەتە بە کڵێساکان"، کەسێکی ناودار بوو لە بەریتانیا و بەوە ناسرابوو کە کەسێکی ڕێک و پێکە و باوەڕدارێکی تەواوە و خزمەتی ئاینەکەی خۆی دەکات. لەڕاستیشدا وانەبوو، هەرچۆنێک بێت بەڵێنی دابوو کاری چاکە بکات و ڕەزامەندی خودا بەدەست بێنێت، وا بیری دەکردەوە کە بەهۆی باوەڕەکەیەوە دەتوانێت لەگەڵ خودا ڕاست بێت.

ڕۆژێکیان مانگی ئازار بوو، دوای ئەوەی (ویزلی) نەیتوانی گەشت بکات بۆ ئەمریکا، ئەوسا لە دەسەڵاتی خودا تێگەیشت و نوسراوێکی نووسی: " ئێوارەیەک بەبێ ویستی خۆم چوومە کۆبونەوەیەک لە نزیک شەقامی (ئەلدێرسگەیت)، کەسێکی لێ بوو نامەی لوسەری رۆمانی دەخوێندەوە، چارەگێکی مابوو بۆ کاتژمێر نۆ، کاتێک باسی باوەڕهێنان بە مەسیحی دەکرد و کە چۆن خودا گۆڕانکاری لە ژیانت دا دەکات، هەستم بەشتێکی سەیر کرد لە دڵم، هەستم کرد کە باوەڕ بە عیسا دەکەم، هەست دەکەم دەتوانێت ڕزگارم بکات و لە تاوانەکانم خۆشبێت."

هیـوادارم ئێـوەش هەسـت بـە هەمـان شـت بکەن لـە دڵتـان و دڵنیابـن لـە ڕزگاربوونتان بەهـۆی عیسـای مەسـیحەوە. نوێـژ دەکـەم و دەپاڕێمــەوە کـە ئـەم پەرتووکـە بتوانێـت کاریگەریەکـی باشـی هەبێـت لـە ژیانتـان و پەیوەندیتـان لەگـەڵ خـودا:

- ئەگـەر باوەرداریکـی تەواویـت ، هیـوادارم ئـەم پەرتووکە ئەزموونێکـی باشـت پـی ببەخشـێت و بتوانیـت خـۆت بخەیتـە تاقیکردنــەوە و دڵنیاببیتــەوە، هیـوادارم متمانـەت بـە خۆشەویسـتی خـودا هەبێـت و بـاوەڕت بـەوە هەبێـت کـە ژیانـی تـۆی گۆڕیـوە و ڕزگارت دەبێـت
- ئەگــەر تەنهـا بەنـاو باوەڕداریـت، وەک (جـۆن ویزلـی) ئـەوا هیوادەخـوازم ئـەم پەرتووکـە دڵتـی بەرامبـەر خـودا کردبێتـەوە، نوێـژ دەکـەم خـودا ڕێـگای ڕاسـتت نیشـان بـدات و ڕزگارت ببێـت.

هاوڕێکـەم، ئەگـەر بـاوەڕدار نیـت ئـەوا پێویسـت نـاکات کاتـی زیاتـر بەفیـڕۆ بدەیـت، بـاوەڕ بـە عیسـا بکـە و ئەوکاتـە مەسـیح دەدۆزیتـەوە و ڕزگارت دەبێـت.

## کاردانەوەمان چۆن بێت؟
## ڕەنگ دانەوە:

تەماشای ئەو نموونانە بکە کە لەسەرەتای بەشەکەوە باسمان کرد

بزانە خاڵی سەرەکی چییە و چۆن لە باوەڕی خۆیان دڵنیان؟

ئەوانەی باوەڕیان تەواو نییە چۆن خۆیان هەستی پێ دەکەن؟

بۆچـی دەبێـت بـاوەڕ و متمانەمـان بـە عیسـای مەسـیح بێـت و لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبێـت؟ ناتوانیـن بـۆ هەمـوو شـتێک پشـت بـە خۆمـان ببسـەتین؟

بۆچی باوەڕداران دەبێت دڵنیابن کە ڕۆڵەی خودان؟

چی دەبێت ئەگەر دڵنیانەبن و چ جیاوازیەک دروست دەکات؟

تۆ باوەڕداریت؟

## تۆبەکردن:

دان بە ڕێگایڕزگاربوونت بنێ و بە تاکە ڕێگای ڕوونکای بزانە

ئەگەر لەژیانت گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوە و خۆشت هەستت پێ کردووە ئەوا نوێژبکە و سوپاسی خودا بکە.

## لەبیرتبێت:

«ئێوەش کە بە هۆی گوناە و خەتەنە نەکردنی جەستەتان مردبوون، خودا لەگەڵ مەسیحدا زیندووی کردنەوە، لە هەموو گوناهەکانمان خۆشبوو.

ئەو تۆمارەی سڕییەوە کە لە ئەرکەکاندا لەسەرمان بوو، لەدژی ئێمە بوو، لەم نێوەندە هەڵیگرت و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد.» (کۆلۆسی ٢: ١٣-١٤)

بەهۆی عیسای مەسیحەوە لەنێو گوناهەکانمان مردبووین و ئێستا زیندووین، عیسا هەموو گوناهەکانمانی برد و لەخاچی دا، ئەوەی ماوە تەنها چاوەڕوانیکردنمانە بۆ لێخۆشبوون،

لێخۆشبوون دیارییەکە خودا بە خۆڕایی پێمان دەبەخشێت ئەوی بەهۆی عیساوەیە.

**ڕاپۆرت:**

داوا لـه کەسێکی نێـو کڵێسا بکـه شێوازی ژیانـت لەگـەڵ نـوسراوی نێـو ئـەم پەرتووکـه بـەراورد بـکات و تێبینـی خۆیـت پـێ بڵێـت.

# ٩

# یارمەتییەکی بچووک لە هاوڕێکانتەوە

فڕۆکەکـەم کاتژمێـر شەشـی بەیانـی گەیشـتە فڕۆکەخانـەی (هیـسرۆ)ی لەنـدەن، لەبـەر ئـەوەی زۆر بەکەمـی گەشـتی دوور دەکـەم ڕەنگـو ڕوم زۆر گۆڕابـوو و دەمـم وشـک ببـو بەهـۆی مـاوەی درێـژی گەشـتەکەوە، بۆیـە بەنێـو فڕۆکەخانەکـە دا دەگـەڕام و قاوەخانەیەکـم بینـی بـەڵام تەنهـا قـاوەی ئەمریکیـان هەبـوو.

لەکۆتایـی دا جانتاکانـم وەرگرتـوو چـاوم بـە شـوفێری تاکسـیەک کـەوت نـاوی (چـاس) بـوو، جلێکـی جوانـی پۆشـیبوو، لەلایـەن ئـەو گروپـەوە نێردرابـوو کـە قسـەم لەگـەڵ کردبـوون، هەرچەنـدە پیاوێکـی زۆر پیربـوو ئەوەنـدە پیربـوو دەمتوانـی بـە باپیـرە بانگـی بکـەم بـەڵام ئـەوەی سـەیر بـوو ئـەو بەمنـی دەگـوت «گـەورەم» بۆیـە داوام لێکـرد بـە (مایـک) بانگـم بـکات، وەک عادەتێـک زۆر حـەز بـە قسـەی فەرمـی ناکـەم حەزدەکـەم بـە شـێوەیەکی ئاسـایی مامەڵـەم لەگـەڵ بکـەن، هەروەهـا (چـاس) پێـی گوتـم : « ئێمـە ئینگلیزەکانیـن، ناتوانـم وەک قسـەی سـەر شـەقامەکان لەگەڵـت بدوێـم بـەڵام کێشـە نییـە دەتوانـم بـە نـاوی خـۆت بانگـت بکـەم»

لەڕێگاکەمـان بـەردەوام بوویـن و (چـاس) چۆنیەتـی باوەڕهێنانـی بـۆ گێڕامـەوە، بـەر لـەوەی ببێـت بـە بـاوەڕدار ئاڵـوودەی کحـول و مـادەی بـێ هۆشـکەر بـوو و هەتـا ڕۆژێـک ئافرەتێـک دێـت و تـەواوی ژیانـی دەگۆڕێـت و باسـی ڕزگاریەکـەی مەسـیحی بـۆ دەکات، گفتوگـۆی زۆرخۆشـمان کـرد لـەو ماوەیـەی لـە ڕێگابوویـن، بـەڵام کاتەکـە زوو تێپـەڕی و گەیشـتینە شـاری (لوتـۆن) داوام لێکـرد زیاتـر قسـەم بـۆ بـکات و پرسـیارم لـێ کـرد « ئـەی بەشـداری خزمەتـی کڵێسـا دەکەیـت؟ «

بـەڵام شـێوازی قسـەکانی گـۆڕا، تونـد سـوکانەکەی گـرت وبـە تورەییـەوە گوتـی « هەرگیـز ناچمـە کڵێسـا، هەمووشـتێکم هەیـە، رۆژانـە چـاوم بەکەسـانی وەک تـۆ دەکەوێـت و قسـەم بـۆ دەکـەن و فێـرم دەکـەن و گـوێ لـە پەخشـی ڕادیـۆ دەگـرم و ئەوەنـدەش بەسـە، بـۆ ئـەوەی ببـم بـە بـاوەڕدار پێویسـت بـە کڵێسـا نـاکات «

پێتـان وایـە بۆچـی (چـاس) بـەم شـێوەیە بیردەکاتـەوە؟ پێویسـتیمان بـە کڵێسـا هەیـە تاکـو ببیـن بـە بـاوەڕدار؟ یـان ئەگـەر بمانەوێـت دەڕۆیـن و ئەگـەر نەمانەوێـت ئـەوا ناڕۆیـن؟

لەلایەکەوە قسەکانی (چاس) ڕاستبوون، دەتوانیت ببیت بە باوەڕدارێکی تەواو و پێویستت بە کڵێسا نەبێت، دەکرێ ئەگەر دووکەس هاوسەرگیری بکەن و لەیەک خانوو نەژین، بەڵام واتای ئەوە نییە کە بیرۆکەیەکی باشە، هەروەها شتێکی بێ مانایە. ئەگەر باوەڕدارێک بەشداری کڵێسا نەکات ئەوا فێرکردنەکانی عیسا پشتگوێ دەخات، لەم کۆتا بەشەی پەرتووکەکە، با بزانین ئەوانەی بەشداری کڵێسادەکەن چەندە گرنگن و کاریگەری لەسەرمان چییە و چۆن بەشێکن لە پلانی خودا تاکو زیاتر بە مەسیح ئاشنابین.

## دڵنیایی و باوەڕدارانی کڵێسا

هەروەک لە نووسراوەکان هاتووە، ئەو کڵێسایەی دەیبینی چەند ئەرکێکی پێ سپێردراوە، بۆ نموونە ئامۆژگاریکردن و ڕوونکردنەوەی کتێبی پیرۆز بۆ هەموو نەتەوەکان : «کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویان هەڵبکێشن،» (مەتا ١٩:٢٨).

«بەڵام کاتێک ڕۆحی پیرۆزتان دێتەسەر، هێز وەردەگرن و بۆ من دەبنە شایەد، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.» (کرداری نێردراوان ٨:١)

هەروەها مەسح ئاماژەی بە کڵێسا کردووە وەک فێرگەیەک بۆ باوەڕداران.

هەروەک چۆن لەسەرەتای ئەم پەرتووکەوە باسمان کرد، زۆرێک لە خەڵکی گومانیان لە باوەڕی خۆیان هەیە، بەڵام قسە لەسەر شتێک دەکەن کە لێی ناترسن، زۆرکەس بە دڵ خۆی بە باوەڕدار دەزانێت بەڵام هەڵەن، هەموو جیهان تەماشای کڵێساکان دەکەن بەڵام هیچ جیاوازییەک نابینن لەنێوان باوەڕدارێک و ئەوانی تر.

بەڵام ئەگەر کڵێساکان کاری خۆیان ئەنجام دابوایە، ئەوا دۆخەکە بەم شێوەیەی لێ نەدەهات، ئەوکاتیش پێویستی نەدەکرد پەرتووکێکی لەم شێوەیە بنووسم، کڵێساکان دەبێ پڕبن لەو کەسانەی بەتەواوی گۆڕدراون و بوون بە باوەڕدارێکی تەواو، کەواتە یەکێک لە کارە سەرەکیەکانی کڵێسا ڕاگەیاندنی پەیامی ڕزگارییە، کاتێک دەچیتە کڵێسا دەبێت کڵێسایەکە پەیامەکەت بەتەواوی پێ بگەیەنێت و دڵنیات بکاتەوە، لەبەر ئەوەیە کڵێسا لە ئاوت هەڵدەکێشێت، تاکو هێزت پێ ببخەشێت و باوەڕت هەبێت، یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئەوانەی سەردانی کڵێسا دەکەن ئەوەیە کە

باوەڕداری ڕاستەقینە نیشانی جیهان بدەن.

ڕاستیەکەی، هیچ مرۆڤێک و کڵێسایەک ناتوانێت داهاتووی کەسێک دیاری بکات، بۆیە نابێت وابزانی هەموو ئەو شتانەی لە کڵێسا هەن تەواو و ڕاستن، عیسا دەسەڵاتی بە کڵێساکان داوە تاکو بەناوی ئەوەوە بدوێن، متمانە بەیەکتری بکەن و باوەڕداری نوێ لە جیهاندا دروستبکەن، هەرچۆنێک بێت هەر کڵێسایە و بەشێوەیەک بەڕێوە دەبرێت بەپێی هەستی بەرپرسیارەتی.

بۆیە با نموونەکە لەسەر (چاس)ی هاوڕێم بهێنینەوە، زۆرشتی لەسەر کتێبی پیرۆز خوێندۆتەوە و بەدڵ باوەڕی هێناوە، بەگوێرەی ئەو قسانەی بۆی کردم لەو ماوەیەی کە شوفێری دەکرد، ئێستا بەهۆی باوەڕەکەیەوە نوێنەری عیسایە، هەرکەسێک بێتە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە ئەو باسی عیسای بۆ دەکات.

بەڵام ئەی ئەگەر (چاس) هەڵەبێت؟ چی ئەگەر تۆبەی نەکردبێت؟ با ڕوونی بکەینەوە، با بڵێین ئەوکاتەی (چاس) بڕیاری دا ژیانی خۆی بگۆڕێت، هەرجارێک کەسێک لەگەڵی سەربکەوتایە نێو ئۆتۆمبێلەکە قۆڵی دەبڕی و فێڵی لێ دەکرد و خۆی لە شوفێرەکانی دیکە تووڕە دەکرد و خۆی لەبەردەم کچان هەڵدەکێشا و بە فیز بوو، بەڵام خۆشی بە باوەڕدار دەزانی، ئێستا دوو کێشەمان هەیە، یەکێکیان وادەزانێت کەسێکی باوەڕدارە دووەم خۆی وەک باوەڕدارێک نیشانی خەڵک دەدات بەڵام درو دەکات. هەمان کێشە لە کڵێساکان هەیە، بە سێ شێواز باسی دەکەین.

## لەئاو هەڵکێشان:

بەپێی کتێبی پیرۆز لەئاو هەڵکێشان ڕێگایەکە بۆ باوەڕدارەکان تاکو لە گوناهەکانیان پاک ببنەوە، لەئاوهەڵکێشان دوو شێوازی هەیە ، یەکەمیان دوای لەئاو هەڵکێشان باوەڕدار خۆی وەک شوێنکەوتەیەکی عیسا دەزانێت، دووەم متمانەی زیاتری دەبێت کاتێک لە ئاو هەڵدەکێشرێت.

بۆیە ئەگەر کەسێکی بێ باوەڕ بێتە کڵێسا و داوای لەئاو هەڵکێشان بکات، کڵێسا دەبێت کەسە تاقیبکاتەوە و پرسیاری لێبکات و دڵنیابێت کە بەڕاستی دەیەوێت تۆبە بکات بەرلەوەی لە ئاو هەڵبکێشرێت، ئەگەر بەتەواوی کارەکە ئەنجام نەدرێت ئەوا جگە لە مەلە کردنێکی نێو مەلەوانگە هیچی دیکە نییە.

## خواردنی خودا

ئەگەر لە ئاو هەڵکێشان سەرەتای باوەڕداریەتی بێت، ئەوا چۆن باوەڕدارەکان باوەڕی خۆیان بۆ عیسا دەردەبڕن و بە جەستە یەک دەبن لەگەڵ کڵێسا، ئەمەشیان دوو ڕووی هەیە.

باوەڕدارەکان دێنە سەر مێزی کڵێسا چونکە باوەڕدارن، یان کڵێسا مێز بۆ تاکەکان دادەنێت چونکە هاوڕان لەگەڵ باوەڕداران.

## ڕێی ڕاست

لەئاو هەڵکێشان و خواردنی پێشکەشکراوی کڵێسا بۆ ئەوەیە تاکو باوەڕداران دڵنیابنەوە لە تەواوی باوەڕەکەیان، ئەگەر کەسێک بتوانێت بەتەنیا خۆی بگەیەنێتە کەناری ڕزگاربوون ئەوکاتە کڵێساکان چ کارێکیان دەمێنێتەوە بیکەن.

پۆڵس ڕوبەڕووی کێشەی زۆری لەم شێوەیە بوویەوە لە کڵێساکانی کۆرتینس، پیاوێکی لێ بوو کە گوناهی هەبوو و بەردەوامیش سەردانی کڵێسای دەکرد، هەروەها کڵێسا لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بدات پیاوەکەی پشتگوێ خستبوو.

بۆیە پۆڵس نامەیەکی بۆ کڵێسایەکە نووسی تاکو کێشەکەیان چارەسەر کەن.

> «لەڕاستیدا دەنگۆی ئەوە هەیە کە داوێنپیسی لەنێو ئێوەدا هەیە، جۆرە داوێنپیسییەک کە لەنێو بتپەرستەکانیشدا نییە: پیاو لەگەڵ باوەژنی دەژییێت، ئێوەش لووتبەرزن! باشتر نەبوو ماتەمدار بن، ئەو کەسەش کە ئەم کارەی کردووە لە خۆتانی دووربخەنەوە؟ هەرچەندە بە جەستە لەلاتان نیم، بەڵام بە ڕۆح ئامادەم، وا ئەو کەسەم حوکم داوە کە ئەمەی کردووە، وەک ئەوەی لەوێ ئامادەبووبم:
>
> بە ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ، ئێوە و ڕۆحی من لەگەڵ هێزی مەسیح کۆدەبنەوە، ئەم کەسە دەبێت بدرێتە دەست شەیتان تاکو سروشتی دنیایی بفەوتێنێت، بۆ ئەوەی ڕۆحەکەی لە ڕۆژی یەزداندا ڕزگاری بێت.» (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١-٥)

پۆڵس داوای لە کڵێساکرد ئەو پیاوە دووربخەنەوە و نانی لەگەڵ مەخۆن: «بەڵام

ئێستا بۆتان دەنووسم تێکەڵی یەکێک مەبن بە خوشک یان برا ناودەبردرێت و داوێنپیسە یان چاوچنۆکە یاخود بتپەرستە و بوختانکەرە یان سەرخۆشە و تاڵانکەرە. نانیش لەگەڵ کەسی ئاوا مەخۆن» (یەکەم کۆرنسۆس ١١:٥).

لێرە دا دوو مەبەستی هەیە، یەکەم پۆڵس دەیویست باوەڕداران ئاگاداری خۆیان بن و ژیانیان بپارێزێت و ئەو پیاوە گوناهبارەش دوور بخەنەوە و پێی بڵێن : "ئەو ڕەفتار و کارانەی تۆ ئەنجامی دەدەیت لەگەڵ ڕەفتاری کڵێسای ئێمە ناگونجێت" مەبەستەکە لێرە بوو کە پیاوەکە بگەڕێتەوە و تۆبە بکات و داوای لێ خۆشبوون بکات.

دووەم کڵێسا دەبێت بە ئیشو کارەکانی خۆی هەڵسێت، پیاوەکەش گوناهبار و تاوانکار بوو بۆیە کڵێسا دەبێت کاری خۆی بکات و یارمەتی بدات تاکو بگەڕێتەوە و واز لە تاوان کردن بێنێت.

عیسا دەسەڵاتی بەکڵێساکان داوە تاکو یارمەتی هەموو کەسێک بدەن جا باوەڕدار بێت یان نا، بە لە ئاو هەڵکێشانیان و بەیەکەوە دانیشتن و خواردنی ژەمێک و ڕاگەیاندنی پەیامی ڕزگاری و فێرکردنی باوەڕداران.

بۆیە ئەگەر دەتەوێت بزانی باوەڕداریت یان نا بڕۆ بۆ کڵێسایەک کە فێری وشەکانی کتێبی پیرۆزت بکات، داوای یارمەتیان لێبکە تاکو تاقیت بکەنەوە، ئەگەر بۆت دەرکەوت باوەڕدارێکی تەواویت داوای لەئاو هەڵکێشان بکە و بەردەوامبە لە بەشداریکردن لە خزمەتی کڵێسا.

## مەیدانی باوەڕەکانمان

ئەگەر بە بیرت بێت، لە سەرەتای ئەم کتێبەدا پێنج خاڵمان داڕشت کە باوەڕی تەواوەتی بە مەسیح دەردەخات:

باوەڕبە ڕاستیەکان بکە. تۆ مەسیحینیت تەنها لەبەر ئەوەی عیسات خۆشدەوێت.

ڕقیان لێت دەبێتەوە لەبەر ئەو گوناهانەی کردوتە لە ژیانتا. تۆ مەسیحی نیت گەر چێژ لە گوناهە ببینی.

## تۆ مەسیحی نیت ئەگەر لایەنە قورسەکانی مەسیحیەتت لەلا قبوڵ نەبێت

خۆشەویستی بۆ کەسانی دیکە. تۆ مەسیحی نیت گەر خۆشەویستی و گرنگی پێدانت نەبێت بۆ کەسانی دیکە.

خۆشویستنی شتومەکەکانی ژیان. تۆ مەسیحی نیت گەر شتومەکەکانی ئەم ژیانەت لا گرنگتر بێت لە خودا.

کڵێسا دەبێت ئەو کەسە ساختانە لە خۆی دورخاتەوە، بۆ ئەوەی مەسحیە ڕاستەقینەکان زیاتر دەرکەون. ئێستا با باسی ئەوەکەین کە چۆن کڵێسا یارمەتیت دەدات ئەم خاڵانەی ئەم کتێبە جێبجێ بکەیت.

## باوەڕهێنان بە هەموو ڕاستییەکان

کڵێسا هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان، بەتایبەتی ئەو ڕاستیانەی کە خودا ناردویەتی بۆمان کە باس لە ژیانی مەسیح دەکات، زیندوو بونەوەکەی و مردنەکەی. پۆلس داوای لە تیمۆساسکرد کە قەشەیەک بو لە ئیفیسیس، کە هیچ فێری کەس نەکات جگە لە وشەکانی خودا:

> وشەی خودا ڕابگەیەنە، ئامادە بە لە کاتی گونجاو و نەگونجاو، سەرزەنشت بکە، ڕابخوڕە، ورە بەرز بکەوە، بەوپەڕی پشوودرێژی و فێرکردنەوە، چونکە کاتێک دێت خەڵک بەرگەی فێرکردنی دروست ناگرن، بەڵکو بەگوێرەی ئارەزووی تایبەتی خۆیان مامۆستا کۆدەکەنەوە قدیلکەی گوێیان بکاتەوە. بۆ ڕاستی گوێیان دادەخەن، بۆ ئەفسانە لادەدەن بەڵام تۆ، لە هەموو شتێکدا وریابە، لە ئازاردا دان بە خۆتدا بگرە، بە کاری مزگێنیدەری هەستە، خزمەتی خۆت تەواو بکە.» (دووەم تیمۆساس ٤:٢-٥)

> لەسەر هەمان بابەی، مەسیح بەرێوبەر بۆ کڵێساکانی دادەنێت، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێوبەرانە ڕاستی مەسیحیەت بپارێزن. پۆلس لە جێیەکی دیکە نوسیەیەتی، ئیتر مەسیح بە هەندێکی دا ببنە نێردراو، هەندێک پێغەمبەر، هەندێک مزگێنیدەر، هەندێک شوان و مامۆستا بۆ ئامادەکردنی گەلی پیرۆزی خۆی بۆ کاری خزمەت، بۆ بنیادنانی جەستەی مەسیح، هەتا هەموومان بگەین بە یەکێتی باوەڕ و ناسینی کوڕی خودا، ببینە مرۆڤێکی پێگەیشتوو، بگەینە ئەندازەی تەواوی پڕیێتی مەسیح. بۆ ئەوەی لەمەولا ساوا نەبین، شێواو و هەڵگیراو بە هەموو بایەکی فێرکردن، بە فێڵی خەڵکی، بە مەکر بەرەو چەواشەی تەڵەکەبازی. (ئەفسۆس ٤: ١٢-١٤ )

دەزانم پاش ڕۆیشتنم گورگی ڕفێنەر دێنە ناوتان، بەزەییان بە مێگەلەکە نایەتەوە. هەروەها لەنێو خۆتاندا خەڵکانێک پەیدا دەبن، باسی شتی خوار دەکەن، تاکو قوتابییەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن بۆیە ئێشک بگرن، لە بیرتان بێت بۆ ماوەی سێ ساڵ شەو و ڕۆژ بە فرمێسکەوە نەوەستاوم لە ئاگادارکردنەوەی هەر یەکێکتان.( کردار ٢٠:٢٩-٣١ )

بۆیە بە ئەندام بون لە کڵێسادا پەیوەندیەکانت لەگەڵ خودای ڕاستەقینە بەهێز دەکات. متمانە کردنیش بە بەڕێوبەڕەکانی کڵێسا و تواناکانیان وا دەکات پارێزراوبیت لە فێڵبازەکان کە دەیانەوێت لەسەر ڕێگای ڕاست لات بەرن.

ڕقیان لێت دەبیتەوە بە هۆی ئەو گوناهانەی کردوتە لە ژیانتا

بون بە ئەندام لە کڵێسادا دەبێت وات لێبکات کە ڕقت لە گوناهە بێت. کاتێ زیاتر گوێ لە قەشەکەت دەگری زیاتر لەمانای گوناهە تێدەگەیت، وە تێدەگەیت چەند زەرەرمەندە وە پێویستە هەمووومان بە خۆماندا بچینەوە. ئەم جیهانەی ئێستا نرخی فێرکاریەکانی ئینجیل نازانن دەربارەی ئەم بابەتە. کەناڵە تەلەفیزۆنیەکان پڕن لە شکاندی ڕەوشت و بڵاو کردنەوەی ڕق وە لەسەر جادە کانیش بەهەمان شێوەیە. بەڵام، کڵێسا ئەو جێگەیە کە نرخی خودا زانراوە وە پاکی ڕەوشتەکان چاوەڕوان کراوە.

با پەیامی مەسیح بە دەوڵەمەندی لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، بەوپەڕی دانایی یەکتری فێر بکەن و ئاگادار بکەنەوە، بە زەبوور و سروود و گۆرانی ڕۆحی بە سوپاسگوزاری لە دڵتاندا گۆرانی بۆ خودا بڵێن. (کۆلۆسی ٣:١٦)

هەروەها پیرێژنەکان فێر بکەن کە بە ڕێزەوە بژین، بوختانکەر نەبن و خوو بە شەرابەوە نەگرن، بەڵام شتی چاک فێری خەڵکی بکەن، تاکو ئامۆژگاری ژنە گەنجەکان بکەن کە مێرد و منداڵیان خۆشبوێت (تیتۆس ٢:٣-٤). بە هەمان شێوە، هانی پیاوە گەنجەکان بدە ژێر بن. (تیتۆس ٢:٦). هەروەها مزگێنیدەری عیبرانیەکان بە باوەڕداران دەڵێت بەردەوام بن لە بینینی یەکدی بۆ بەرەوپێش چونمان و هاندانی یەکدی بۆ پاکبونەوەمان:

هەروەها با ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاک. با واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین، وەک هەندێک لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو

یەکتری هانبدەین، بە تایبەتی کە دەبینن ڕۆژی هاتنەوەی مەسیح نزیک دەبێتەوە. (عیبرانیەکان١٠: ٢٤-٢٥)

بۆیە، بەشداریبون لە کڵێسادا هەلێکت دەداتێ کە بڵێی نەخێر بۆ گوناهە. لە نامەی گەلاتیا بەشی پێنج، پۆلس کۆمەڵێک گوناهە ناودەنێت کە پێویستە باوەڕدار نەیانکات:

ئێستا کردەوەکانی سروشتی دنیایی مرۆڤ ڕوونن، ئەوانیش: داوێنپیسی، گڵاوی، بەڕەڵایی، بتپەرستی، جادووگەری، دوژمنایەتی، یاخیبوون، دڵپیسی، تووڕەبوون، خۆپەرستی، دووبەرەکی، ناکۆکی، چاوپیسی، سەرخۆشی، ڕابواردن، شتی دیکەی وەک ئەمانە، ئاگادارتان دەکەمەوە، وەک پێشتر ئاگادارم کردوونەتەوە: ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن نابنە میراتگری شانشینی خودا (گەلاتیا ٥:١٩-٢١). ئایا بینیت، کۆمەڵگاکەمان پڕە لەم گوناهانە. ئەو کەسانەی کە تەنهان پێویست ناکات خەمی ئیرەی و بەخیلیان هەبێت، چونکە کەس نییە لە دەوریان وایان لێ بکات ئەو هەستانەیان لا دروست بێت. بەڵام ژیان لە کڵێسادا پڕە لە گوناه، بۆیە دەبێت لە دژیان بوەستیتەوە.

گوناهی زۆر زیاتر هەیە کە توانای سنووردارکردنت نییە، (چاس) شوفێرێکی تاکسی بوو لەگەڵ ئەوەش دا پیاوێکی باشبوو، کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو بەڵام نەدەبوو بەم شێوەیە بێ هیوابێت و بیربکاتەوە، چونکە جگە لەوەی نەیتوانیوە خۆی بناسێت بەڵکو دەرفەتی نەبووە کەسانی باوەڕداری وەک منیش بناسێت تاکو یارمەتی بدەن و خۆی لە گوناه دووربکاتەوە، چونکە ژیانی نێو کڵێسا واتا ڕقلێبونەوەی گوناه و خراپەکاری.

## دان بەخۆ دابگرە

لەبیرتە لە بەشی پێنجەم باسی ئەم نوسراوەی کتێبی پیرۆزم کرد: «لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی تاکو کۆتایی دان بە خۆدا بگرێت، ڕزگاری دەبێت» (مەتا ١٠:٢٢).

ئەوەی یارمەتیمان دەدات لە دانبەخۆ داگرتن خوشکو براکانمانن: «خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێکتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە.

بەڵکو هەموو ڕۆژێک یەکتری هانبدهن، ئەوەندەی پێی دهگوترێ {ئەمڕۆ،} تاکو

کەستان بە فێڵی گوناه دڵی ڕەق نەبێت.

بووینە هاوبەشی مەسیح، ئەگەر تاکو کۆتایی دەستبگرین بەو متمانەیەی لە سەرەتاوە هەمانە» (عیبرانییەکان ٣: ١٢-١٤).

نووسەر داوا لە باوەڕداران دەکات یارمەتی یەکتری بدەن و یەکتری هان بدەن و بەردەوام بن، باوەڕدار چۆن دەتوانێت بەتەنها بەردەوام بێت؟ لە کڵێسا.

لەگەڵ خوشک و براکانمان بەیەکەوە پەیوەندی دەبەستین و بەردەوام دەبین، کاری باشە ئەنجام دەدەین، هەروەها هانی یەکتری دەدەین تاکو بە باوەڕێکی بەهێزەوە بمێنینەوە، ئەوانەشی ئێمە دەبینن بەخیلیمان پێ دەبەن و دەیانەوێت باوەڕەکەمان لەناو ببەن «خوشکان و برایانم، ئەگەر یەکێکتان لەڕاستی چەواشە کرا و یەکێک گەڕاندییەوە با بزانێت ئەوەی گوناهبارێک لە ڕێگای گومڕایی بگەڕێنێتەوە، دەروونێک لە مردن ڕزگار دەکات و زۆر گوناهیش دادەپۆشێت» (یاقوب ٥: ١٩-٢٠).

## خۆشەویستی کەسانی دیکە

ئەگەر لەبیرت بێت، باوەڕداران ڕاسپاردەیان پێ بدراوە تاکو دوژمنەکانیان خۆشبوێت، کەسە نزیکەکان و باوەڕدارانی تریان خۆشبوێت، دەتوانین ئەو ئەزموونە لە کڵێساکان ببینین، هەروەک چۆن (دی ئەی کارسۆن) لە پەرتووکەکەی باسی کردووە (شوێنە سەختەکان)، ئەگەر باوەڕدارێکت خۆشدەوێت و پێشتر وەک دوژمنێک بوە دوژمنی خودا و مرۆڤایەتی بەڵام هەر ئەو دوژمنە وەکو تۆ لە کڵێسا فێری خۆشەویستی کەسانی دیکە بووە.

لە کڵێساکان فێری خۆشەویستی کەسە نزیکەکانمان دەبین یان ئەوانەی لە کڵێسا لەگەڵمانن، هەروەها جیهان ئەوانەی نزیکن و پێویستیان بە خۆشەویستی هەیە دووریان دەخاتەوە، بەڵام نابێت کڵێسا وەک ئەوانە بێت.

نامەوێت خۆشەویستیەکی سنووردارمان هەبێت بۆ دوژمنەکانمان و هاوڕێ و خوشک و براکانمان، بەڵام باشترین شوێنە بۆ دەست پێ کردنی ئەو کردارە. ئایا ئەو هاوڕێیە باوەڕدارەت خۆشدەوێت کە دەچێتە کڵێسایەکی تر؟ بەدڵنیاییەوە، بەڵام ئەوانەی لە یەک کڵێسان کاریگەریان لەسەر یەکتری زیاترە دەنا هیچ جیاوازیەکی نییە و هەر یەکەو بە شێوازی خۆی پەیڕەودەکات.

پۆڵس لە بەشی ئەفەسۆس دەربارەی کڵێساکان پێمان دەڵێت:

«منی بەندکراو لەپێناوی مەسیحی خاوەن شکۆ لێتان دەپاڕێمەوە بە شێوەیەک بژین شایانی ئەم بانگەوازە بێت کە پێی بانگکراون.

بەوپەڕی بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتنەوە، بە خۆشەویستی بەرگەی یەکتری بگرن.

تێکۆشەر بن بۆ پاراستنی یەکێتی ڕۆحی پیرۆز بە پشتێنی ئاشتی.

هەروەک یەک جەستە و یەک ڕۆح هەیە، بۆ یەک هیوای بانگەوازەکەتان کە بانگکران،

یەک مەسیحی خاوەن شکۆ، یەک باوەڕ، یەک لەئاوهەڵکێشان،

یەک خودا، باوکی هەمووانە، گەورەی هەمووانە، لەناو ناخی هەمووانـدا کار دەکات و لەنێو هەمووانداییە.» (ئەفەسۆس ٤: ١-٦)

هاوبەشکردنی خۆشەویستی و ئارامگرتن لەنێوانمان جوانترین ئەزموونە، ئەوانە هەمووی واتای یەکگرتووییمان دێت و دڵخۆشیەکی ئاساییە لەنێو کڵێساکان.

پێموایە هۆکاری سەرەکی بەشداریکردن یان نەکردنی بەشێک لە باوەڕداران بۆ کڵێسا بەهۆی شێوازی کڵێساکانەوەیە، ئەگەر دەتەوێت بچیتە کڵێسا دەبێت خۆشەویستیت هەبێت و خۆپەرست نەبیت و گرنگی بە کەسانی تریش بدەیت: «هیچ شتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەک بێفیز بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن. هەریەکە تەماشای بەرژەوەندی خۆی نەکات، بەڵکو تەماشای بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بکەن» (فیلیپی ٢: ٣-٤).

ئەوانە نایانەوێت باوەڕدارەکانی دیکەیان خۆشبوێت.

با ڕوونتر بین: خۆشەویستی و باوەڕدارەکان شێواون، ئەگەر بچیتە کڵێسا لەوانەیە یەکسەر کارێکت پێ بدەن، داوات لێ دەکەن خزمەتی باوەڕدارەکانی دیکە بکەیت، (لەوانەیە داوات لێ بکەن ئاگاداری منداڵەکانیان بیت) ئەوکات خۆت لەنێو کەسانی لاواز و بێهیوا دەبینیتەوە، یەکەمجار هەست بە بێزاری دەکەیت، بەڵام دەبێت خۆشەویستی مەسیحت بیربێت : «بەڵام لەنێو ئێوە ئاوا نابێت، ئەوەی دەیەوێت

لەنێوتانـدا پایـەی بـەرز بێـت، بـا ببێتـە خزمەتکارتـان. ئـەوەش کـە دەیـەوێ لەنێوتانـدا ببێتـە یەکـەم، بـا ببێتـە بەنـدەی هەمووتـان، چونکـە کـوڕی مرۆڤیـش نەهاتـووە تاکـو خزمـەت بکرێـت، بەڵکـو خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر» (مەرقـۆس ١٠: ٤٣-٤٥).

هەروەها دەبێت ئارامبگریت و ئەوانی ترت خۆشبوێت.

## مەتریالیزم (پارەپەرستی)

کڵێسا پڕیەتـی لـەو کەسانەی باشـترین گەنجینەیـان هەیـە، باوەڕدارانـی کڵێسا لەنێـوان خۆیـان پـارە کۆدەکەنـەوە تاکـو یارمەتـی ئەوکەسانە بـدەن کـە پێویسـتیانە کەسانی هـەژار و دەسـت کـورت، هەروەهـا پەیامـی کتێبـی پیـرۆز بـڵاو دەکەنـەوە، لەهەمـوو شـوێنێک پـارە و سـامان دەتـکات بـە کەسـێکی تایبـەت و جیـاواز بـەڵام لـە کڵێسـا وانییـە: «ئـەی خوشـکان و برایانـم، ئێمـەی بـاوەڕداران بـە عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان، نابێـت جیـاکاری لەنێـوان خەڵکـی بکەیـن. ئەگـەر پیاوێـک هاتـە نـاو کۆڕەکەتـان، ئەنگوسـتیلەی زێـڕی لـە پەنجـە بـوو و بەرگـی نایـاب بـوو، هەروەهـا هەژارێکیـش بـە بەرگـی پیـس، تەماشـای بەرگـە نایابەکەتـان کـرد و گوتتـان: «لێـرە دانیشـە باشـە،» بـە هەژارەکـەش بڵێـن: «لـەوێ ڕابوەسـتە» یـان «لەبەرپێـم دانیشـە،».

ئایا لەنێوان خۆتاندا جیاکاری ناکەن و بەبیری خراپ حوکم بەسەر یەکدا نادەن؟

خوشـک و بـرا خۆشەویسـتەکانم، گـوێ بگـرن: ئایـا خـودا هەژارانـی ئـەم جیهانـەی هەڵنەبـژاردووە لـە بـاوەڕ دەوڵەمەنـد بـن و میراتگـری شانشـین بـن کـە بەڵێنـی داوە بیـدات بەوانـەی خۆشـیان دەوێـت؟ (یاقـوب ٢: ١-٥)

## لەکۆتایی دا...

ئێستا هەستم بـەوە کـرد کـە ئەوانـەی لەسـەرەوە باسـم کـردووە هەمـووی نموونەیـی بـوە، کەواتـە کڵێسـا ناتوانێـت هانـت بـدات لـە باوەڕەکـەت و وابـکات کتێبـی پیـرۆز لـە خـۆت دا بەرجەسـتە بکەیـت، بـەڵام ئـەوە واتـای ئەوەنییـە نەڕۆیتـە کڵێسـا، پێویسـتە یارمەتـی باوەڕدارانـی کڵێسـا بدەیـت و خـۆت بخەیتـە نێـو تاقیکردنـەوەوە، یەکتریتـان خۆشـبوێت و ئارامبگـرن.

له کۆتا وشەکانم دەمەوێت نوسراوێکی (پۆڵس)تان پێشکەش بکەم:

«سەبارەت بە من، وا وەک شەرابی پێشکەشکراو دەڕژێم و کاتی کۆچکردنم هاتووە. تێکۆشانێکی باش تێکۆشاوم، پێشبڕکێکەم تەواو کرد، باوەڕم پاراست.

ئێستا تاجی ڕاستودروستیم بۆ دانراوە، ئەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ کە دادوەری ڕاستودروستە لەو ڕۆژەدا دەمداتێ، تەنها بۆ من نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەشە کە پەرۆشی دەرکەوتنین.» (دووەم تیمۆساوس ٤: ٦-٨)

نوێژدەکەم تاکو تۆش لە کۆتایی ژیانت هەمان شت بڵێیتەوە.

## چۆن وەڵام بدەینەوە ڕەنگدانەوە

چۆن وەڵامی قسەکانی (چاس) دەدەیتەوە کە دەڵیت پێویستم بە کڵێسا نییە؟

ئایا ئەوەی بۆ کڵێسای دەکەین بەسە یان تەنها هیوا بخوازین و بەس؟

چۆن دەتوانین لەنێو کۆمەڵگایەک بژین کە خەڵکەکەی باوەڕێکی تریان هەبێت؟

چۆن دەتوانین بەرهەمی خۆمانیان نیشانبدەین؟

## تۆبەکردن:

دان بە هەموو ئەو هۆکارانە دا بنێ کە ڕێگربوون لە بەشداریکردنت لە خزمەتی کڵێسا .

هەوڵدە سەردانی کڵێسایەک بکەیت و بەردەوام بیت لە خزمەت

**لەبیرت بێت**

«ئـەی مێـردەکان، ژنەکانتـان خۆشـبوێ، هـەروەک مەسـیحیش کڵێسـای خۆشویسـت و لەپێنـاوی خـۆی بەختکـرد،

تاکـو پیـرۆزی بـکات و بـە شوشـتنی بـە ئـاو لـە ڕێگـەی وشـەوە پاکـی بکاتـەوە،

بـۆ ئـەوەی کڵێسـایەکی شـکۆدار بـۆ خـۆی ئامـادە بـکات، لەکـە و لـۆچ و هـەر شـتێکی ئـاوای نەبێـت، بەڵکـو پیـرۆز و بـێ گلەیـی بێـت.» (ئەفەسـۆس ٥: ٢٥-٢٧)

بەبـێ مردنـی عیسـا هەرگیـز پیرۆزییەکانمـان نەدەدۆزییـەوە و لەپێنـاوی ئێمـە و گوناهەکانمـان لـە خـاچ درا، سـوپاس و سـتایش بـۆ ئـەو قوربانییـەی لەپێنـای ئێمـە دای و لـە گوناهەکانمـان خـۆش بـوو و پاکـی کردینـەوە.

**ڕاپۆرت**

داوای ڕوونکردنـەوە لـە قەشـەی کڵێسـاکەت چۆنیەتـی بـوون بـە ئەندامێکـی چالاکـی کڵێسـات بـۆ ڕوون بکاتـەوە

داوا لـە کەسـێکی کڵێسـاکەت بکـە کـە لەمـاوەی سـاڵێک چاودێریـت بـکات و تـۆش هەمـوو بەشـەکانی ئـەم پەرتووکـە لـە ژیانـی خـۆت دا بچەسـپێنت.

# پێزانین

زۆرکەس لە تەواوکردنی ئەم پەرتووکە یارمەتیان دام و زۆر سوپاسیان دەکەم.

یەکـەم ئـەم پەرتووکـە بیرۆکـەی (ئاندریـو شـیرود ) بـوو هەروەهـا بیرۆکەکـەی زۆر بـاش بـوو هەرچەنـد ئەگـەر ناونیشانەکەشـی وەک خـۆی نەبێـت،

دووەم (جۆناسـان لیـمان) زۆر یارمەتیـدام لـە چاکـردن و ڕێکخسـتنی ئـەم پەرتووکـە، بەڕاسـتی کارکـردن لەگەڵـی دا زۆر خۆشـە و کەسـێکی بـاش و گاڵتەچییـە.

سـێیەم سوپاسـگوزاری ئـەو کەسـانەم کـە لـە سـەفەرەکانم یارمەتـی و پاڵپشـتیان کردووم لـە تـەواو کردنـی ئـەم پەرتووکە.

چـوارەم سوپاسـی ئـەو خەڵکـە باشـەی کڵێسـای (گولیفـۆرد) دەکـەم، کـە زۆر هـاوکارم بـوون، باوەڕناکـەم هیـچ کڵێسـایەک هەبێـت هێنـدەی ئـەوێ لەگـەڵ قەشـەکەیان ئـاوا تێکەڵاوبـن، سوپاسـی تایبەتـی (برایـن و لێسـلی رۆی) دەکـەم بـۆ نیشـاندانی ڕۆحـی هاوڕێیەتییـە لەکاتـی نوسینی پەرتووکەکـەم

لەکۆتاییـدا هاوسـەر و منداڵەکانـم، (کینـدل، نۆکـس، فینیـس و ئیبینـزر) کـە کاتێکـی خۆشـیان پـێ بەخشـیم و وایـان کـرد خۆڕاگـر بـم لەنووسـینی ئـەم پەرتووکـە، هەروەهـا هاوسـەرەکەم (کاریـن) زۆر پاڵپشـتم بـوو هـەردەم هانـی دەدام، بەڕاسـتی ئافرەتێکـی خۆراگـر و لەسـەر خۆیـە، هەموورۆژێـک سوپاسـی خـودا دەکـەم کـە ئەوەنـدە منـی خۆشویسـتووە هاوسـەرێکی ئـاوای پـێ بەخشـیوم.

# تێبینییەکان

**بەشی یەکەم:** تەنها لەبەر ئەوەی خۆت بە باوەڕدار بانگ دەکەی واتای ئەوە نییە کە باوەڕداریت

١/ (ڕۆلد دەهل، ویلی ۆنکە {کارگەی شیرینیەکە}، دەرهێنەر: میل ستیوارت)

*(Burbank, CA: Warner Home Video, 1971). DVD*

**بەشی سێیەم:** بەخۆشویستنی عیسا نابیتە باوەڕدار

1 . James Beverly, “Comment: Buddhism’s guru, part two,” canadianchristianity.com, accessed August 11, 2010, http://www.canadianchristianity.com/cgi-bin/na.cgi?nationalupdates/040415comment.

2. Sankar Ghose, Mahatma Gandhi (New Delhi: Allied, 1991), 37.

3. Quoted in John Farrell, The Day Without Yesterday: Lemaître, Einstein, and the Birth of Modern Cosmology (New York: Avalon, 2005), 202.

4. Quoted in Thomas Schreiner, New Testament Theology: Magnifying God in Christ (Grand Rapids, MI: Baker, 2008), 331n94.

5. E.g., Rom. 11:26; 1 Cor. 1:31; 2 Cor. 3:16.

6. Leon Morris, The Cross in the New Testament (Grand Rapids, MI: Eerd-mans, 1965), 410.

7. Sam Allberry, Lifted: Experiencing the Resurrection Life (Nottingham: Inter-Varsity Press, 2010), 20.

8. Michael Wittmer, Don’t Stop Believing: Why Living Like Jesus Is Not Enough, Kindle edition (Grand Rapids, MI: Zondervan, 2008), 44.

**بەشی چوارەم:** ئەگەر حەزت بە تاوانبێت ئەوا باوەڕدار نیت

١/ مەبەستی ئێمە ئەوە نییە بڵێین کەسانی بێ باوەڕ کەسانێکی لاوازن و دوورن لە مەسیح و دەبێت پشتگوێیان بخەین، بەڵکو دەبێت فێرکردنەکانی مەسیحمان لەبیربێت (خۆشەویستی، خۆ بەگەورە نەزانین) و یارمەتی یەکتری بدەین و بەیەکەوە بژین

2. *Schreiner, New Testament Theology, 551.*

٣/

4. *Colin Kruse, The Letters of John (Grand Rapids, MI: Eerdmans, 2000), 70*

٥/ چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت و پێمان دەڵێت کە براکانمان چیان بەسەر دێت، ئەگەر دەتەوێت بەردەوامبیت لە خوێندەنەوەی ئەوا (لۆقا ١٥: ١١-٣٢) بخوێنەوە.

**بەشی پێنجەم:** ئەگەر تاکۆتایی بەرگە نەگریت ئەوا باوەڕدارنیت

١/ لەکۆتایی دا بۆت دەردەکەوێت کە ئەوانە چەند پەشیمانبوون لە بێ باوەڕیان و پێشتریش وامان دەزانی پڕن لە باوەڕ و ڕۆحی پیرۆز.

2. John Hammett, Biblical Foundations for Baptist Churches: A Contemporary Ecclesiology (Grand Rapids, MI: Kregel, 2005), 109.

3. Kruse, The Letters of John, 2.

4. The New Hampshire Baptist Confession (1833), article XI.

**بەشی شەشەم:** ئەگەر خەڵکی ترت خۆشنەوێت باوەڕدار نیت

1. Charles Dickens, A Christmas Carol (New York: Bantam, 1986), 2.

2. Ibid., 85.

٣/ بیرم له جەژنی سوپاسگوزاری دەکردەوە بەڵام هاوسەرەکەم پێی گوتم خەڵکی زیاتر حەزیان بە جەژنی ڤالانتاین و یاری تۆپی پێ و خواردنە نەوەک ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە

٤/ بۆ نموونە یەکەم پەترۆس ١٧:٢

ڕۆما ١٢:١٠ . یۆحەنا ٥

5. Quoted in Martin Hengel, Poverty and Riches in the Early Church: Aspects of a Social History of Early Christianity (Minneapolis, MN: Fortress, 1998), 67–68.

**بەشی حەوتەم:** ئەگەر ژیانت خۆشتر بوێت باوەڕداری ڕاستەقینە نیت

1. John R. W. Stott, The Cross of Christ (Nottingham: Inter-Varsity, 1986), 279.

2. Dietrich Bonhoeffer, The Cost of Discipleship (New York: Simon and Schuster, 1995), 89.

**بەشی هەشتەم:** ئایا دەتوانم بزانم باوەڕدارێکی تەواوم؟

1. Quoted in Jerry Bridges, Respectable Sins: Confronting the Sins We Tolerate (Colorado Springs, CO: NavPress, 2007), 31.

2. John Murray, The Collected Writings of John Murray, vol. 2, Lectures in Systematic Theology (Carlisle: Banner of Truth, 1977), 270–71.

3. Paul David Tripp and David Powlison, Changing Hearts, Changing Lives, session 2 (Greensboro, NC: New Growth, 2006), DVD.

4. Quoted in Mark Noll, Turning Points: Decisive Moments in the History

of Christianity (Grand Rapids, MI: Baker, 1997), 225–26.

**بەشی نۆیەم:** یارمەتی هاوڕێیانم

1. If you want a good and careful defense of this concept, see Jonathan Leeman, The Church and the Surprising Offense of God's Love: Reintroducing the Doctrines of Church Membership and Discipline (Wheaton, IL: Crossway, 2010), 182–217.

2. Theologians call the former "corrective discipline" and the latter "formative discipline."

# پێڕستی گشتی

کوڕی دەستبڵاو ٦٩-٧١
نوێبوونەوە ٣٢، ٣٧-٣٨
تۆبەکردن ٣٠، ٤٨، ٧٠، ٧٢، ٩٤، ١٢٧
زیندووبونەوە ٥١-٥٢
ڕزگاربوون ٢٥، ٧٩-٨١، ١١٤
شەیتان ٦١-٦٤
(شرینەر، تۆمس) ٦٥
هۆشیاری ١٨
باوەڕ: ٢٣، ٢٦، ٣٠، ٣٧، ٤٥-٤٦، ٨٤، ٩٤، ٩٧
بنەمای هەڵەکان ١٤٢
کۆتا لێپرسینەوە ١٨، ٢٠-٢٣
لێبووردەیی ٤٨، ٧٢، ٨٠
بەرهەمی ڕۆح ٣٨-٣٩، ٦٥، ١٢٩
خودا:
دڵخۆشبوون لە ڕزگاریی ٢٥، ٣٦-٣٧، ٤٠-٤١، ٨٦-٨٨
شانشین ٤٠
زانین ١٨
خۆشەویستی ١٠٠-١٠٣
گەڕانەوە ١١٠
باوەڕکردن ٢٩، ٤٨، ١٢٤-١٢٥، ١٢٨
کارکردن ٢٢، ٣٦، ٥٠-٥١، ٦٥، ١٢٥-١٢٦
پاساو ٣١
هێزی خودا ١٣٨
خۆشەویستی ٣٩، ٤١، ٩٥-١٠٤، ١٤٤-١٤٥
فەلسەفە ١٤٦
بەزەیی ٤١
(مۆریس، لیۆن) ٥١
(مورەی، جۆن) ١٢٧
لەدایکبوونەوە ٣٠-٤١
نیقۆدیمۆس ٣١-٣٧
گوێڕایەڵی ٦٥-٦٧، ١٠٩، ١٢٥، ١٢٩-١٣٠
زۆرداری ٨٢-٨٤
کۆڵنەدان ٨٥-٨٨، ١٤٣-١٤٤
هەژار ٩٦-٩٩، ١٠١-١٠٢، ١٠٩-١١٠
ئامۆژگاری ١٣٦-١٣٧، ٧٢

خۆپەرستی ١٤٥
گوناهە ٣٨-٣٩ ، ٤٧-٥١، ٦٠-٤٧،
١٢٤-١٢٧، ١٤٢-١٤٣
نوێژی گوناهبارێک ٢٢
بەیەکگەیشتنی ڕۆح ١٣٠-١٣١
فریودان ١١١
(ترتوکیان) ٩٧-٩٨
سامان ٨٤-٨٥، ١٠٧- ١١٨
وێزلی، جۆن ١٣١-١٣٢
شانشین ١٠٩
کارەکان ٤٠، ٥٥
کتێبی پیرۆز ٣٩
جوانی ٤١، ٨٧
بەهەشت ٢٣
پاک ٧٢-٧٣
ڕۆحی پیرۆز ٣٥-٣٨. ١٢٨-١٢٩
میواندارییەتی ٩٦
بت پەرستی ١١٣
عیسا:
شوێنکەوتنی ٢٣-٢٤، ٧٩-٨٠، ٩٥-٩٦،
١١٥-١١٧
مرۆڤ و خودا٤٨-٥٠
فێل لەخۆکردن ٢٢

# ٩نیشانەکان

## بنیادنانی کڵێسای تەندروست

## ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٣٠ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە, تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. بڕوانە لیستی تەواوی زمانەکانی ماڵپەڕەکەمان لە:

9marks.org/about/international-efforts/

9Marks.org

# ئایا بەڕاستی من باوەڕدارم بە مەسیح؟

ڕەنگە پێت وابێت کە باوەڕداری مەسیحیت، بەڵام ڕەنگە وانەبێت. هەرچۆنێک بێت، عیسا خۆی گوتوویەتی کە کەسانێک هەن بە ڕواڵەت ”مەسیحی“ن و بەناوی عیسا هەندێک کار ئەنجام دەدەن، بەڵام عیساش ناناسن. یان ڕەنگە تۆ مەسیحی نیت و دەپرسیت داخوا واتای چییە ئەگەر ببیتە مەسیحی.

بۆ دڵنیایی، لێڵی لە ڕوانگەی خوداوە نییە. خودا تێکەڵی ناکات لە نێوان ئەوانەی دەیناسن و ئەوانەی کە نایناسن. هەرچەندە بێگومان هۆشیاریمان سنووردارە، چەند پێوەرێکمان پێدراوە بەگوێرەی کتێبی پیرۆز بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی داخوا بەڕاستی شوێنکەوتەی مەسیحین.

مایک مکینلی گرینگی تاقیکردنەوەی خودی خۆمانمان نیشان دەدات و فێرمان دەکات بەبێ ترس پرسیاربکەین، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ببینین ئەگەر باوەڕدارین و بە تەواویش چی لەدوای ئەمە دێت.

”لە زۆر بواردا ئەم پەرتووکە زۆر گرنگە، ئەم پەرتووکە خزمەتی بابەتی مەسیح دەکات لە ڕێگای وروژادنی گرنگترین پرسیار کە مرۆڤ بیکات، وە یارمەتیدان بۆ وەڵامدانەوەی، کەمتر نییە. من سوپاسگوزاری (مکینلی)م بۆ ئەم گڕوتینە و گرنگیدانەی شوانایەتی کە هەیەتی و هانی داوە ئەم پەرتووکە گرنگە بنووسێت.“

ڕ. ئەلبێرت مۆلەر، بەڕێوەبەری قوتابخانەی یەزدانناسی لەئاوهەڵکێشانی باشوور

مایک مکینلی (MDiv، قوتابخانەی وێستمنستەری یەزدانناسی)، لە دوای خزمەتکردنی لە دەستەی شوانانی کڵێسای لەئاوهەڵکێشان لە کاپیتۆل هیل لە واشنتۆنی پایتەخت، لە ساڵی 2005 بانگهێشت کرا بۆ دووبارە بنیادنانەوەی کڵێسای (گلیفۆرد)ی لەئاوهەڵکێشان لە سترلینگ، ڤێرجینیا. هەروەها نووسەری پەرتووکی ”چاندنی کڵێسا بۆ ئەوانەی دەترسن.“

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

IX 9Marks
www.9marks.org